# بەسەرهاتێک لە ستۆنگ هەنجس

## ڕۆمان

**نووسینی سەربەست خەسرەو عارف**

**2008**

ISBN

**مافی کۆپیکردن و لەچاپدان بەبێ پرس و بڕیاری نووسەر لێپرسینەوەی دادگایی لەسەرە**

پەیوەندی sari-ari@online.no

تەلەفۆن 004733048041

مۆبایل 46433863

❖ بەشی یەکەم

شەوێکی گەلێک ساردوو تەمیین بوو... دلێر بۆکانی لە دەرەوەی کەنارێکی چەپەری لەندەندا؛ خۆی و تەنها پەیامێکی مەزن و مێروولەیەک. لە تەنگەبەرێکی دوورەدەستدا؛ لە کەشتییەکی تیژڕەوی لەنگەر گرتوو؛ لە کەنارێکی ڕۆژئاوای باشووردا دایانبەزێنرا. هەڵبەتە خۆی دڵنیا نەبوو لەوڕاستییە، ئایا ئەوجێگەیە کەنارێکە یان دورگەیەکە لێی دابەزی! قاچاخچییەکەن وتیان: دەستووبرد کە تا کەس پێمان نەزانێت. بەبێ ئەوەی بزانێت لەکوێیە لەکەشتییەکە دابەزی وڕێگەی گرتە بەر. چوونکە پەیامێکی زۆر تایبەتی بۆ گەلی ئینگلیز پێیەو نیازی بوو مەلیکەخاتوو ئێلیزابێت ببینێت و ئەو پەیامە تەنها و تەنها بەو بگەیەنێت. جا پەیامەکە چییە، کەس نازانێت، چوونکە گرێی دڵی خۆی بۆ کەس نەکردبووەوە. کەس هیچی دەربارەی ئەو تاکە پەیامە نەدەزانی.

دوای دووسێ ڕۆژ پیادەڕەوی...ئێوارەیەکی تەمیین وتاریک کە جگە لە هەنگاوێک دوان سیان، هیچی تری نەدەبینی. تەنها دەیویست بگاتە جێگەیەک، نزیکترین جێگە لە شاری لەندەن. بەڵام لە دوای سێ شەوو سێ ڕۆژ کوختێکی لە دوورەوە لەتەما بینیی؛ دلێربۆکانی کە لە یۆنانەوە بەقاچاخ هێنرابوو بۆ ئینگلتەرا؛ پارەی دوو دانە ساڵ حەماڵیی دابوو بە چەتە دەریاوانەکان تا بیگەیەننە ئینگلتەرەو پەیامەکەی بگەیەنێت. لەو ڕۆژەوە بەو کەنارانەدا ونبووانە دەگەڕا... هێشتا کەسی تووش نەهاتبوو، گەرچی بەنیازی خۆی هاتبوو بۆ ئینگلتەرا و نیازی بوو بگاتە شاری لەندەن. بەڵام دانیشتن نەیدەگەیاندە پایتەخت. بۆیە بە پێ بەڕێکەوت. تا لە چنگی مەرگ دەربازی بێت. سێ شەوو سێ ڕۆژ لە کرێوەدا بەڕێوە بوو، تا ماڵێک ببینێت و داوای یاریدە بکات! چوونکە برسێتی برستی لەبەر بڕیبوو. سەرماش ناخی دەتەزاند.

کەنار دەریاچەکە لەناو چڕیی تەم ومژدا، لەو شەوەدا وەک هەورێکی زەردی ئەستەم ڕۆشن دیاربوو... سێیەم شەوو ڕۆژبوو کە دلێرخۆی لە پاڵتۆکەی پەستابوو و بەشەکەتی بەدوای ماڵێکدا؛ یان کەسێکدا دەگەڕا! خەریک بوو ببێت بە شەختە. گیانی خەریک بوو ببێت بە چلوورە... وەک شەقشەقەی دەستی ساوا هەڵدەلەرزی... برسیی بوو، بۆ چوار ڕۆژ دەچوو نانی نەخواردبوو!

سالْ، سالْی 1990 ڕێکەوتی بیستوپێنجەمی مانگی زستانی ڕێبەندان بوو. ئەنجام گەیشتە بەر دەرگای کوختێکی تاریک. دڵنیایی بزەی خستە سەر لێو، تێگەیی بەهەڵەدا نەچووە. کوختێک کە لەدوورەوە بینبووی... کە تەنها ماڵ بوو لەو دوورگەیەدا کە ئەو وایدەزانی لە شاری لەندەن ـدایە، بەڵام بە دەیان کیلۆمەتر دوور!

ماڵ کوختێکی بچکۆلەی جوان و دێرین بە ڕووکەش لەسەر دیکۆری کەنیسەو مزگەوت، هەروەها شێوازی رۆکۆکی تیا بەدی دەکرا، بەڵام جێگەیەکی تا بڵێی شووم. دەتوانم بڵێم کوختێکی بچکۆلانە لەسەر گردێک کە لەچواردەوریدا دارستانێک ئەو کوختەیان حەشار دابوو، کەس ئەوێی پەی پێ نەدەبرد! بگرە نامەبەریش ئەوێ شارەزا نەبوو.

مەرگ دەستی لە ئێخەی دلێربۆکانی بەردا کاتێک گەیشتە بەر دەرگای کوختە تاریکەکە. تەنها بە تاریکیدا لەو دوورەوە توانیی لە ژێر ڕۆشنایی مانگە شەوی تەم تەنییودا ئەو کوختە ببینێت. وەک ئەوەی بە گەیشتنە ئەوێ؛ خۆی لە دەستی مەرگ قووتار کردبێت... لەبەر دەمی کوختە بێ ڕووناکییەکەدا چیچکان دانیشت.

کات لە نیوەی شەو لایدابوو. شوێن کوختێکی کۆن بوو، لە دەرەوەی شاری لەندەندا... لەوێدا کە دێر زەمانێک ئافرەتە سیحربازەکان لە شەوی لەدایکبوونی مەسیحدا ئاهەنگی شادییان دەگێڕاو لەگەڵ گیانی دارستان و بابەنوێڵدا قۆشمەیان دەکرد. هەر لەو جێگایەشدا دەیان ئافرەتی پیرۆزیان سووتاندبوو بە ناوی ئایینەوە. بەڵام ئەو دەربارەی ئەو جێگەیە هیچی نەدەزانی، چوونکە بیری لە لەشی تەزیووترو سڕتر بوو.

مێروولەیەکیش کە سێیەم ڕۆژ بوو لە دەوری دەگەڕاو بە گیرفان و ئەملاولای لەشیدا بۆ وردە نان هەر خنەی دەهات وهیچی لەو بۆ هەڵنەدەکرێنڕا! هەموو گیرفانەکانی پانتۆڵ وپاڵتۆکەی گەرابوو و بە هەموو گیانیدا هەڵزنابوو! کەچی یەک پارچە ئاردی لە هەموو گیرفانەکانیدا هەڵنەکراندبوو تا بیکاتە قووت و برسێتیی بڕەوێتەوە. بۆیە دلێربۆکانی ناچارانە مێروولەکەی لەناو مشتیدا هەڵگرتبوو و جار ناجار هەناسەیەکی نیمچە گەرمی بەسەردا دەکرد تا ڕەق نەبێتەوە. مانگە شەوێکی پڕ بوو، واتە مانگ پڕ بوو، گورگ دەیلووراند، گوێی لێ بوو، دەترسا. تەنها خۆزگەی ئەوە بوو کە خاوەن ماڵ لەماڵ بێت و دەرگایان لێ بکاتەوە. سەرەتا وایزانی خاوەنماڵ لە ماڵە و بەڵام نووستووە ! بەڵام پاش چەندجارێک لەدەرگا دان؛ کەس نەهات دەرگاکە بکاتەوە ؛ دڵنیا بوو کە کەس لەماڵ نییە. بەر لەوەی لەسەر ئەژنۆکانی دانیشێت، جارێکی تریش لەدەرگای دایەوە. دلێربۆکانی سواڵکەر نییە بەهەڵەدا نەچن. ئەو کوردێکە و پەیامێکی مەزن و گرنگی بۆ گەلی ئینگلیز پێیە.

## ❖ بەشی دووەم

لە ژوورەوەی کوختەکەدا ئافرەتێک کە بەتەنها دەژیا ! لە ترساندا کۆی چراکانی ماڵەکەی کوژاندبووەوە، چوونکە گوایە پۆلیس تەلەفۆنیان بۆی کربوو کە مرۆڤێک بەرەو ماڵی خانم دانیالا دەچێت. پۆلیس پێناسەیەکی پیاوێکی گەڕۆکیان دابوو بە خانم دانیالا. تا نەترسێت و ئەگەریش حەز بکات دەرگای لێ بکاتەوە!

چوونکە دلێر گەڕۆک بوو، بۆ پێنج ساڵ دەچوو تەقەلای ئەوەی دەدا بگاتە وولاتی ئینگلتەرە و هەر سنووراداشی تورکیاو یۆنان دەکرایەوەو هەمیشە وێڵ بوو! هەموو شارو شارۆچکە و ڕێگا تاریک و ڕۆشنەکانی ئەوروپا بە پێ گەڕابوو. وەک گەڕۆکێکی خێرمەند پۆلیسی ئەنتەر ناسیۆناڵ بەدوایەوە بوون، دووراودوور ئاگایان لێی بوو. چوونکە دەیانزانی پەیامێکی پێیە. بەڵام ئەو باکی نەبوو، چوونکە ئەنجام بە پێی خواستی پۆلیسی ئەنتەرناسیۆناڵ و بە بەلەمێکی پۆلیسێکی نهێنی ئەویان گەیاندبووە کەنارەکانی دەرەوەی لەندەن. بەڵام ئەو ئاگای لەو بەزمە نەبوو. بگرە هەر هیچی لەو بارەیەوە نەدەزانی. کوردگۆتەنی مێش میوانی نەبوو. چوونکە ئامانجی تەنها گەیشتن بوو بە مەلیکە خانمی مەملەکەتی ئینگلیز!

دانیالا خانم لەماڵ بوو، بەڵام کوونە مشکی لێ بووبوو بە قەیسەری و دەترسا؛ لەترساندا هێندەی چنگێکی مابووەوە... خۆی خزاندبووە ناو کانتۆرێکی بچکۆلەوە لە کەلەگیی کوختەکەدا. هەناسەی لەخۆی بڕیبوو دەترسا. لەچی؟ لە پیاوێکی خواناس و کۆچەری شەرقی! لە خواناسێکی دڵنەرم و وون بەدوای ئامانجێکی تایبەت و نهێنیدا. سۆفییەکی ڕێگای تەریقەتێکی تایبەت . چوونکە کاتێک کە لە پلەی زانستی لاهووتدا گەیشتە قۆناغی عیرفان ؛ لەئایین تەکییەوەو بڕیاری دا تا پەیامەکانی نەگەیەنێت باوەڕ بەهیچ ئایینێک نەکات. تەریقەتی ئەو باوەڕێکی مەزن و پیرۆز بوو. مەبەستم لە پاڵەوانەکەمە. دلێر بۆکانی. ئەو باوەڕەکانی لە گوماندا ڕاگرتبوو. چوونکە میللەتەکەی بووبوون بە سووتووی جەنگ، جەنگێکی مێژوویی و نەیدەتوانی باوەڕ بکات؛ کە ئەو هەموو نەهامەتی و دەردو ئازارانەی بە میللەتی کورد دەگات؛ بە ویست و مەیلی خواوەند ئەنجام

دەدرێن. بۆیە مەیلی لە خوێندن تەری، چوونکە حەزی نەدەکرد خۆی بەو باوەڕە نەخۆشە قابیل بکات کە شەڕ ویستەکانی خواوەندی تیایە. بەڵام ئایینەکان پەروەردەیەکی گیانیی مەزن و سامانێکی بەپیتیان لەودا بنیاتنابوو.

بەڵام هێندە ماندوو بوو، گوێی ـ لەناو قوورەی سک ـ لە هیچی تر نەبوو. بەڵام لە ژوورەوەی ماڵەکەدا؛ خانم دانیالا خۆی لەناو کانتۆرەکەدا سێ قەدکردبوو و نەک لەسەرما و لەبرساندا، بەڵکوو لە ترساندا... دوو سێ حەبی هێوڕکەرەوەشی قووت دابوو، لەگەڵ دوو گولاجی ڤالیۆمدا تا خەوی لێ بکەوێت. ترس یارییان بە گیانی ئەو دەکرد. چوونکە ئەو ژن و بارمتە و دیلی جەللادێک بوو... جەللادێکی نەخۆش، کە دوایی باسیتان بۆ دەکەم.

هەموو دونیای لێ بووبوو بە خوێن و لەهەر چاوتروکانێکدا زیندەخەوێکی سەیر و سامناکی دەدی... دانیاڵ خانم هێندە نەخۆش بوو، هێندە لە پیاو دەترسا نەبێتەوە! بۆیە ناهەقی نەبوو... باوەڕی نەک بە پۆلیسیش نەدەکرد، بەڵکوو وای دەزانی بە دەسیسەی پۆلیس ئەو پیاوەی بۆ دەنێرن تا بیکوژێت. تا بیخوات و تەعدای لێبکات؛ چوونکە دانیالاخانم نەخۆشیی دووفاقی= شیزۆفرێنی ـ لەگەڵدا بوو، پەرکەم دەیگرت و دووچاری هێستێریا دەبوو. بۆیە دەمانجەکەشی لەمیلدا لەسەر پێ بوو... پڕ چەک بوو بە ترس و بە نەخۆشی...

لەبەر دەرگای کوختەکەدا دلێربۆکانی هەڵدەلەرزی و خەریک بوو ڕەق دەبووەوە...تەماشای کزەڵیی مێرولەکەی دەکرد... مێروولەکە ڕووی تێکرد و فەرمووی: ئەرێ زەحمەت نەبێت چەند ڕۆژی تر چاوەڕوانی خاوەن ماڵ دەکەیت تا بگەڕێتەوەو پرسی خواردنی لێ بکەیت؟ فەرموومی تا سێ کاتژمێری تر.

- هەستە وەژوور بکەوە، تۆ دز نییت و کەس ناتوانێت تاوانبارت بکات بە دز. چوونکە تۆ سێیەم ڕۆژە ماندوو شەکەتی. هەستە، وەژوور بکەوە، خاوەن ماڵ لەماڵ نییە و ماڵی خۆتە، گەر نیاز پاکیت و تەنها دەتەوێت ژەمەخۆراکێک بخۆیت، بڕۆ ژوورەوە. قفڵی دەرگاکە بشکێنەو برۆ ژوورەوە و خۆت تێر بکە ؛ تا منیش لەبرسانا نەمرم!.

دلێریش بە مێروولەکەی فەرموو: گوڵی من ئەی نازداری ڕەشپێستی جوان، ئاخر پێم نەنگییە بەبێ ئیزن بچمە ناو ماڵێی کەسێکی نەناس.

- ئاخر گەر وەها نەکەی ؛ ئەوا هەردووکمان لەبرساندا دەمرین.

- جا بلێین چی؛ باوەڕ ناکەم، دڵنیام خاوەنماڵ تاوێکی تر دێتەوە.

- ئەی ئەگەر نەهاتەوە؟

- ئەگەر نەهاتەوە، ئەوا ناچار دەبیین بیرێکی ڕاست بکەینەوە، بیرێکی جوان لە بیرەکانی بەڕێزت، ئەی مێرووڵەی گیان. بەڵام ئەگەر حەز دەکەیت سەرپشک بە؛ کێ تۆیەکی وردیلانە دەبینێت و حسابت بۆ دەکات؟ کێ دەتبینێت تا هەست بە هەڵە بکەیت، پاشان تۆ بە مانگێکیش هێندەی ژەمێکی من نان ناخۆیت، بڕۆ لە درزی ژێر دەرگاکەوە خۆت بکە بە ژووردا و چیت دەوێت بخۆ!

- بێگومان بە کە خواوەند دەمانبینێت، جا گوناح چی گەورە تا بجووک هەر گوناحە، مێرولە بین یا مرۆڤ، گوناهەکانی گشتمان وەک یەکە لە بارەگای خوادا، ئەی بەڕێز کاک دلێر، من خۆم خەجاڵەتی خوای خۆم ناکەم گەر بەر لەتۆ ئەو کارە بکەم.

- من دەزانم کە خواوەند لە هەموو گووناهەکانت خۆش دەبێت.

- من لە پێناوی لێخۆش بووندا یان لە ترسا خواپەرستی ناکەم، بەڵکوو من لە پێناوی باوەڕی خۆمدا دەژیم، دەمەوێت هەست بە بوونی کەرامەتی خۆم بکەم. بۆیە ڕاپرسیی جەنابیشتان دەکەم.

- ئەگەر تا کاتژمێرێکی تر خاوەن ماڵ نەهاتەوە، ئەوا بە قسەت دەکەم، وەژوور دەکەوم تا لەبرس و لەسەرمادا ڕەق نەبیینەوە.

ئەنجام دوای تێپەرینی کاژێرێک، خاوەنماڵ نەهاتەوەو کەس دیار نەبوو. پاشان بەناوی حەزرەتی مێرووڵەوە فەرمووی: ئەی فریشتەکانی دەروونم، بمبوورن؛ بەنیاز پاکی بەنیازی گەرمبوونەوەو ژەمەخۆراکێک دەرگای ئەم ماڵەم بۆ بکەنەوە. وای فەرموو و دەرگاکە کەوتە سەرپشت... فریشتەیەکی کیژۆڵەی چاوشین و قژ زەرد لە دەروونیەوە دەرپەڕی و دەرگای کوختەکەی بۆ خستنە سەر پشت و ناو کووختە بێ کارەباکەی بۆ کردن بە چراخان. پاشان فەرمووی لەوو لە حەزرەتی مێرووڵە کرد تا دابنیشن و ئازاد بن.

دلێر بۆکانی چاوێکی گێڕا بە ناو کوختەکەدا... ئەوەی بینیی تەنها حەپەسانی تووش کرد سەری سووڕما! واقی وڕما! چی بینی خوایە!... لەناوەڕاستی ژوورێکی کۆنی نیمچە تەسکدا! لە دەرەوەی شاری لەندەن، لەو چەپەرە ڕێیەدا، ماڵی ئافرەتێکی ئێرانی! تابلۆی ئافرەتێکی ئێرانی! تا بڵێی جوان، هێندە جوان بوو؛ نە بێتەوە. تابلۆکە بە غەمزەی چاوێکی خوماری شازادەیەکی پرچ لوولی چاو پڕ لە برژانگ و برۆی هیلال ؛ وەک وێنە مینیاتۆڕەکانی نەقاشیی مامۆستا دێرینەکانی سەردەمی ساسانی، وێنە کێشرابوو؛ نا،

دەتگووت فریشتەکان گشتیان ئیلهام لە جەماڵی ئەوەوە وەردەگرن کاتێک کە خەونەکان بۆ ئەو دەچنن! زۆر سەیر بوو لە لای... ڕەق و ووشک هەڵهات. هەستی دەکرد لە دەرەوەی ماڵەکەدا مردووەو تەنها گیانی وەژوور کەوتووە! بۆ کوێ؟ بۆ خوودی دەروازەی بەهەشت. چوونکە لە ژیانیدا جوانی وەهای لە هیچ ووڵاتێکدا بەبینیبوو... جوانیی فریشتەیەک لە فریشتەکانی مایکلئانجلۆ یان کاراڤاجیۆ! هێندەی لەدەست هات لەسەر ئەژنۆ نووچ داداو نوێژێک بەدیار جوانییەوە بکات. خانم دانیاڵیش لە کوونە درزێکی جێ کلیلەوە کە خۆی دروستی کردبوو بۆ حاڵەتێکی وەها، شەوژەنی لە دیوی ناوەوەی کانتۆرەکە قفڵ کردبوو، بگرە خوودی کانتۆرەکە وەها بوو کە دەچووە سەر کەلەگییەکە... لەو درزەوە مێملی و چاودێریی ئەوی دەکرد، تەماشای دەکرد، لەترسا هەڵدەلەرزی... سەیری لێدەهات، نەیدەزانی ئەو ڕۆشناییە چییە لەناو ماڵەکەیدا نووری دەپرژێت! چوونکە ناو هۆڵەکە بەجۆرێکی تر ڕۆشن بوو. چوونکە دلێر هیچ سویچێکی دەست بۆ نەبرد تا گڵۆپەکان دابگیرسێنێت! پێدەچوو لە دۆخێکی گیانیدا خانم دانیاڵ کەمێک هێوڕ بوو بێتەوە، دەنا زریکەی لێ هەڵدەستا، دەنا ئەو هێندە مەتیین نەبوو خۆی ڕابگرێت! چوونکە گیانی هاتبووە سەر کونە لووتی بەر لەوەی دلێر بۆکانی وەژوور بکەوێت! تەنانەت دەنگی دەرگا کردنەوەیشی گوێ لێ نەبوو!

❖ بەشی سێیەم

کاتێک دلێر ئەو تابلۆیەی بینی، مێروولەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە! مێروولەکە کەوتە ناو شەکردانەکەوە... زۆری نەبرد لەناو شەکردانەکەدا ڕەنگی سپی سپی بووەوە. بە خۆشییەوە فەرمووی: ها دڵت خۆشە؟! هەست نەکەی بۆ ماڵێکی بێگانەم هێناویت، ئێرە کوختی خانمێکی ئێرانییە. ئەو لە ئەهلی فریشتەکانە و دڵی پاکە. جا گەر حەز دەکەیت بگەڕێ و شتێک بۆ خۆت پەیدا بکە تا برسێتیت بڕەوێتەوە. بەڵام دلێر گوێی لەهیچ نەبوو... تەنها دەستەو ئەژنۆ لەبەر دەمی تابلۆیەکی شێوە مینیاتۆڕدا؛ ناخوود ئاگا نوێژی دابەست و چەند جارێک سەری دانەواند و سووپاسی خواوەندی کرد کە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندو لەو کاتە ناهەموارەدا ئەو جیهانە جوانەی نیشانی ئەو دا!... لەبەر خۆوە لەخۆی پرسیی: تۆ بڵێی نەمردبم و ئەم بەهەشتە بچکۆلەیەم لەچارە نووسرابێت!؟ تۆ بڵێی هێشتا زیندوو بم!؟

بەڵێ، ساغ و زیندو بوو، بەڵام ئەوەی لەهەموو شتێک زیاتر ئەوی حەپەساندبوو، تابلۆی ئافرەتێکی ئێرانی بوو بە دیوارەکەوە کە بەرامبەر دەرگاکە لە تەک هۆڵی پاش تەنگەبەری ڕاڕەوەکەوە دیار بوو. باوەڕی نەدەکرد لە ڕاستیدا هەبێت هێندە جوان بێت، چوونکە لە ژیانیدا سەدان تەرز، جوانیی ئافرەتی ئێرانیی دیبوو... دڵ و بیرو یاد و دەروونی پڕ بوو لە شیعرەکانی حافیزو سەعدی و هەزاران جوانی بێ نموونەی دیبوو! لەڕاستیدا سەردەمی لاوێتیی خۆی تەنها بە ئەدەبی کلاسیکییەوە بەسەر بردبوو بەر لەوەی ببێت بە گەڕۆک، بەڵام جوانیی وەهای هێشتا بە چاوانی نەدیبوو. بۆیە هەستیکرد لە بەهەشتدایە. چوونکە هەر کە وەژوور کەوت، ڕاستەوخۆ تەنها تابلۆکەی بینی، چوونکە فریشتەکە تەنیا ڕۆشنایی خستە سەر وێنەکەی ئەو ئافرەتە ؛ لەوماڵە تاریکە چۆڵەدا کە بۆنێکی شوومی لێدەهات، شوومییەکی دێرین.

وەک ئەوەی یەکەمجاری بێت جوانی ببینێت! برسێتیی لەبیر چووەوە! تەنها دۆشداماوو دەمداچەقاو بەدیار تابلۆکەوە ووشک بوو، تا کەوتە سەر ئەژنۆ! خانم دانیالا لە تەنگەبەری درزێکەوە تەماشای دەکرد. وێنەکە ئافرەتێکی ڕەنگین پۆشبوو، لە دۆخی نیوە دانیشتندا، دانیشتبوو چاوەڕوان ؛ لە دۆخی بیرکردنەوەیەکی قووڵدا... سەیری دەرەوەی چێوەی وێنەکەی دەکرد و سەری کەمێک لار کز کردبوو. تەماشای شتێکی سەیری دەکرد، کە کەس نازانێت! سیمای تێکەڵ بە ڕەنگی شەبەق و ئاوێزە، بەڵام تۆخ، ئافرەتێکی داپۆشراو و داوێن پاک، وەک فریشتەیەکی سەر ئەرز.

دلێر بۆکانی زۆر دڵی چوو بە تابلۆکەدا، بۆ یەکەمجار لەژیانیدا بڕیاری دا ئەگەر ئەو ماڵە جێبهێڵێت، بەبێ ئەو تابلۆیە لەو ماڵە وەدەر ناکەوێت. چوونکە وەک ئەوەی سیحری لێکرابێت. لەبەر دەمی تابلۆکەدا لە هەستێکی خۆشەویستیی سەیردا مت بوو بوو و نوێژی دەکرد، بۆ جوانی ، بۆ تابلۆیەک کە نەیدەزانی کێ وێنەی کێشاوە، دەستکردە یان فۆتۆ، چوونکە بەر لەو شەوە، ئەو هێندە سەرگەرمی جیهانی وێنەو تابلۆ نەبوو. چوونکە ئەو قووتابیی ئایین بوو. بەڵام باوەڕی تێکچووبوو، باوەڕی بەوە هێنابوو کە خۆشەویستیی بۆ مرۆڤ تەرخان بکات، تا لەوێوە بە وەجد بگات. لەسەر ئەوە مامۆستاکانی ئایین تۆمەتی شێتییان خستبووە پاڵ و لە قووتانخانە ترۆیان کرد. ئەم باسەشتان لە بەشەکانی داهاتوودا بۆ دەگێڕمەوە. ئەو شەوە زیاتر لە کاتژمێرێک بەدیار ئەو وێنەیەوە حەپەساو داما.

## ❖ بەشی چوارەم

بەر لەوەی هەنگاو بەرەو دەستی چەپی هۆڵەکە هەڵهێنێت بەرەو ئاشپەزخانەکە... کۆمەڵێک کتێب سەرنجی دلێریان ڕاکێشا... فریشتەکە تیشکی ڕووناکیی خستە سەر کتێبخانەیەکی بچکۆلە... سەرنجی ئەوی بەرەو کتـێبەکان کێش کرد... چووە پێش، بینیی هەرچی کتێبە پیرۆزەکانە لە کتێبخانەکەدایە ؛ گوڵزاری سەعدی و خافیزو مەولەوی و عومەر خەیام، قورئان و بایبل و کۆنفۆشیۆس و سارتەر و سوهراب و صادق هیدایەت و پەروینی ئیعتیسامی و فروغ و عارەب شەمۆ و تاگور و کتێبی فەلسەفە و دەروونناسی و ئەدەبیات و دەیانی تر... کاتێکی زۆری بە ڕامانەوە بردە سەر؛ هێندەی تر حەپەسا. هێندەی تر حەپەسا کە چاوی کەوت بەو هەموو کتێبانە! دەستووبرد بیری سەردەمی لاویی کەوتەوە... بە حەپەساوی تەماشای تابلۆکەی خانمەکەی دەکردو چاوی دەگێڕایەوە سەر کتێبەکان و خۆزگەی دەخواست کە خاوەن ماڵ خوودی هەمان تابلۆ و خاوەنی ئەو هەموو زانستە دێرینە بێت ... چوونکە لەهەر ڕوانگە و گۆشەیەکەوە هەستی دەکرد تابلۆکە سەرنجی ئەو دەدات و خۆشەویستیی ئەو سەرشار دەکات... بزەکانی ڕوو لەو بوون. بەڵام بەدەم تەماشاوە سەیری کتێنەکانی دەکرد و ناوی کتێبەکانی دەپشکنی... باوەڕی نەدەهات، چوونکە دەیزانی لە دەرەوەی شاری لەندەندا ڕێگەی هەڵە کردووە، بەڵان نەیدەزانی ماڵی کەسێکی ئێرانی لەوێدا چی دەکات! ناو ماڵەکە تاریک بوو، چوونکە فریشتەکە بچکۆلانە بوو، حەزی نەدەکرد تەواوی ماڵەکەی بە جارێک نیشان بدات... چوونکە ئەوە کارێکی سامناک بوو.

لەناکاو لە توێی یەکێک لە کتێبەکانەوە؛ پاڵەوانێکی بچکۆلە دەرپەڕی و سیحر ئاسا هاتە بەر دەمی و شاگەشکە ، بە دەنگی پڕ لەگریان هاواری لە دلێربۆکانی کرد: بابە، ئەوە چی دەکەی لێرە!؟

ئەویش بەسەر سووڕماوی تەماشای سەر ڕەفەی کتێبخانەکەی کرد، بینیی ئەوە، زۆراب !... ئای ئەوە تۆی زۆراب گیان؟ چۆن توانیت لەداستانەکان دەرباز بیت کوڕم؟! ئای...

دلێر بۆکانی بەر لە زۆراب ، دایە پڕمەی گریان، بەر لەوەی لەپی دەستی بۆ ڕابخات تا بچێتە سەر دەستی، باڵای هێندەی باڵای ئەو گەشایەوە لە ژوورەکەداو باوەشی پیادا کرد.

یان پێکەوە باوەشیان بە یەکتریدا کرد... فەرمووی: ئەوە چی دەکەی لێرە بابە؟ کێ تۆی هێناوە بۆ ئەم مەملەکەتە؟ چۆن گەیشتییتە ئێرە؟

ئەویش فەرمووی: کوڕم ژیان گۆڕاوە... ئێستا سەردەمی ڕۆستەم و زۆراب نەماوە، گەرچی ئەژدەهاکەکان و دێوەکان زۆر بوون؛ مرۆڤەکانیش وەکوو جاران نەماون، کورد ئاوارەی هەموو جیهان بووە، ناومان لە ئێران و تووران زیاتر بەدناوتر بووە وەک لە ناو میللەتانی بێگانەدا. ئەوەی ڕاستی بێت من لەبرسا هاتوومەتە ئەمماڵەوە! کاتێک دلێر بۆکانی وەهای فەرموو؛ زۆراب مووچڕکە بە گیانییدا بەرقئاسا تەوژمیکرد و لەهەمان ئەو چاوتروکانە خەیاڵ بزوێنەدا قەبارەی وەک تۆزێک لەوەو پیش بچووک بووەوە!

فەرمووی: بەڕاستە بابە؟! تۆ هاتوویت لە ماڵی خانمێکی ئێرانییدا، لە لەندەن بۆ پارچە نانێک بگەڕێیت؟ فەرمووی بەڵێ؛ من پەناهەندەم کوڕم، خۆ من چییدی ڕۆستەمەکەی جاران نییم... ئێستا لەم ژینەدا بە مرۆڤێکی بێ ووڵات ناسراوم.

زۆراب خۆی بۆ ڕانەگیرا، دایە حەشمەتی گریان و بە کتێبەکەدا هەڵگەڕاو خۆی خزاندەوە ناو هەمان لاپەڕەی کە لێوەی هاتە دەر.

دلێر بۆکانیش دڵی پڕ بوو، کاتێک سەرنجێکی خێرای بە جیهانی فەنتازیای خۆیدا گێڕا... فریشتەکە کە بەر دەمی تابلۆکە و کتێبخانەکەی بۆ کردبوو بە چراخان لەغەمی فەرموودەکانی نێوان زۆراب و دلێردا تاریک داهات و کوژایەوە... دلێرسەری بەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەدا دانەواند و کەمێک کەوتە یادی سەردەمی لاوییەوە، چوونکە ئێستا ئەو سییوحەوت ساڵانە. ساڵانێکە دەربەدەرو بێووڵات و بێکەس و بێکارە... لەم نامۆییەدا دووچاری هەزاران جار حاڵەتی برسێتی و دەرد هاتووە... بەڵام حەز دەکات بژی، چوونکە ئەو عیشقی تەماشا دەخوێنێت لە جیهانداو دەگەڕێت و لە تەماشاکانی مرۆڤەکانەوە فەلسەفەی خامۆش فێر دەبێت. هاوڕێی گیانلەبەر و تەیروو توور و زیندەوەرە بچکۆلەکانە. هەر بۆیەشە ئەو مێروولەیە هاوڕێیەتی و بۆ چوار ڕۆژ دەچێت نا ئومێدانە خواخوایەتی پارچە خۆراکێک لە گیرفانەکانیدا بدۆزێتەوە تا لە برسا نەمرێت! بەڵام ئەو توانیی لە ڕەقبوونەوە بیپارێزێت، توانیی ئەویش لەگەڵ خۆیدا وەک هاودەنگێک، وەک هاوڕێیەک هەڵبگرێت، چوونکە نەیدەزانی چۆن خۆی بە ودا هەڵزناندبوو خۆی کردبوو بە هاوڕێی کۆچ وگەشتەکەی! پاشان بە زرنگیی خۆی، خۆی لەوکردبوو بە ئامۆژگاریکەر و مامۆستاو ئوستاد، وانەی سەبری فێرە دلێر دەکرد، کەچی بەر لەوەی دلێر مشووری خواردن بخوات ئەو خۆی هەڵدایە ناو شەکردانەکەوە.

لەو خەیاڵانەدا هەستی بە ئارامییەک کردوو کەمێک گەرمای بووەوە،، بەڵام هێندە شەکەت بوو کە توانای نەبوو ڕاست ببێتەوەو خۆی بگەیەنێتە ژووری نانخواردن یان چەند پارچە

قەندیک بخاتە ناو دەمیەوە، بەڵام زۆری لەخۆی کرد، خۆی پەلکێش کردوو دووپارچە قەندی نایە ناو دەمی و لەتاریکییدا خۆی لەسەر کورسییەکی یارێنە گرمۆڵە کردو تەماشاکانی لەسەر ڕوخساری تابلۆکە چەقیان دەبەست... ناهەقی نەبوو هەست بەوە بکات کە مردووەو لەبەهەشتێکی کوخت شێوەدا خەو دەبینێت. تۆ بڵێی ژیان هێندە خۆش بێت دوای مردن!؟ نازانم! بەڵام ئەو زیندوو بوو، هەروەها منیش حەز ناکەم مردووەکان بێنمە ژێرباس و بیانکەم بە پاڵەوانی چیرۆکەکەم. من کاری وەها ناکەم.

❖ بەشی پێنجەم

دانیالا خان لەودیوو دەرگای کانتۆرەکەوە گێژ بوو، بەڵام ترس بواری نەدەدا ڕاکشێت و بنوێت. زۆر دەترسا! ترسێکی نەخۆشانە. چوونکە مێردەکەی جەللاد بوو.

بۆیە لەودیوەوە، لەو درزەوە هەر تەماشای دەکردوو ؛ دەیویست ڕوخساری دلێربۆکانی ببینێت. چوونکە دلێر پشتی لەو ئاستە بوو کە ئەو تەماشای لێوە دەکرد.

دلێر باوەڕی نەدەکرد ئەوە ڕاستی بێت، هەستی دەکرد دەستێکی پیرۆز یان چەپەڵ زاڵە بەسەر ئەو دیمەنانەدا کە تووشی دەبوون لەو شەوەدا. بەڵام بێترس بوو، چوونکە نیازی پاک بوو. لەسەر کورسییەکە لەماندوویدا، پاش ئەوەی کەمێک گەرمای بووەوە خۆی بە ئاستەم بزواندو کورسییەکە کەوتە سەمایەکی چەند جوولە ؛ خەریک بوو چاوی دەچووە خەو.

خەوی لێکەوت، خەوێکی قووڵ. شەوێک... تا بەیانی... بەیانی تا ئێواە، ئێوارە تا شەوی داهاتوو هەمان کات. بەڵام لە دەرەوەی کوختەکەدا بارانێکی زۆر بەتەوژم دەباری... لەو نێوانەدا، لەو شەوو ڕۆژەدا دانیالا خانم خۆی بۆ نەگیرا، هەمان دەمەو بەیان بەر لە ڕۆژ هەڵاتن لە کانتۆرەکە هاتە دەرو دەمانچەی میل لەسەرپێ دانابوو؛ لە کانتۆرەکە بەبێ چپە، وەک شەقشەقە هەموو گیانی سەمای دەکرد... زۆری پێ چوو تا خۆی تاوداو دانی نا بە جەرگی خۆیدا تا بێتە دەرێ و دەمانچەکەی لەسەردا خاڵی بکاتەوە. ئەنجام گەیشتە سەر دلێربۆکانی ؛ هاتە بەر دەم دلێر بۆکانی و بە دەمانچەکەی نیشانەی لەسەر دڵ و ناوچەوانی دەگواستەوە بەدەم لەرزی ترسەوە . بەڵام دلێر بۆکانی لە خەوێکی زۆر قووڵدا پرخەی دەهات. مێش میوانی نەبوو.

دانیالاخان هێندەی مشتێکی مابووەوە لە ترساو دڵێری لێ بووبوو بە خێو... دەمانچەکەی بۆ هەڵنەدەگیرا لە ترساو نەیدەتوانی؛ بگرە نەیدەزانی بیتەقێنێت. نیشانەیەکی لەرزۆکی لەسەر دڵی دلێر گرتبووەوە، ئەگەر خوانەخواستە بهاتایەو چارەنووس بەغیلیی بە دلێر بردباو بە هەڵە بێداری کردایەتەوە، یەکوو دوو دەکوژرا، لە ترسا، لە حەشمەتا. چوونکە خانمی دانیالا نەخۆشیی شیزۆفرێنی و هێستیریای هەبوو. باوکی تاجیرێکی چەکفرۆشی ئێرانی بوو... ئەوی بە بارمتە دابوو بە جەللادێکی توورک تا پارەی ئەو چەکانە دەدات کە بە قەرز لەویکڕیبوون تا دزەیان پێبکات بەرەو سنوورەکانی توورکیاو ئێران و عێراق؛ بۆ قڕکردنی میللەتی کورد. چوونکە ئێران و توورکیا خەریکی مەشقکردن بوون بە کۆمەڵێک زۆڵە تورک و زۆڵە فارس و کورد و عەرەب ـ لە ئینگلتەرا ؛ کۆمەڵێک مرۆڤی ڕووخاوو سەرلێشێواوو نەخۆش و دیلی بێتاوانیان و سەقتکردوی جەنگی کەنداویان کردبوو بە دێو... وەک دێو دەیانکرد بە قوڕگیانداو؛ وەک دێو پەروەردەیان کردبوون بۆ لێدان لە سومعەی دۆزی کورد.

چوونکە ئەوان بە دەسیسەی ئیسلام و عەرەب دەیانویست سوومعەی کورد تێکبشکێنن لە جیهاندا، نەک تەنها ئەنتەر ناسیۆناڵ. دەیانویست کورد نەهێڵن، دەیانوویست ناوی کورد پیس بکەن. بۆیە باوکی دانیالا تا ئەو ڕادەیە بێ ڕەحم بوو، کە دانیالای تاقانە کچی خۆی کردبووە بارمتە و لای تاجیرێکی ئینگلیز دابنابوو... بە متمانەی دەستبەسەری؛ وەک متمانە لە بری ئەگەری نەگەڕاندنەوەی پارەی ئەوچەکە دزراوانەی کە دەیبردن بۆ تیرۆریستەکان... بۆ ئەنسارو مووقتەداو شێخەکانی ئەملاولا. تا ئەگەر بێت و نەتوانێت پارەی چەکە بە ڕەشفرۆشراوەکان بدات؛ ئەوا ئەو تاجیرە کچەکەی بۆ مەبەستی خۆی بەکار ببات. چۆنی بووێت وەهای بەسەر بەرێت!

دانیالا تەمەنی بیستوو دووساڵان بوو. باوکی بە دەسیسەیەکی گەلێک تایبەت هەڵیخەڵەتاندبوو، ئەوی وەها ناردبوو کە کارێکی پیرۆز بکات و دەبێت بە نووسەری شیعرەکانی ئاڵتن جۆن ـی گۆرانی بێژی ئینگلیز. بۆ ماڵی بازرگانێکی هاوڕێی توورک ڕەگەز کە بە ڕەچەڵەک عەرەبە و کاری بازرگانی دەکات لە لەندەن... تورکە عەرەبێک کە ناوی جەلادەت بوو؛ ئەوی سپاردبوو بەو کاتێک بە کچەکەی ووتبوو دەتکەم بە بەناوبانگترین شاعیری جیهان.

بە دانیاڵی ووتبوو: کچم تۆ دەچیت بۆ لەندەن، لەوێ بابایەکی پیر دێت و دەتبات بۆ خۆشترین جێگە لە لەندەن، تا لەوێ تۆ دابنیشیت لە تەنهاییدا شیعر بۆ گۆرانی بێژی بەناوبانگ ئاڵتن جۆن بنووسیت؛ بەوەش نازناوی وڵات و فامیلمان هەتا هەتایە سەر بەرز ڕادەگریت.

بەڵام ئەوە سێیەمساڵە دالیا لەو کوختەدا تەنها دەژی. لەگەڵ خێویکی جەللادی تورک و فارس و عەرەب و ئینگلیزی زمان،، کە لەناکاو هەفتەی جارێک دووجاردێت و کەمێک خواردنی بۆ دەهێنێت و چیی بوێت لە بەدڕەفتاری بەوی دەکات، پاشان لە جەزای دواکەوتنی پارەی قەرزەکانی باوکیدا، بە جەڵدە لێدان ئازاری دەدات. دالیا خانم نازانێت ئەو دێوە جەللادە کێیەو کوێندەرییەو شکڵی چۆنە... چوونکە سوویچی کارەبای کوختەکە لە دەرەوەی ماڵەکەدایە و دانیالا ڕووناکی لە ماڵی بەدەرە و تەنها بە دیار مۆمەوە دەنووسێت. بەڵێ: دانیالاخان هێشتا شیعر بۆ ئالتن جۆنی بەناوبانگ دەنێرێت، کە کەس نازانیت! تەنانەت ئالتن جۆن خۆشی نازانێت کە ئەو گۆرانییانەی دەیلێێت بە خەون و بە سەرخۆشی لە خانم دانیاڵەوە وەریان دەگرێت، چوونکە خانم دانیالا مرۆڤێکی سامناکە لە داهێناندا. شیعرەکانی ئاوێتەی گولزاری سەعدی و فروغ و سوهرابی سپوهری و پەروینی ئیعتیسامییە. لەوان مرۆڤێکی شاعیری مەزنی داهێناوە، کە دەتوانێت چاوەکانی بنێتە سەر یەک و ئیلهام بگەیەنێت بە جیهان و گیانی مرۆڤاتەتی بسمێت. دانیالاخان جوانێکە، شوخێکە دەگمەن لە جوانی و ژیری و داهێناندا، وا نەزانن من بە خراپ باسی دەکەم، نا! بە هەڵەدا نەچن، چوونکە دانیالا لە پەرستگا پیرۆزەکانی منە.

دانیالا شاعیری مەزن زۆر لە مەستوورە کارا ترە و مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ئەدەبیاتدا. جا باسی توانامەندیی ئەو تەواو نابێت ئەگەر بێت و من لێرەدا هەوڵی ئەوە بدەم تا باسی ژیانییتان بۆ بکەم. یان دەبێت پەنا بەرمە بەر عایشەشان تا وەسفی ئازارەکانیتان ، یا باسی داستانی جوانییتان بۆ بکات. جوانیی جەوهەرداری گیان و بەشکۆ.

چوونکە ئەو تا بڵێی جوانە، تا بلێی پیرۆز و ژیرو خاوەن کەرامەتە لە ئەدەبیاتدا. بگرە یەکەم شاعیرە لە جیهاندا کە توانیویەتی بە خەون وانەی شیعرو گۆرانی بگەیەنێت بە شاعیران و گۆرانی بێژانی هەموو جیهان.

کەس ئەو توانامەزنەی نەبووە ئەو کارە بکات. ئەو خۆی بووە بە سرۆش و بە ئیلهام و بە خەونی مرۆڤە هەستیارەکان.

بۆیە دەستەکانی دەلەرزین لەترسا، بۆیە دەمانچەی بۆ هەڵنەدەگیرا... بۆیە ئەگەر بهاتایەو خوانەخواستە چاوی بکردایەتەوە بەدەم خەوەوە ڕاستەوخۆ گلوولەیەک سەردڵی دەسمی، یان ناوچەوانی دەپێکاو مێشکی دەپژاند... دەنا دلێر بۆکانی لە بێدار بوونەوەدا بەلای کەمەوە زیندەقی دەچوو و لە ترساندا گیانی دەردەچوو. چوونکە خانم دانیالا بۆ سێساڵ دەچوو زیندان بوو لەو کوختەدا... لەو ماڵەدا. سێ دانە ساڵ بوو ژێردەستەی ئەو دێوە جەللادە بوو.

بەڵام خەڵکینە مەترسن، دەمانچەکەی دەستی دانیالای شاعیر منداڵانەو پلاستیکییە. جەللاد زادە بە دیاری بۆی هێنابوو تا جنۆکەکانی پێ بترسێنێت لە شەوانی تەنهاییدا. جەللاد زادە کە خاوەنی دانیالا بوو، ئەو دەمانچەیەی بۆ ئەو بەدیاری هێنابوو، کاتێک کە شەوێکیان دانیالا بە زمانی ئینگلیزی بە جەللادزادە دەڵێت: بە شەوان دەترسم.

بۆیە خەمتان نەبێت، دلێربۆکانی گەر بێت و خەبەری ببێتەوە، دەشێت لەترسی ڕووخساری ئەو گیانی دەر بچێت، چوونکە دانیالا هێندە لاواز و بێنەوازو ماندوو نەخۆش بوو، کە شێوەی مرۆڤ و ڕەنگی ئادەمیی پێوە نەمابوو. سپی سپی بووبوو، دەتگووت بۆیە کراوە... دەتگووت گووشیویانەو تەڕایی لە لەشیدا نەماوە.

بەڵام دوو چاوی گەورە، دوو چاوی ڕەش و برژانگ و برۆی هیلالی هێندە پڕ و گەورە دەمووچاوی ئەویان پڕ کردبووەوە کە جوانییەکی پڕشکۆیان دەبەخشی بە بینەر!
جوانییەکی ترسێنەر لە شکۆی خواوەند، لە جەلادەتی مەزنیی کەرامەتی ئافرەتدا . ئافرەت بە مانای ووشە، لەو ئافرەتانەی کە لەپێناوی دادو ڕاستیدا سووتێنران لە هەمان جێگەدا کە هەمان کوختی لێ دروستکراوە. چوونکە ئەو جێگەیە شوومترین جێگە بوو لە شاری لەندەن کە تەنها پۆلیس و هەندێک مشتەری =کرێگرتە شوێنیان دەزانی. چوونکە لە سەردەمەکانی ڕابردوودا، لەوێدا ئافرەتانی ئەجندەو سیحرباز و عارفیان پێکەوە دەکرد بە سووتەمەنیی ئاگر. لەو جێگەیەدا دەیان ئافرەتی بێتاوان سووتێنرابوون. ئەوێ هێشتا پڕ بوو لە زریکەی پەپوو، ئەو پەپووە شوومانەی کە دەوەڕین... وەو، وەو...

بۆیە چاوەکانی تەنها مەملەکەت و دەسەڵاتی دانیالا خانمی ئێرانی بوو، لە دەستێ بەرگی سپیدا، لە پرچێکی لوولی پڕ قەفی درێژ و لەدەستێک بەرگی سپیی دڕاوو چڵکندا، کە بۆنی نێرگزو ڕێحانەی گیانی ئەویان لێ دەهات.

بەڵام بینینی شکۆی جوانی، بۆ یەکەم جار هەر کەسێک بیبینێت ـ دەترسێت. جوانی شکۆیەکی گەلێک سامناکی هەیە. وا نەزانن جوانی تەنها بریتییە لە ویستی خۆش و هەستی لەززەتی کاتی و مادیی و شتو مەک و تڕوو تەشقەڵەی . من باس لەو جوانییانە ناکەم کە زادەی مادده و دەستکردی مرۆڤن، ئەوانە جوانیی ڕۆژەکی و لاوەکی و تەرفیهیین. من باسی ئەو جوانییە دەکەم کە گیان دەسمێت، کە هەندێکجار بۆ لەحزەیەک بەر هەستی مرۆڤی خەوتوو دەکەوێت. جوانییەک کە باس لە پلەکانی زانستی گیانی دەکات. کە دلێر بەلاوی دەربارەی فێر بووبوو لە شیعردا.

من باسی ئەو جوانییە دەکەم؛ جوانیی گیانی، کە زۆرجار تەماشاو هەستیاریی پێغەمبەرەکانیش بەهەڵەدا دەبات ؛ هەڵبەتە مەبەستم لە هەڵەی یەقینە. چوونکە دەشێت لەو دۆخەدا کە جوانی پرشنگی دەگەیەنێت بە تەماشاکەر، تەماشاکەر لە ترسا بە هەڵەدا بچێت.

بۆیە دەشیا ئەگەر دلێر بۆکانی بێدار بایەتەوە، دەشیا لە ترساندا گیانی لەدەست بدات. چوونکە دەبوو بە یەکەم چاو پێکەوتن لە نێوان ئەوو دالیا خانمدا... لە دۆخی ترساندا یان لە مەیلی بینینی جاوەکانیدا!

چوونکە ترس مرۆڤ سامناک دەکات. ترس گیانلەبەرێکی زۆر ناشرینە، مرۆڤ لەوەتەی ترسی داهێناوە، کەرامەت و شکڵ و ناوەڕۆکی مرۆڤ و ئافرەتیان پێ شێواندووە، شێواندنێکی وەها، کە چییدی ئافرەت لە ئافرەت ناچێت، کە مرۆڤ لە مرۆڤ ناچێت، چوونکە جێگەی داخە کە ئێمەی مرۆڤ، شێوە و جەوهەری خۆمان لەیاد نەماوە. نازانیین کە مرۆڤ خاوەنی بەسامترین شکۆیە. بەو مەرجەی نەترسێت.

بەڵام دالنیال گیان تووشی نەخۆشیی هێستێریا هاتبوو، ترس هەڵمەتیان بۆ ئەو هێنابوو، ترس ئەویان داگیر کردبوو. بۆیە دەمانچەکە لەدەستیدا وەک شەقشەقە دەلەرزی و ئاو لە چاوەکانییەوە، پەرکەم لە دەمییەوە کەفی دەکردوو بەرامبەر بە دلێربۆکانی نیشانەی گرتبووەوەو لە دۆخێکی مەبەستدارانەدا ئامادە بوو بیتەقێنێت، لە بارێکدا ئەگەر دلێر لە خەو بێدار بوایەتەوە.

چوونکە دانیالاخانم نەک نازانێت کە دەمانچەکە ڕاستی نییە، بەڵکوو نازانێت چۆنیش بیتەقێنێت! بەڵکوو تەنها وەک پێشتر لە فلیمەکاندا بینیبووی، دەبێت پەنجە بنێتە سەرمیلی دەمانچەکە و فشاری بدات تا گلوولەکان بتەقێنێت. هەر هێندەی دەزانی، دەنا نەیدەزانی دەمانچەکە گەمەیەکی منداڵانەیە و هیچی تر.

بەڵام ئەو دەمانچەکەی دژی کەس بەکار نەبردبوو، هەر کاتێکیش یان هەر ناوەختە کاتێک کە جەلادەت زادە پەیدا دەبوو، ئەو لە ترسا کونە مشکی لێدەبوو بە قەیسەری و نەیدەزانی هانا بەرێتە بەر چی کەلەبەرێکی تاریک.

کات بەرەو بەیان دەچوو و دانیالا خانم ماندوو بوو، گێژ بوو، خاو دەبووەوە و نەیدەزانی چی بکات، چوونکە باوەڕی نەدەکرد ئەوە مێردەکەی بێت، باوەڕی نەدەکرد کە پۆلیس ڕاست دەکات کاتێک بە ناوی ( هەڵبەتە بە ناوی پۆلیسەوە) تەلەفۆنیان بۆ ئەو کردوو باسی هاتنی ئەویان بۆیکرد. چوونکە تەلەفۆنی خانم ناتوانرێت پەیوەندی بە دەرەوە بکات و تەنها هەواڵی پێ دەگات. بۆیە دەشێت تەلەفۆنەکەی لە خودی دەستووپێوەندی جەلادەتەوە پێ گەیبێت. بۆیە پاش ماندوو بوون بەلادا هات و سەری کەوتە بەر پێی ئەو کورسییە یارییەنەییەی کە دلێر بۆکانی لەسەری خەوی لێکەوتبوو. مێروولەکەش بە دەم مژینی شەکروە لە شەکردانەکەدا دانیشتبوو، تەماشای ئەو سینەما مەزنەی دەکرد. بەڵام بێباک بوو نەدەترسا، چوونکە ئەو ـ ئەو فلیمەی دیبوو. بەئامۆژگاریی ئەو دلێر بۆکانی گەیشتە ئەوێ، چوونکە مێروولەکە لە غەیب شارەزا بوو.

❖ بەشی شەشەم

دلێر بۆکانی هەمان دیمەنی ڕاستیی بە خەو دەبینی! لە خەویا لە ناو هەمان ماڵ و کوختدا لەسەر هەمان کورسی ڕاکشابوو، لە خەویا ئافرەتێکی سپی سپی پرچ درێژ و قەفئەستوور و چاوگەشی برۆ هیلالیی دەبینی ! سەری دەسووڕما، چوونکە لە مرۆڤی ئەستێرەیەکی تر دەچوو، لە مرۆڤی یووفۆ دەچوو... دوو چاوی گەورەی پرشنگدار و بەسام... لە ژوور سەریەوە ڕاوەستابوو، تەماشای دەکرد. دلێر خۆی لە خەوندا وەک یادێک دەبینی و ئاگاداری بەسەر هاتی خەونەکانی بوو، دەیزانی کە خەون دەبینێت و لە خەونەکەدا ئەو مرۆڤەی دەدی کە لە ڕاستییدا هەم تابلۆکە بوو هەم دانیالا خانم بوو. کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو تابلۆیە دەچوو کە شەوێ بینیی، ئەو کاتەی کە وەژوور کەوت.

بینیی ئافرەتێک لەژوور سەری ڕاوەستاوە و کتێبێکی سپیی لەدەستە، لێی نووسرابوو:
پەیامی خواکان!

هەر لە خەونیدا بیستی ئافرەتەکە سالمایەکی زۆر هێمن بەسەر ژوور سەری ئەوەوە دەخوێنێت، ئاوازێکی هێندە حەزین کە خوودی ئافرەتەکە فرمێسکی دەتکا لە سۆزی نەواو دەنگی خۆیدا. سالماکە سێجار دۆعای ئامیینی بە دەنگێکی پڕ سۆزی کەنیسەی بەسەر دلێردا خوێند و هێمنیی بەخشی بە ناخی گیانی. پاش خوێندنی سالماکە، دلێر چاوەکانی کردەوە،، تەماشای کەرامەتی نیگای ئافرەتە نوورانییە سپی پۆشەکەی کرد... کە پرچیشی سپی بوو، کە لەهەمان تابلۆ دەچوو کە بەر لە نووستن مەست بوو پێی.

کاتێک کە تەماشای دانیالای فرمێسک لەچاواندا قەتیسماو کرد... هەردوو مشتی خۆی بە حەشمەتەوە ڕاگرت، تا بە ڕێکەوت تنۆکە فرمێسکێکی گەش بکەوێتە ناو لەپی دەستەکانی و بینۆشێت، چوونکە هەستی بە تینوێتی دەکرد ؛ زۆر مووشتاق بوو شفایەکی دەروونیی چنگ بکەوێت. تینوێتییەکی خرۆشێنەر و بێدار کەرەوە؛ چوونکە لەوەی فامی کردبووەوە تینووی ئەو دیدارە بوو... هەستی بە بەختیاری دەکرد، بەختیارییەکی تەنها لەخەونەکاندا شیاو، چوونکە خەوێکی زۆر خۆشی دەبینی. هەستی دەکرد هێشتا لە بەهەشتدایە و دەشێت

مردبێت. له‌ خه‌ونه‌که‌یدا خۆزیار بوو بێدار نه‌بێته‌وه‌. چوونکه‌ نووستن له‌ مه‌رگا مرۆڤ ده‌گه‌یه‌نێت به‌ جه‌وهه‌ری کامه‌رانیی هه‌میشه‌یی و ئازادی .

به‌ڵام فریای گرتنه‌وه‌ی تنۆکێک فرمێسک نه‌که‌وت تا بینۆشێت، بۆیه‌ له‌ خه‌ونه‌که‌یدا ڕاچه‌نی ، چوونکه‌ له‌ خه‌ونیدا هه‌ستایه‌ سه‌ر پێ تا باوه‌ش به‌ ئافره‌ته‌که‌دا بکات و بیپارێزێت له‌ که‌وتن و له‌ هۆش خۆ چوونی، چوونکه‌ ئافره‌ته‌که‌ کتێبه‌که‌ی ده‌ستی لێ که‌وته‌ سه‌ر زه‌وی و به‌لادا هات، وه‌ک ئه‌وه‌ی بمرێت، یان به‌ته‌واوی له‌ هۆش خۆی چوو. به‌ڵام بێدار نه‌بووه‌وه‌. هێشتا خه‌ونی ده‌بینی.

کاتێک که‌ فریا نه‌که‌وت ئافره‌ته‌که‌ بگرێته‌وه‌ و نه‌هێڵێت ئێشی پێبگات، خوورپه‌ له‌ دڵی هه‌ستا، زۆر دڵی بریندار بوو- به‌وه‌، هه‌ستی کرد زه‌بر به‌ر ناخی ده‌که‌وێت.

به‌ڵام ئه‌وی کرده‌ باوه‌ش و به‌ره‌و جێگه‌یه‌کی یه‌کنه‌فه‌ری که‌ له‌ هه‌مان هۆڵدا بوونی هه‌بوو، ئه‌وی گواسته‌وه‌ و له‌سه‌رجێگه‌که‌ به‌ ئاسپایی ڕایکشاند... پاشان که‌مێک له‌و درزه‌ ته‌سکه‌ ڕوانیی که‌ له‌ چاوه‌کانیدا ئاسته‌م واڵا بوو، هه‌ستیکرد ته‌ماشای جوانترین جوانی ده‌کات له‌ جیهاندا. جوانییه‌کی بێ نموونه‌، له‌ فریشته‌کان جوانتر.

پاشان به‌ ئه‌سپایی گه‌ڕایه‌وه‌ تا کتێبه‌که‌ هه‌ڵبگرێته‌وه‌، ئه‌و کتێبه‌ی له‌ ده‌ستی ئافره‌ته‌که‌ بوو، که‌ لێی نووسرابوو په‌یامی خواکان. بینیی له‌سه‌ر ئه‌و لاپه‌ڕه‌یه‌ شیعرێک نووسراوه‌، به‌ ناوی سالماوه‌، ئه‌مه‌ش ده‌قی شیعره‌که‌ بوو که‌ له‌ خه‌ونیدا خوێندی: ئامیین... ده‌نگی ئاوازی گیانه‌.

فریشته‌کان به‌ سۆزی هه‌ستیان له‌ بوونه‌وه‌ردا ده‌یخوێنن.

به‌و ئاوازه‌ بوونه‌وه‌ر؛ ده‌توانێت به‌ پرشنگی؛ تیشکی مه‌زنی هه‌میشه‌یی له‌ فه‌نتازیادا داهێنێت. ئامیین، ئامیین. ده‌نگی هه‌ستی بوونه‌وه‌ره‌کانه‌. ئامیین.

که‌ ئه‌و شیعره‌ی بینی، له‌ ژێریدا نووسرابوو دانیالا جه‌مشید، سه‌ری سوڕما، به‌ده‌م خه‌وه‌وه‌ فه‌رمووی: عه‌جه‌با! پاشان کۆمه‌ڵێک له‌ شیعره‌کانی ئه‌وی خوێنده‌وه‌.

دره‌نگانێ،کتێبه‌که‌ی نزیک له‌ شه‌کردانه‌که‌ دانا! ته‌ماشایه‌کی ناو شه‌کردانه‌که‌ی کرد تا سووپاسی مێرووله‌که‌ بکات. بینیی مێرووله‌که‌ له‌ خه‌نده‌یه‌کی شاددا، پرخه‌ی دێت و وه‌ک منداڵی ته‌نهای تازه‌ له‌دایک بوو، په‌نجه‌ گه‌وره‌ی خۆی ده‌مژی و خه‌نده‌ی ده‌کرد به‌ده‌م خه‌وه‌وه‌. به‌ئه‌سپایی چپاندی به‌سه‌ر شه‌کردانه‌که‌دا و فه‌رمووی: سووپاس بۆ گیانی مێرووله‌ی سپی، که‌ منی هاندا به‌ره‌و ئێره‌ بێم.

پاشان تەماشای سەر جێگەکەی دەکرد کە خانمەکەی لەسەر ڕاکشابوو... بەرەو لای پێی ئەو چوو، لە دۆخی ڕاوەستاندا تەماشای هەیبەت و جوانیی کەرامەتی ئەوی دەکرد و زیاتر دڵنیا دەبوو کە خەون دەبینێت و ئێستا نا تاوێکی تر بێداری دەبێتەوە.

پاشان خەونەکەی لەخۆوە گۆڕا بۆ بابەتێکی تر، بۆ خەونێکی تر، لە خەونیدا بینیی دوو فریشتەی منداڵ شێوە هاتن بۆ لای، بینیی لە ناو دێڕەکانی کتێبی پەیامی خواکانەوە، کە بە کراوەیی لەسەر مێزەکە بوو، دوو فریشتە بە چەپکێک گوڵەوە وەدەر کەوتن، هاتنە بەر دەمی دلێر بۆکانی و سڵاویان لە گیانی پاکی ئەو کرد و فەرموویان: سڵاو لە گیانی دایک و باوکی پیرۆزەوە، ئەم چەپکە گووڵە دیاریی بەڕێزتانە بۆ ئەم ماڵەی کە تیایدا پشوو دەدەیت، گیانی دایک، گیانی باوک نیازمەندن ئەم جێگەیە ببێت بە مەنزڵگەی مرۆڤی پیرۆز، جا لێرە بەدواوە مرۆڤی پەست و شەرخواز گیانی دەر دەچێت بە هاتنە ژوورەوە بۆ ئێرە. پێشکەشی بکە بەو مرۆڤەی کە دەیبینیت. پاشان ئەنگووستیلەیەکی سپییان نیشان داو پێکەوە فریشتەکان فەرموویان: ئەم ئەنگووستیلەیەش کە نەخشی مرواریی مێروولەیەکی سپیی تیادایە پێشکەشە بەو مرۆڤەی کە تۆ لەژیانتدا خۆشت دەوێت.

کاتێک وەهایان فەرموو فریشتەکان، دلێر لە خەو ڕاچەنی و هەستایە سەر پێ! لە خەو بێداری بووەوە. بەڵام نە کتێبی بینی، نە چەپکە گوڵ، نە ئەنگووشتەوانە... بەڵام بینیی ئافەرتێکی لاوازی پرچ درێژی نیوە مردوو و سپی ڕەنگ لە بەر پێیدا کەوتووە! کە بینینی تەنیا ئەوی دووچاری حەپەسان کرد، حەپەسانێکی سەیر و پڕ لە بەزەیی، ئافرەتێک بە دەمانچەیەکەوە، کە تێنەدەگەیی! کە هەوڵی دا بە ئاستەم و بە ئەسپایی سەرپەرشتیی بکات، تا بزانێت داخوا دەژی، یان لەهۆشخۆچووە، یاخوود مردووە! ناچار بوو گوێ لە تەپەی دڵی بگرێت، بەڵام بەر لە تەپەی دڵ ، هاڵاوی هەناسەیەکی کەمێک گەرم لە درزی نێوان لێوەوە گەییە بەر بۆنی دلێر و تێگەیی کە ئافرەتەکە دەژی و هەناسە دەدات. بۆیە بە ئاستەم ئەوی کردە باوەش و ئەوی بەرەو تەختی نووستنە تاکییەکە گواستەوە کە لای گۆشەیەکی هۆڵەکەدا بوو، کت و مت لەو جێگەیەدا کە لە خەونەکەیدا ئەوی لەسەر ڕاکشاند. ئەوە یەکەم بینین بوو. بینینی دالیاخانم. هەموو سنگیشی سوور بوو بە ڕەنگی خوێن، چوونکە دانیالاخان پاش خاڵیکردنەوەی دەمانچەکەی دەستی بەلادا هات! چوونکە تەقەی لە سەر دڵی خۆیشی کردبوو. بۆیە زۆری خایاند تا دلێربۆکانی هێوڕ بێتەوەو لە ترس و زەندەقچوون ڕزگاری بێت، چوونکە درەنگ تێگەیی کە ئەو تەنها ڕەنگی بەسەر ئەوو خۆیشیدا تەقاندووە! سەیر بوو لە لای، منداڵانەو دوودڵ کەمێک بە خۆی پێکەنی.

سەیرە! بەڕاستی سەیرە، دەڵێی چارەنووس یاری بە مرۆڤەکان دەکات، چۆنی بووێت وەهایان بەسەر دەهێنێت! چوونکە چارەنووس دەسەڵاتی بەسەر ژیاندا کەمە، بەڕاستی

ژیان زۆر ئازاری هەندێک لە مرۆڤەکان دەدات. جا با بزانیین چۆن!؟ بەڵام بەر لەوەی وەڵامێکی درێژ بۆ ئەم پرسیارە قوورسە داتاشم پێتان دەڵێم: چوونکە ژیان پڕ بووە لە جەلادو خوێن خۆر و خۆفرۆش و مرۆڤی سەقەت. مرۆڤەکان لە ناوماندا کەم بوونەتەوە. دیوەکان زۆر بوون و بە جیهاندا بڵاو بوونەتەوە.

❖ بەشی حەوتەم

دلێر بۆکانی کاتێک بێداری بووەوە و بینیی ئافرەتێکی هێندە سپی پێست کە دەتووت ساڵانێکە خۆر بەر جەستەی نەکەوتووە، لە بەرگێکی سپیدا لەبەر دەم کورسییەکەدا دەمانچە لەدەست و لەهۆشخۆ چوو کەوتووە؛ سەری سووڕما... ئەوی بە ئاستەم گواستەوە و گەڕایەوە هەمان جێگەی خۆی و لە گوومانێکی سەیردا بیری دەکردەوە چی بکات؟ بڕوات یاخود بمێنێتەوە؟ چاوەڕێی بێدار بوونەوەی ئەو ئافرەتە بکات، یان نا؟ نەیدەزانی چی بکات!

بۆیە نادڵنیا و کەمێک سەر سووڕماو گەڕایەوە هەمان جێگە و لە سەر کورسییەکە دانیشتەوە. لەوێدا بوو بواری بۆ ڕەخسا بە هەموو هۆڵەکەدا سەرنج بدات و تەماشای چوار دەوری خۆی بکات. بەڵام هەرچییەکی دەبینی نا شایانی باوەڕ بوو، چوونکە ماڵێکی کۆن، زۆر کۆن بوو، هەموو شتەکان کلاسیک و ئەنتیک بوون، باوەڕی نەدەهات کە ئەوەی دەیبینێت ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە. تەنانەت کتێبەکان گشتیان ئەو کتێبانە بوون کە خۆی لە ساڵەکانی ڕابردوودا هەیبوون، تەنها بە سەرنجدان لە کتێبەکان باوەڕی دەهێنا کە لە ڕاستیدایە و خەون نابینێت، چوونکە دەیتوانی دەستیان بۆ بەرێت و دڵنیا بوو لەوەی کە کتێبەکان ڕاستیین.

پاشان بە چاو ڕەفەی ناو کتێبخانەکە دەگەڕا، دەیویست سۆراغی ئەو کتێبە بکات کە لە خەونیدا بینیبووی؛ هەڵبەتە کتێبی پەیامی خواکان، چوونکە هەستی دەکرد ئەو کتێبەی نەخوێندبووەوە، هەستی دەکرد سەرقاڵی گەڕانە بە دوای هەمان کتێبدا، کە وای دەزانی شیعری سەلماکان؛ ئەو شیعرانەی لە خەویدا خوێندنیەوە و گوێی لێ بوو لەوێداو بە زمانی کوردی نووسرابوون یان تۆمارکرابوون، ببینێتەوە و جارێکی تر بیخوێنێتەوە... بەڵام ئەو کتێبەی نەدەبینی. هەوڵی دەدا ناوەڕۆکی خەونەکەی یاد بهێنێتەوە، بەڵام ماندوویی ڕێگەی بەو نەدەدا! نەیدەزانی چی بکات! بمێنێتەوە یاخود دەبێت بڕوات! ئایا ئەو ئافرەتە تەنها بەجێ بهێڵێت یان چاوەڕوان بێت تا بێداری دەبێتەوە، تا دڵنیا بێت لە تەندروستیی خاوەن

ماڵ! تێنەدەگەیی بۆچی ئافرەتەکە هێندە شەکەت و لەڕو لاواز و نەخۆشە! نەیدەزانی بۆچی ئافرەتەکە دەمانچەیەکی یاریی منداڵانەی لەدەستە و توونە گرتوویەتی!

بەدەم ئەم بیرانەوە جار ناجار تەماشای تابلۆکەشی دەکرد و هەڵی دەسەنگاند بە نیگای خانم دانیالا و دڵنیا نەدەبوو لەوەی کە تابلۆکە خوودی هەمان ئافرەت بێت! چوونکە دوو جوانیی سەرسوڕێنی دەبینی، دوو جوانی کە هەر یەکەیان تەبا نەبوو بەویتریان و لە کێشەیەکی مەلابەزێندا گفتووگۆی دەرونییان لە دەروونی ئەودا دەڕێسا!

بەڵام خانم دانیالا ئەو تابلۆیەی لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، تابلۆی خوودی خانم دانیاڵی ئێرانی بوو کە لەولاوە بە لاوازی و لەهۆشخۆچوو لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو. خەونی دەبینی، خەوێکی زۆر سەیر. لە خەونەکەیدا بینیی لەناو دارستانێکی خۆشدا لە ناو کەژاوەیەکدا ڕاکشاوە، کەژاوەیەکی ڕەنگیین، دوو ئافرەتی جوان لەبەر پێیدا و دوانیش پاسەوانی بەر پەردەی کەژاوەکەی بوون،، بینیی لە دەستی ڕاستەوە پەردەی کەژاوە واڵا بوو، گوێی لە حیلەی ئەسپێکی ڕەسەن بوو دەیحیلاند و بۆنی سوارێکی کرد، سوارێکی تایبەت کە پێدەچوو لەو سوارانە بێت کە شازادەکانی سەردەمی دێرین چاوەڕوانییان دەکرد، کاتێک کە لە نەبەرد دەگەڕانەوە لەگەڵ شەڕی دێوەکان.

چوونکە دێر زەمان مرۆڤ زۆر لەگەڵ دێوەکاندا جەنگان تا دەست بەسەر جیهاندا نەگرن. کاتێک کە پەردەی کەژاوە واڵا بوو، زۆری نەبرد مرۆڤێک لەناو پەردەی کەژاوەکەدا ڕاوەستا و تەماشای خانم دانیالای کرد. خانم دانیالا وەک فریشتە لەبەر ئەو هەستا و چوو بە پیرییەوە، بە ماچێکی زۆر مووشتاقانە لێوەکانی ئەکترییان ڕامووسی و بۆنی یەکترییان کردو تەماشاکانیان گۆڕییەوە.

پاشان بەوی فەرموو: بەخێر بێیتەوە. زۆر دەمێکە چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆ دەکەم، سەبرم لێبڕاوە بۆ بیستنی داستانی نەبەردەکانت لەگەڵ دێوەکاندا، دەی گیانی من، تا بێدار نەبوومەتەوە باسی ئەو نەبەردانەم بۆ بکە کە دووچاریان بوویت، چیت بینی، برینداد نەبوویت! ؟ چەند دێوت کوشت؟ ئایا خێوەکانت تەفروو تووناکرد؟

پاڵەوامەکە کە ڕەنگی لە برۆبز دەچوو، دەتگووت خوودی ڕۆستەمی زاڵە، بە دەم بزەیەکی سەر لێوەوە دەستەکانی خانم دانیالای ماچ کردوو فەرمووی: بە دڵ و بەگیان، منیش حەز دەکەم باسی گیرۆدە بوونی دێوەکانت بۆ بکەم.

دانیاڵخانم پرسیی: ئەی شوێنەواری خوێن لە کیفی خەنجەر و شمشێرو سەری ڕمەکانتدا نابینم، لەوە ناچیت کەسێکت کوشتبێت! فەرمووی: ئەمە ڕاستە، چوونکە پاڵەوان کەس ناکوژێت، جا چی پاڵەوانێکە ئەوەی شیرو تیری ڕق لەیەکتری هەڵدەسوێت و ساردو گەرم تێکەڵ دەکاو تەڕو ووشک گڕ تێبەردەدات. گوێبگرە خانمی شیرین، من کاتێک کە

دەکەومە نەبەرد، بەتەماشا شەڕ لەگەڵ دێوەکان دەکەم، چوونکە دێوەکان مەخلووقاتێکی بچکۆلەن و دەتوانن بەبێ ئەوەی بزانیین بچنە ناو لەش و بیرمان و هەزاران بەڵاو دەردوو نەخۆشی بتەننەوە لەناوماندا. ئەوان بچووکن، پیسن، مرۆڤ نابێت لەگەڵیاندا بکەوێتە شەڕەوە، چوونکە تەنها تەماشاو ووتە کار لەوان دەکات، تەنها تووڕە بوون سروشتی ئەوان هەپروون و بێ شوێنەوار دەکات. بۆیە من کاتێک کە دەچمە نەبەرد لەگەڵیاندا، دەیاندوێنم، ڕێگەیان دەدەم تووڕەیی خۆیان دەربىڕن و چییان لە دەروونداية هەڵیڕێژن، چوونکە بەم کارە ئەوان بچووکتر دبنەوە و لغاوگیر دەبن و هەندێکجار خۆیان لەخۆوە مردار دەبنەوەو لەناو دەچن؛ چوونکە زۆر لە کەرامەتی مرۆڤ دەترسن. هەن لەناویاندا نادوێن، نابیستن، کوێرن، کەڕن! بێ بەزەییانە هەڵمەت دێنن و ئاگریان لێ دەبارێت، مرۆڤ ناچار دەکەن کە دژیان ڕابووەستێت و شاڵاویان بۆ بەرێت.

جێگەی داخە مرۆڤ، هیچ مرۆڤێک لە نەبەرددا لەگەڵ دێوەکاندا ئاشتی خواز ناگەڕێتەوە، چوونکە شەڕ پەیامی ئاشتیی تیادا نییە. شەڕ نەخۆشی و دەرد و شێرپەنجە و شێتی و وەناق دووچاری مرۆڤ دەکات. وا نەزانی شەڕ دادی مرۆڤایەتی دەدات! نا گیانی شیرینم، وا نەزانی، چوونکە هەموو شەڕەکانی جیهان بە گشتیان یەک زەڕڕە خێریان لێ فەراهەم نابێت. بۆیە کە من دەچمە نەبەرد لەگەڵیاندا، شیعرەکانی تۆ دەخوێنمەوە، گۆرانی دەچڕم، سەما دەکەم، جوان دەدوێم، جوان بیر لە تۆ دەکەمەوە، جوان پەرستی دەکەم. بەوەش دەبینم دیوەکان تووڕە دەبن، دەکەونە وێزەی خۆیان، چوونکە ناتوانن من داگیر بکەن و لە ووتەی جوان و لە بیری جوان و لە ئاکاری جوان دەترسن و زەندەقیان دەچێت، خۆیان بەو کارە هەڵدەستن، خۆیان دەکەونە قڕکردنی یەکتر و یەکتری بۆ مەیدانی تۆڵە کێش دەکەن.

یەکتری دەبەستنەوە و یەکتری تەعزیب دەدەن، یەکتری سەر دەبڕن و یەکتری داخان دەکەن و یەکتری دەست و پێ بەند دەکەن و ئەتک دەکەن و تەعدا لە یەکتری دەکەن، بۆیە من ڕێگە بە خۆم نادەم لەوانەوە نزیک بم، چوونکە نزیکی لەو دێوـانەوە مرۆڤ پیس دەکات. بە جۆرێک کە مرۆڤ ناتوانێت لە نەبەرد بگەڕێتەوە بەبێ تووشهاتنی نەخۆشی و زەجر و کێشەی دەروونی.

جا چاکبزانە گیانی من ئەی دانیالای هەمیشە خۆشەویست من هەرگیز خەنجەر لە کێلان دەر ناهێنم بۆ پیس کردنی بە خوێنی ئەوان. بەڵام کە تەماشایان دەکەم، کە سروودەکان دەخوێنم، کە ناوی تۆ دەبەم، دێوەکان هار دەبن، چوونکە ئەوان قینیان لە عیشق و ئازادی و خۆشەویستییە، ئەگەر ئازادی و خۆشەویستی لەخۆشیان بێت هەتکی دەکەن.

چوونکە جێگەی داخە کە دێوەکان، ئەوانەی کە لەناوماندا دەژین و بە شێوەش لە ئێمە دەچن، مرۆڤ نیین. بوون بە مرۆڤیشیان مەحاڵە... تا ئەوکاتەی شەڕ لەسەر زەمین

هەبێت، دێوەکان هەر زۆر دەبن و لەنەمان نایەن. بەڵام ئەگەر مرۆڤەکان کە لە ئێمە دەچن، زۆر ببن، ئەوا ئەوان کەم دەکەنەوەو لەناویش دەچن، ئەوسا شوێنەواری نەخۆشییەکان لەنا مرۆڤەکاندا زایەڵە دەبێت، ئەوسا ترس ئێخەمان بەر دەدات، ئەوسا دەستمان بەر دڵی خواوەند دەکەوێت و دەتوانیین بانگی بکەین تا هەناسەمان لەگەڵدا بدات. ئەوسا دەتوانیین داهێنەر بین هەمان شێوە کە لە خەونەکانماندا داهێنەر و بەتواناو مەزنیین. ئەوسا لە توانامەندیی مرۆڤی مەزن و لە توانای خواوەند تێدەگەین، ئەوسا یادمان دێتەوە کە ئێمە چۆن بووین بەر لەوەی ژیانمان بلکێنیین بە مادده و بەم سروشتەدا کە لەسەری دەژیین.

نەکەی خانمی دڵگەورەم شانازی بە نەبەردەکانی منەوە بکەیت، وانەزانی من خوێنڕێژی دەکەم لەسەر زەوی! نا، من هەرگیز هەڵەی وەها ناکەم، من دەست بۆ کەرامەتی مرۆڤ نابەم، بەڵام ئەوەی بەدەستی من بکوژرێت دێوە نەک مرۆڤ. قەستەم بە گیانی تۆ، من هەرگیز ئەو کارە ناکەم، هەرگیز نابینیت، بە خوێنی مرۆڤ بەرگی بەرم پیس بێت و بەو بەرگەوە بێمە حزووری تۆی ئازیز. جا من چۆن کاری وەهام لێدەوەشێتەوە؟

❖ بەشی هەشتەم

کاتێک خانم دانیالا لە خەونەکەیدا ئەو خەونەی بینی، کاتێک کە گوێی لە بیستنی پەیامەکانی پاڵەوانی مەملەکەتی خێر بوو دەدوا، مووچڕکە بە گیانیدا دەهات و هەستی دەکرد فریشتەکان مەیلی بێدار کردنەوەی دەکەن، بە دەم فرمێسک پرواندنەوە لە چاوەکانی، بە دەم هەستێکی خۆشییەوە کە ساڵانێک بوو بەدەربوو لە ژیانی، نرکە و ئاهی خۆشی لێ دەبیستراو دلێر گوێی لێ بوو، هەستی دەکرد کە خانمەکە خەون دەبینێت... خەوێکی خۆش.

خوێنەری بەڕێز وا نەزانی من حیکایەتی مێشتان بۆ دەکەم، دڵنیاتان دەکەم لەوەی کە لەم خەونانەدا، کە لەم ڕاستییانەدا چارەسازێک، دەرمانێک دەبینییەوە تا بە هۆیەوە خۆت بپارێزیت لە دەردوو نەخۆشی و وەناق و شێتی، لە نەخۆشییە موزمینە بێچارەکان. چوونکە ئێمەی مرۆڤ داگیر کراوین و نەخۆشی و دەردوو ئەشکەنجە ژیانی لێ داگیر

کردووین. چوونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی گەلێک بە دەسەڵات و خاوەن توانایە. تەنها مرۆڤ دەتوانێت جیهان لە پیس بوون بپارێزێت.

بۆیە کاتێک دانیالاخانم گوێی لە داستانی نەبەردەکانی ڕۆستەم بوو کە لەو دلێرە دەچوو کە هێشتا بە بێداری نەیبینیبوو! هەر لە خەونەکەیدا وەک گیانێکی بێلەش هەستاو خۆی گەیاندە لای کتێبخانەکەی، کتێبێکی بەرگ سپیی دەرهێنا، هەمان کتێب کە لێی نووسرابوو: پەیامی خواکان. لەوێدا بە دەستی خۆی قەڵەمی هەڵگرت و نووسیی: مرۆڤ کاتێک کە داگیر دەکرێت، کاتێک کە دەبێتە کۆیلەی دێوەکان و سووتەمەنی ویستەکانی شەڕ، نەخۆشییەکان شاڵاوی بۆ دەبەن، یەکێک لەو نەخۆشییانە شێرپەنجەی خوێن و دەمار و جگەر و دەروونە، کە تووش بوو ناچار دەکات دانیشێت و نەخشەی لەناوبردنی خۆی دارێژێت، یان تەونی یان چنینی نەخۆشییەکان لە دەروونیدا بچنێت، مرۆڤ خۆی خۆی دووچاری نەخۆشی دەکات، کاتێک کە ژیانی بە ترس و بە شەڕ و بە تەعدا لێداگیر دەکرێت، ترس دێت، ترس جۆرە ڤایرۆسێکە کە گیان لاواز دەکات و خوود ناچار دەکات خەریکی ڕێسانی ئەو دەردانە بێت کە دێوەکان دووچاری دەکەن بە شەڕ، بە درۆ، بە تەعدا. بۆیە مرۆڤ هەندێکیان خۆشی لە ژیانیاندا دەپروێت. دەبنە کۆیلەی نەخۆشییە موزمینەکان، لەو کاتەدا کە دێوەکان بە ژیاندا بڵاو دەبنەوە و بە ناوی خێر و جوانییەوە ژیان پڕ دەکەن لە زریکە و هەڵمەتی ڕق و شەڕ و قڕکردنی بێنەوایان.

کاتێک کە ئەمەی نووسی، گەڕایەوە ناو لاشەی نووستووی، یان لەشی لە هۆشخۆ چووی. پاشان بینیی،، هەڵبەتە لە خەونیدا بینیی، کە مرۆڤێک هاتۆتە ناو ماڵەکەیەوە. مرۆڤێک کە نە چەکی لە شانە، نە دڕندە دیارە، نە پیرە دیارە، نە گەنج... بێکەس و وەلکراو بە تاقی تەنها خۆی و کۆڵەپشتێکی سپی؛ خۆی گەیاندبووە ناو ماڵەکەی و بۆیەکەمجار ڕۆشنایی هێنایە ناو کوختەکەوە. لەخۆشیی ئەو خەونە بزە دەکەوتە سەر لێوی و دلێربۆکانیش تەماشای دەکردو وەک ئەو بزە دەکەوتە سەر لێوی. پێی خۆشبوو نەبوو کە ئەو ئافرەتە ئەفسوون شێوەیە کەساسی ئەزێتی بدات، پێی خۆشبوو هەموو جیان لە خەندەکانیاندا بژین. چوونکە ئەو مەۆڤی ڕەسەنی بە خەندەکانیاندا دەناسییەوە. کاتێک کە خەندەی مرۆڤێکی نووستووی بینی، ئارامی گەیشت بە ناخی گیانی. چوونکە مرۆڤ ناتوانێت لەماڵێکدا نانبخوات گەر خەندەی خاوەنماڵ نەبینێت.

بۆیە ئێتر چییدی خۆی بۆ ڕانەگیرا، بە ئەسپایی چوو بەرەو مێزی لای کتێبجانەکە و دەمی لە شەکردانەکە نزیک کردەوەو بە مێرووڵەکەی فەرموو: ئێستا دەتوانم بەبێ پرسی خاوەنماڵ شتێک بخۆم، چوونکە خاوەنماڵ هەست بە دڵنیایی دەکات بە هاتنی من، لە خەونیدا بزە دەکات و وەک ساوا کە یەکەمجار خەندە لە خەونیدا فێر دەبێت، یان یادی دێتەوە، ئاوەها خەندا و بە چاوەکانی خۆم بینییم.

مێرووله‌كه‌، كه‌ تازه‌ بێدار بوو بووه‌وه‌ فه‌رمووی: ئه‌وه‌ سێیه‌م ڕۆژه‌ تۆ چاوه‌ڕوانیت خاوه‌نماڵ له‌ خه‌و هه‌ستێت، ده‌ڵێی ئاگاداری كات نییت. جوونكه‌ ئه‌مه‌ سێیه‌م ڕۆژه‌ ئێمه‌ میوانیین. ئه‌و شه‌وه‌ی كه‌ گه‌یشتین بۆ به‌یانییه‌كه‌ی تۆ چاوت چووه‌ خه‌و... پاشان ئه‌و خانمه‌ له‌ كانتۆره‌كه‌ وه‌ده‌ر كه‌وت و تا شه‌وه‌كه‌ی به‌ دیارته‌وه‌ ڕاوه‌ستابوو و ته‌ماشای ده‌كردیت. زۆر ته‌ماشایكردیت، پاشان شیعرێكی به‌ زمانی له‌رزۆك خوێندو به‌لادا هات.

- چۆن بوو له‌لات؟ ئایا خانمێكی جوانه‌؟ ئایا دڵپاك و ژیره‌؟

- به‌ڵێ ئه‌ی دلێربۆكانی، مرۆڤێكه‌ خۆت ئاسایی، دڵی هێنده‌ی ئاسمان گه‌وره‌و مه‌زنه‌، هه‌ستی وه‌ك هه‌ستی فریشته‌كانی ئاسمانه‌، ئه‌و شاعیرێكه‌ ڕووناكبین و جوان و به‌هره‌به‌خش. ئه‌و شیعر بۆ ئازادی و عیشق و جوانی ده‌نووسێت.

پاش ئه‌و گفتووگۆ كه‌مه‌ دلێر به‌ره‌و چێشتخانه‌ی ماڵه‌كه‌ چوو، به‌لایه‌وه‌ سه‌یر بوو كه‌ سێیه‌م ڕۆژه‌ میوانی ماڵێكه‌ كه‌ نامۆیه‌كی له‌ماڵه‌كه‌ی خۆیدا ڕێگه‌ پێداوه‌ بنوێت، هه‌روه‌ها خۆیشی بێدار نه‌بێته‌وه‌!

دوای چه‌ند هه‌نگاوێك كه‌ گه‌یشته‌ ئه‌وێ سه‌هۆڵبه‌ندێكی كۆنی بینی له‌ سندووقی هه‌شته‌رخان ده‌چوو... به‌خۆشییه‌وه‌ ده‌رگاكه‌ی واڵا كردو به‌ ته‌وژمێكی ترسانی كتووپڕ؛ ڕاچه‌نی و خۆی چه‌ند قوولانجێك كێشایه‌ دواوه‌. چوونكه‌ ئه‌خچاڵه‌كه‌ پڕ بوو له‌ دڵ و گورچیله‌ و كه‌له‌سه‌ری مرۆڤی سه‌ربڕاو!

ترسا، له‌رزگرتی و حه‌په‌سا، حه‌په‌سانێكی پڕ له‌ هاوارێكی بێ نووتق،، هێنده‌ترسا نیوه‌ی له‌شی چووه‌ ناو دیواره‌كه‌وه‌، نه‌یزانی ئه‌و ترسه‌ چۆن وه‌ها بێده‌نگ له‌ناو ئه‌و به‌فردانه‌دا خۆی مه‌ڵاس دابوو، به‌ ده‌سیسه‌ی كێ ئه‌و هه‌موو مرۆڤه‌ وه‌ها سه‌روپێ كراون؟ داماوه‌ له‌ حه‌شمه‌تی ترسا... له‌ تاواندا له‌خۆوه‌ بسمیلای ده‌كرو هه‌ناسه‌بڕكێی بوو، نه‌یتوانی هه‌ناسه‌ بدات، زۆری پێچوو تا هاته‌وه‌ هۆش خۆی و به‌ له‌رزێكی سه‌یره‌وه‌؛ ئه‌ژنۆشكاوته‌قه‌لای بوو تا به‌ چوارپه‌ل بگه‌ڕێته‌وه‌ لای مێرووله‌كه‌ ، به‌ڵام توانای گۆت بووبوو.

مێرووله‌كه‌ش له‌وێ نه‌ مابوو، به‌ڵكوو چووبووه‌ خه‌ونی دانیالاخانم تا ئاگاری بكاته‌وه‌. تا له‌ خه‌وندا هێوری و ئارامیی فێر بكات، تا له‌ بێداریدا ئاگاداری دلێربۆكانی بێت... چوونكه‌ پێده‌چوو ئێستا دوو نه‌خۆشی تووشبوو به‌ هێستێریا له‌ناو ماڵه‌كه‌دابن! له‌مه‌ سه‌یرترتان نه‌بیستووه‌، من دڵنیام خوێنه‌ری ئازیز جا بزانیین مێروله‌خان چۆن توانیی بچێته‌ خه‌ونی دانیالاخان و چیی فێره‌ ئه‌و كرد...

❖ بەشی نۆیەم

مێرووڵەکە کە گوێی لە زریکەی کپ و پڕترسی دلێر بۆکانی بوو، باڵی لێ ڕواو هەڵەداوان گەیشتە ئەوێ و ئەوەی کە دلێر بینیبووی بە چاوانی خۆی بینیی. بۆیە ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندە سەر دانیاڵخانم وچاوەکانی لێک ناو لەکانگای ئومێدەوە داخوازیی لە دڵگرت و چووە ناو جیهانی فەنتازیای دانیالا وە. بەڵام لە شێوەی دڵێردا سڵاوی لەو کرد و لای پێیەوە دانیشت، پاشان فەرمووی: ئەی خانمی جوان و بەڕێز، ئەگەر بێداری یان نووستوو، ئەم پەیامانەت پێ دەگەیەنم، هەستە لەخەو چوونکە من میوانێکی دەگمەن و خۆشەویستی تۆم، هاتووم بە میوانیی تۆ و ڕێگایەکی دوورم بڕیوە، چارەنووس منی گەیاندە ئێرە، چوونکە من ڕێبوارێکم بە نیازپاکی هاتوومەتە بەر دەگەتان و کەس دەرگای لێ نەکردمەوە، بەڵام برسێتی ناچاریکردم وەژوور بکەوم، چوونکە زۆر سەرمام بوو، زۆر برسیم بوو، هەستە وەرە بە لامەوە، بە ڕاستی من مرۆڤیکم هاوزمان و هاوخوێنی خۆتم.

دانیالا ئەم خەونەی بینی، پاشان هەستیکرد شتێک بە ئاستەم گازی لێدەگرێت، تا بێداری بکاتەوە، کە بێدار بووەوە، دەستی لە میلی دەمانچەکەی دەرهێناو دەستی برد بۆ پەنا گوێچکەی، شتێکی لەمس کردوو بە ئەسپایی گرتی و خستییە بەر چاوانی، کات ڕۆشن بوو، دیواری ماڵەکە تەنها لە ئاستی تاقی سەرەوەی بنمیچەکەدا ڕۆشنایی ئاسمانی دەهێنایە ناو ژوورەکەوە، ماڵ ڕۆشنتربوو لە جاران، ئەمە شتێک بوو تەنیا دانیالاخان دەیزانی.

کاتێک کە شێوەی مێرووڵە سپییە ڕۆشنەکەی بینی! مێرووڵەیەکی باڵداری سپی، سەری سووڕما لە خۆشیدا، ڕاستەوخۆش وەک ئیحا یان وەک ئیلهامی پێ بگات، خەونەکەی هاتەوە یاد... سڵاوی لەگیانی مێرووڵەکە کرد و فەرمووی: ئەی فریشتەی پیرۆز سووپاس، عاقیبەت بچووکترین فریادڕەس هاتە هانام. دەبێ گیانێکی وەک تۆ چیی بۆبکرێت! بەچی دەتوانی لە دەست بەڵای دیوەکان ڕزگارم بکەیت؟ پێم بڵێ چی بکەم؟

مێروولەکە لەسەر دەستی هەڵفڕی و ئەویش دوایکەوت، بەرەو ژووری نانخواردن، کاتێک کە دانیالاخانم ئەو دیمەنەی بینی تێگەیشت کە ترس؛ وەک چۆن سێ ساڵ لەوەوبەر شاڵای بردە سەرئەو، هەمان شێوە میوانەکەیشی دووچاری هەمان چارەنووس هاتووە. ئەو تاکە میوانەی کە سێ دانە ساڵە چاوەڕوانیی دەکات. چوونکە میوانەکە لە ئالتن جۆن دەچوو، کت و مت هەر دەتگووت ئەوە! ئەوەش کەمێک لە ترسەکانی دانیالایان کەمکردبووەوە لە خەوندا. چوونکە دلێر زۆر شێوەی لە گۆرانی بێژی بەناوبانگی ئینگلیز ئاڵتن جۆن دەچوو، بەڵام باڵای ئەم بەرزتر بوو. دانیالاخانم کاتێک ئەوی بینی، تێگەیی و یادی هاتەوە کە باوکی ڕاستی کردووە، هەستیکرد باوکی بە هەڵە ئەوی بەکار نەبردووە! هەستی بە کەمێک لێبووردنکرد دەرهەق بە هەڵوێستەکانی باوکی. چوونکە تاڕادەی کینە قینی لەباوکی دەبووەوە... بەڵام کات بۆ ئەوە لەبار نەبوو کە بیر لەوە بکاتەوە، چوونکە نیوەی لەشی دلێر لەناو دیواەکەدا بوو؛ کە دەبوو یاریدەی هاتنە دەرەوی ئەو بدات. دلێر لە ترسا قەبارەی چووبووەوە یەک و دەنگی دەرنەدەهات و هەڵپەی بوو دەستی کەسێک ڕزگاری بکات، چوونکە هێندە ترسابوو نەبێتەوە. لەتاواندا خۆی خزاندبووە ناو دیوارەکەوە.

کاتێک دانیالاخان ئەوی بینی، کەمێک ترسی ڕەوییەوە ؛ بەشێکی ڕۆشنی لە خەونەکان یاد هاتەوە و تێگەیی و باوەڕی هێنا کە ئەوە خاوەنماڵ و جەلادەت بەگ نییە هاتووە تا بە قامچی ئەشکەنجەی بدات، بەڵکو میوانێکە و میوانیش خۆشەویستی خوایە. هەستیکرد یەکەمینجارە خۆی ترساوو نەخۆش نابینێت، هەستیکرد هێشتا دەروونی زیندووە و یادی هاتەوە کە باوکی ڕاستی پێ ووتبوو، ئاو بە چاوانیەوە دەچۆڕاو؛ لەخۆوە، دڵنیا هەردوودەستی بە نەرمی بەرەو لای دەستی ڕاستی دلێر بۆکانی درێژکرد و بە زمانێکی شیرینی فارسی تارانی فەرمووی: نەترس ئەی ئاغای میهرەبوون، ئینجا دەر دەستی ئەموونەت هەستی، بیا بدە هەردوو دستهایتوون بە من، بامن هەمیشە جان در دل و دل دەر جان میمونی، چوون شوما میهموونی مەنی. بیا قووربانتووم، نەترس ئەز مەن، چوون ترس جوونمون میدزدێ، چوون ترس در بەینی ما نباید محکم بەردار باشەد یا زندگی کونەد.

کە وەهای فەرموو، فەرموودەکانی وەک دۆعا؛ یان وەک خۆشترین ئاوازی گیانی بەر بیستگەی دلێر کەوت، دلێر تەنها بە تەماشا، بە دوایدا بە ئاخاوتن، بە دوایدا بە بیستن، تێگەیی کە ئەوە خاوەن ماڵە و لەگەڵیدا دەدوێ و دڵنەوایی دەکات، هاتەوە هۆش خۆی، بە ئەسپایی لە دیوارەکە هاتە دەر و دەستی دایە دەستی خانم، خانم دانیالا فەرمووی: من ناوم دانیالایە. ئەویش بە دلێر خۆی بەو ناساند. زۆر خۆشحاڵبوو دانیالاخانم، بەو هەستە ساوایانەی خۆی؛ وایزانی ئالتن جۆن ئەو هەموو ساڵە دواکەوتووە لە بینینی ئەو تا خۆی

فێری زمانی فارسی بکات، ئینجا بچێتە دیدەنیی ئەو. بە شەرم و سەر سوورمانەوە، فەرمووی: وامزانی بە زمانی ئینگلیزی خۆتم پێ دەناسێنی.

- بۆ بەڕێزتان مەگەر خانمێکی ئێرانی نیین؟

- بەڵێ ، بەڵام جەنابتان مەگەر خوودی ئالتن جۆنی گۆرانیبێژی بەناوبانگ نیین؟

- نەخێر، دەشێت خانم بە هەڵەدا چووبێت، من بابایەکی کوردم سەربە کوردوستانی باشوور. بەڵام فارسیش دەزانم.

- ئەی چۆن ئێرەت دۆزییەوە؟

- بەرێکەوت، چوونکە من ڕێگەم هەڵە کردووە و نیازمەندم بچم بۆ پایتەخت،، بەڵام خانم ئەم هەموو کەلە سەرو دڵ و سیو زمانانە چیین؟ ئایا ئەوانە ڕاستیین؟ ئایا ئەوانە ڕاستیین؟ یان یارییەکن وەک دەمانچەکەی دەستت؟

- خانم دانیالا کە یادیهاتەوە لەناو ڕاستیدا دەژی و هێشتا لە ژیاندایە، کەمێک دوودڵبوو، وورردە وورردە خۆیکێشایەوە و قەبارەی بچووک بووەوە و کەوتەوە ناو گوومانەکانی بەر لە تاوێک لەوەوپێش! ترسی لێنیشتەوە و قەبارەی بچووکتر بووەوە، چوونکە تێگەیی کە میوانەکەی خوودی ئالتن جۆن نەبوو، کینەو ڕق هەڵمەتیان هێنایەوە سەر و یادی هاتەوە کە باوکی درۆی لەگەڵ کردووە. بۆیە دەربەستی وەڵامدانەوە و تەبریر هێنانەوە نەهات دەرهەق بەو کەلەسەرو جەرگوو دڵەی لەناو یەخچاڵەکەدا بوو. چوونکە دڵنیا بوو کە دلێر بەهەر شێوەیەک بێت دەبێتە بەشێک لە بەسەرهاتەکان و خۆی لە ڕاستییەکان تێدەگات. لە خەیاڵی خۆیدا فەرمووی: ئەگەر پاڵەوان هاتبێت بۆ ڕزگارکردنی من، گوومان لە پاکی و بێتاوانیم ناکات، چوونکە پاڵەوان بە تەماشا فام دەکات، تێدەگات، هەڵوێست وەردەگرێت، کاتێک کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت.

دلێر لەتاو پەشۆکانی ئەو کەمێک لەرزی ڕەوییەوە، چوونکە زۆری بەلاوە سەیر بوو، کە خۆشی و غەمی ئەو ئافرەتە لە چەند چرکەیەکدا ژیان و مردنەوە. وەک ئەوەی تەماشای فلیمێکی سیحربازی بکات؛ چوونکە ئەوی لەجۆرەها تەرزی جیاوازی دەروونیدا بینی، بچووک دەبووەوەو ڕەنگ و سیمای دەگۆڕاو ترس گەمەی بە کەرامەتی دەکرد!

چوونکە بینیی دانیالاخان کەوتە لەرزین و شپرزە بوو، تەنها منداڵانەو ورکگیرانە خۆی خزاندە باخەڵی خۆی و گەڕایەوە بۆ ناو هۆڵی ژوورەکەو لەسەر کورسییەک دانیشت. بەدەم خۆ لەباوەش گرتن و خۆڕاژەناندنی شێتانە و پڕ لە ترسەوە، دووپاتانە دەیگووت: باوکم درۆزنە، درۆ دەکات، درۆ دەکات باوکم، باوکم درۆزنە و نابێت وا بێت، باوک

نابێت درۆ بکات. بە دووپاتی تەماشای دلێری دەکردوو وەهای دەفەرموو. ڕقی هەم لەخۆی، لەباوکی و لەهەموو جیهانیش بوو، دلێر هەستی کرد کە دانیالاخانم تاڕاددەی گوومان قینی لەمیشە.

دلێر بۆکانی بەدوایدا هات و هیچ لە مەسەلەکە حالّی نەدەبوو، مێروولەکە لە دەوری سەری خانم دانیالا باڵەفڕەی بوو، کەمێک ئارامیی بەو دەبەخشی وەک هالەیەکی لە ڕۆشنایی دروستبوو؛ لەدەوری سەری ئەو سووڕی دەخوارد. دلێر بە تەماشاکردن ئارامیی جارانی دەهێنایەوە بارو هەستیکرد خانم دانیالا هیچ دەربەستی ئەو سەرو زمان و سییو جەرگ ودڵانە نییە کە لەناو بەفرخەرەوەکەدا بینیی، لەدڵی خۆیدا دڵنەوایی خۆی بەوە دەکرد کە گوایە ئەوانە جەرگ و دڵ و کەلەسەری بەراز و گیاندارانی ئینگلیزین! کە دەشێت سەری بەراز بن! چوونکە تاکوو ئەو کاتە مرۆڤی ئینگلیزی بەبینیبوو جگە لە جەلادەت بەگ! بۆیە دانیالاخانم هەموو گەلی ئینگلیزی لێ بووبوو بە بەراز. تاڕادەیەکی زۆر باوەڕی بەوە هێنابوو کە ڕاستە لە قورئاندا هاتووە و دەڵێت: هەندێک لە مرۆڤەکانمان کرد بە مەیموون و هەندێکی تریانمان کرد بە بەراز! چوونکە جەلادەتی جەلاد بەگ بە هەموو زمانێک جنێوی دەدا کە دەهات هەڵیدەکووتایە سەر کەرامەتی خانم و پاشان بە قامچی دەکەوتە وێزەی! چوونکە دانیالاخانم سێ دانە ساڵ بوو گیرۆدەی ئەو جەلادە بوو، هەستی دەکرد کە باوکی ئەوی فرۆشتووە! ئەمانە گشتی باسن و لەدواییدا باسی دەکەم بۆتان چوونکە دالیاخانم ئەسلەن نازانێت لە چی شوێنێکە و لەچی شارێکە، هەر هێندە دەزانێت کە تەیارەیەک لە پایتەخت نیشتەوەو جەلادەت بەگ ئافرەتێکی ناردبوو بۆ پێشوازی لێکردنی و خۆی نیوەشەو خۆی وەکوو دێو نیشانی خانم دا. بۆیە هەموو دوونیای لێ بووبوو بە بەرازو خێوو دێو! ناهەقی نەبوو. چوونکە ئێوە زووربەتان جەلادتان نەبینیوە؛ ئێوە نازانن جەلادەت بەگ چۆن جەلادێکە... ئەگەر بێت و باسی کەرامەتیتان بۆ بکەم، بێگوومانم کە هەستتان بۆ مرۆڤ مۆلەق دەبێت، گەرچی جەلاد مرۆڤ نییە، بەڵام هەر خۆش نییە کە هەن لەناوماندا بە دوو پێ دەڕۆن و خۆیان وەک مرۆڤ دەخەملێنن. بەڵام من بەش بەخۆم، جەلاد بە مرۆڤ نازانم.

بە پەشۆکاوی و لەترسی دەربازبوون لەهەراسی دیمەنەکە دوای دخانم دانیاڵ کەوت، کاتێک لەو نزیک بووەوە، بینیی هالەیەک لەدەوری سەری ڕۆشن دەگەڕێت، زیاتر گوومانی پەیدا کرد، هەستی بە گوناح کرد کە دەرهەق بە فریشتەیەکی ئاسمان گوومانی کردووە، پاشان دەستی ڕێزی نایە سەر دڵی و فەرمووی دانیالاخانمی پیرۆز بمبەخشە. بێگوومانم کە تۆ ئەوکارەت نەکردووە، بەڵام تکایە لە بەهەڵەدا چوونم ببوورە، تکایە بمدوێنە و تێمبگەیەنە... ئاڵتن جۆن کێیە و پەیوەندیی بە منەوە چییە؟ بۆ بەلاتەوە سەختە دان بەوەدا بنێیت کە میوانەکەت ئیگلیز نییەو کوردێکی ئاوایە؟ هەڵەم چییە، بمبوورە کە بێ پرس هاتوومەتە ناو ماڵەکەت، گەر ڕێگەم بدەیت هەر ئێستا دەڕۆم.

کاتێک کە دلێر وەها ڕستەکانی لەتەک یەکتریدا ڕێکدەخست، دانیالاخان لەسەر جێگەی خۆی هەستاو شالاوی برد بۆ دەمانچەکە و پەنجەکانی بە لەرزۆکێ و بە تێکەڵی نایەوە سەر میل و بە دەم هاوارەوە ووتی: گەر ڕاست وەڵامم نەدەیتەوە بەر لەخۆم تۆ دەکوژم، تکات لێ دەکەم ئاغای دلێر، من بیرەکانم شەکەتن و بیرم جەم نییە تا باش بیر بکەمەوە،

- پێم بڵێ، تکات لێ دەکەم ؛ چوونکە من شایانی ئەوە نییم تۆ درۆم لەگەڵدا بکەیت، جەنابت ئاڵتن جۆنیت یان دلێر؟ کامیانیت ڕاستم پێ بڵێ.

- خانم گیان دەزانم خۆشحالت دەکەم بەوەی کە بڵێم بەڵێ من خوودی ئاڵتن جۆن ـم بەڵام من نازانم تۆ باسی کێ دەکەیت، من ئەو ناوەم هەرگیز نەبیستووە و نایناسم، من بابایەکم گەڕۆک و بۆ مەبەستێکی پیرۆز ڕوومکردۆتە وولاتی ئەوروپا. ناوم دلێرە ؛ دلێربۆکانی، کوردم، خەڵکی کوردوستانی خوارو لە شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکراو لە دایک بووم. کەسم نییە، هەر هیچکەس کۆی خانەوادەکەم بە کیمییایی لە ڕۆژێکدا لەناوبران... تەنها مرۆڤێکم و ئازاری کەسم ناوێت؛ کەس، هەرگیز.

- کەواتە کەس تۆی نەناردووە بۆ ئێرە؟ پێم بڵێ تکایە کێ ڕێگەی ئێرەی نیشان دایت؟ ئەم جێگەیە دەکەوێتە کوێوەی شاری لەندەنەوە؟ ئایا ڕاستە لە وڵاتی لەندەنم؟

ترس و لەرزو هەڵەشەیی پرسیارەکانی گەشتێکی نامۆی بەخشی بە یادی دلێر، تێگەیی کە دەشێت ئەو ئافرەتە دەستبەسەر بێت وا نازانێت لە کوێ دەژی... پاش کەمێک ڕامان لە جووڵە و دەمانچەکەی دەستی، هەستیکرد کە خانم باری دەروونیی تەبا نییە. بەڵام گوومانەکانی نەخستە ڕوو، تەنها وەڵامی دایەوە و ووتی:

- ئەوەی ڕاستی بێت، دەبێت بمبووریت، من ڕێگەم هەڵە کردووە، بەڵام بەر لەسێ ڕۆژ بە بەلەم لە یۆنانەوە گەیشتمە دوورگەیەک، کەشتییەوانەکان کە دایانبەزاندم، ووتیان ئێرە شاری لەندەنە و بەخێرچیت، ئیتر نازانم ئەمە تاچەند ڕاستە! چوونکە هەندێکجار کە بۆ شوێنی تریان بردووم، لە جێگەیەکی تر یان لەهەمان جێگە بەجێیان هێشتووم! چوونکە بازاڕەکان درۆزنن... مرۆڤەکان درۆزنتر.

بۆیە لەوڕۆژەوە وونبووانە دەگەڕێم و ئێرە یەکەم ماڵە لەڕێگەمدا بینیومە. هەر هێندە دەزانم، بۆیە من دوای سێ شەوو سێ ڕۆژ گەڕان گەیشتمە ئەم ماڵەی کە ئێوە دەرگاتان لەسەر نەکردمەوە، بەڕاستی من لە تاو برسێتی و سەرما بێ شەرمییم کرد و وەژوور کەوتم، دەبێت بمبووریت، گەر ڕێگەشم بدەیت دەڕۆم تا دڵنیاتان بکەم کە هیچ مەبەستێکم نییە. دەبێ زۆر بمبووریت، تکات لێدەکەم خانم بمبوورە، نەمزانی کە لێرەدا تەنها تۆی فریشتە دەژی و ئێرە ماڵی بەڕێزتانە.

دانیاڵخانم کەمێک باوەڕی بەو هێنا، چوونکە ئەو بە ئەدەبی مرۆڤێکی پڕ لە ڕێز دەدوا، هەستیکرد کە ڕێزی بۆ هەو هێندەی ڕادەی پەرستاری گەورەو میهر ئامێزە، هێندە بەس بوو تا کامێک لە برینەکانی سارێژ بێت، بەڵام ترس ولەرزی خامۆش نەدەبووەوە، دەمانچەکەی هەر لەدەست بوو... کاتێکی زۆریان بە گفتووگۆوە بردە سەر...

- کەواتە تۆ هیچ دەربارەی ئێرە نازانیت؟ بەڵام پۆلیس ئاگاداری هاتنی تۆیە و دەزانم کە تۆ نێردراوی پۆلیسیت... پێم بڵێ، تکات لێدەکەم من زۆر ماندووم و حەز ناکەم تاوانت بەرامبەر بکەم، چوونکە من دەست بەسەرم لێرەداو جەلادێک منی ڕفاندووە، دەزانم تۆ ئەو نییت. دەزانم؛ چوونکە تۆ بۆنی ئەوت لێ نایەت. تۆ بۆنی مرۆڤت لێدێت... من دیل و دەستبەسەرم نازانم بۆ؟ نازانم چۆن! بەڵام بۆ سێ ساڵ دەچێت، باوکم ناردوومی بۆ لەندەن بۆ کار کردن، یان بۆ شیعر دانان بۆ گۆرانی بێژێک کە وامزانی تۆیت، بەڵام هەر ئەو شەوە لە فڕۆکە خانەوە منیان فڕاند و لەو شەوەوە کەسم نەبینیوە، جار ناجار لە هەفتەیەکدا دووجار پیاوێکی زۆر قەڵەو دێت و بە هاتنی بەری ئاسمان تاریک هەڵدەگەڕێت و دنیا تاریک دەبێت، تەنها بە تاریکی دێت و دەڵێت جەلادەت بەگم، پاشان....

زیاتری بۆ نەوتراو خۆی گرمۆڵە کرد لە زەویدا و تووشی پەرکەم و لنگەفرتێ بوو! دلێر بۆکانی کەمێک حاڵی بوو لەوەی کە دانیالاخانم قوربانییەکە و فڕێندراوە. ناچار چووە هانای.

ئەویش بەدەم لەرزو لنگەفرتێوە دەمانچەکەی دەگووشی، بەڵام دلێر سەیری لێهات بینیی دەمانچەکە فیچقە دەکاو دەنگێکی وەک دەمانچەی تەرەقە شێوە دەکات و لەبری گلۆلە=گولە ڕەنگاوێکی ڕەش فیچقەی دەکرد، زوو ترسی نیشتەوە کاتێک کە دانیالا بەدەم فێ لێهاتنەوە ویستی فیشەک بنێت بە سەری خۆیەوە، چوونکە زۆر ترسابوو، زۆر ئەشکەنجە درابوو... دڵنیاش بوو کە ئەوڕەنگانەی لە خەون و لەڕاستیدا بینیی نیشانەی هێنانی بەختەوەرییە.

دلێر هەر هێندەی دەزانی لە دۆخی وەهادا کە کەسێک دووچاری پەرکەم دەبێت؛ دەبێت توووند تووشبوو بگرێت و چاوەکانی دابخات و چاودێری ئەوە بێت زۆر پەلەهاوێژی نەکات، تا زەبری پێ نەگات. کاتێک کە دڵنیا بوو دەمانچەکە ڕاستی نییە، هەڵەداوان خۆی لە خانم دانیالا نزیکخستەوەو ئەوی توووند نووساند بە خۆیەوە. یەکەمجاری بوو هێندە نزیک بێت لە ئافرەتێکەوە، یەکەماری بوو ئافرەت لە ئامێز بگرێت، هەستی بە سرۆش و سۆزێکی گریانهێنەر کرد، هەستیکرد هەموو جیهانی لە ئامێزە و چاودێری ئافرەتانی هەموو جیهان دەکات. بەدوایدا ئەو کاتەی بیر کەوتەوە کە لە پۆلی شەشەمی دواناوەندی دەرچوو، ئەو ڕۆژەی یاد هاتەوە کە خۆشەویستەکەی هاتبوو بە میوانی و بەوی ووت:

ئەگەر ئامادە نییت بمخوازیت، ئەوا کەسیک هەیە و نیازمەندە بێتە داخوازیم، ئەوا ناچار دەبم شوو بکەم، چوونکە دەبێت کەسێک بێتە ژیانمەوە تا وەک ژن و مێرد لەگەڵیدا بژیم.
دلێر زۆری بەیادا هات کاتێک کە ئەوی کردە باوەش و هەوڵیدا کە سەری ئەو کەناو شانی خۆیدا حەشار بدات تا نەبینێت، بەڵکوو بەوە یاریدەی بدات ، تا پەرکەم دەربازی بێت.
بەڵام دانیالا هێندە لنگە فرتیی کرد، ئەو ناچار بوو لەسەر جێگەکە درێژی بکات و بە سەرچەفێک دەمووچاوی داپۆشێت. تا هێوری بکاتەوە. پاشان خانم دانیالا لەهۆشخۆی چوو. خاوو خلیچک بوورایەوە. کات ئێوارە بوو. ماڵەکە ڕۆشن بوو، مانگ لە نانێک دەچوو کە لەسەرێکەوە لایەکی لێکرابێتەوە. مێرووڵەکە تەماشای دەکرد.

❖ بەشی دەیەم

مێرووڵەکە تێگەیشت کە دانیالاخانم بیرەکانی شەکەتن و باوەڕی بە مرۆڤ و بە نزیکترین کەس باوەڕی بە خۆشیی نەماوە. مرۆڤ لەوێدا دووچاری زەبر دەبێت کە باوەڕی دەرهەق بەوانی تر دەمرێت. تێگەیی کە ناتوانێت یاریدەی هیچیان بدات.
مێرووڵەکە لە غەمدا ڕۆشنایی لێ بڕاو لەو کاتەدا کە دلێر هەڵەداوان بە دەوری خۆیدا چاوی بۆ پەرداخە ئاوێک دەگێرا تا بیپژێنێت بە ڕوخساری دانیالادا، مێرووڵەکە فەرمووی:

- ئێتر لێرە بەدواوە من وانەکانی عیرفانت فێر ناکەم، تۆ لە دادگای حەق و دادپەرەریدا بە خوای میهرەبان و بە عێشقێکی پیرۆز دەسپێرم، چوونکە عیرفان ئەو پلەیەیە لە زانست کە مرۆڤ دەگات بە هەق و ڕاستی، ئێتر هیمەتی مرۆڤ دەکەوێتەکار بۆ چاک کردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ژیان، لەوێدا کە مرۆڤ دەگات بە یەقیین لەگەڵ جەمسەرەکەی تری نەژادی دووەمدا.

دلێر بیری لە فەرموودەکانی مێرووڵە نەکردەوە، چوونکە زۆر شپرزە بوو، تا کەمێک ئاو پەیدا بکات. مێرووڵەکە دیار نەما... دلێر هەڵەداوان کەمێک ئاوی پەیدا کرد و پژاندی بە ڕووخساری دانیاڵدا کە وەک فریشتەی بێ گیان بەر لە تاوێک پەلەفرتێی تووش بوو؛ وەکوو شەقشەقە دەلەرزی و پاشان لەهۆشخۆچوو...

کاتێک کە کەمێک ئاوی پژاند بە ڕوخساریدا کەوتە تەماشاو ووردبوونەوە لە ویقاری دانیالاخانم، گەرچی ئەو تەواو لەڕو لاوازو کەنفت بوو و پێستی بە ئێسکەکانی لەشیدا

نووسابوو، بەڵام جوانییەکی هێندە بە تەلیسم و خرۆشی هەبوو کە تەماشاکانی مرۆڤی سڕ دەکرد، وەک بارگەیەکی سەیر، تەماشای مرۆڤی دەچەقاندە سەر نیگاکانی، چوونکە هەرچی جوانیی ژیانی مانەوی بوو؛ لە ناو هەردووگلێنەیدا خۆیان مەڵاس دابوو. بۆ یەکەمجار بوو باوەڕی بۆ هەمیشەیی گۆڕاو باوەڕی هێنا کە ئاسمان شین نییە و سەوزە. دلێر هەستی بە ئازارەکان و ستەمدیدەیی ئەو دەکرد، دەیزانی کە مرۆڤێکی دەستبەسەر تا ئەو ڕادەیە دووچاری ئەشکەنجە دەبێت. مرۆڤێکیش لەتاو جوانی هێندە نغرۆی جوانی مرۆڤ دەبێت؛ کە ناچارانە باوەڕ دەهێنێت کە ئاسمان سەوزە نەک شین.

لەبەر ئەوە دەربەستی ترس و مەترسییەکانی خۆی کەمتر دەهات، توانیی لغاوی ترسەکانی خۆی بکات و کەمێک بەسەر خۆیدا بچێتەوە، چوونکە کارەسانی لەوە سامناکتری دیبوو، چوونکە ئەو لە کیمیابارانەکە دەرباز بوو بوو، ئەو خەڵکی شاری هەڵەبجە بوو، هەزاران جۆر مردنی دیبوو بەر لەوە، یادی هاتەوە کە ئەو نابێت لەو دیمەنە سامناکە بترسێت کە بینیی ، بەڵکو دەبێت وورەی بەرز بێت و کارێکی وەها بکات کە دانیالاخانم لە مەترسی و هەراسانی و نەخۆشی دەرباز بکات. چوونکە تێگەیی کە دانیالاخانم دەستبەسەرە و کەسێکی تری نییە جگە لەو، لەتەک ئەوانەشدا هەستی بە لە دایکبوونی سۆزو هاوهەستی و هاودەردی دەکرد، ئەگەر ئەم هەستانە ڕێخۆشکەربن بۆ عیشقێکی باڵایی، ئەوا ئەو لە وانەکانی دوایینی عیشقدا پێڕۆکە دەبوو و گرووگاڵی دەکرد. بۆیە بەدیار سیمای دانیالاوە لەوپەری هاوسۆزیدا ئێشکگربوو، هەستی دەکرد لەناو دەروون و بیری ئەودایە و دڵنیا بوو کە ئەو لە دۆخی پشوودانادیە. چوونکە لەشی خاو بووەوە، پاشان کەمێک چاوی کردەوەوە تووند، زۆر تووند دەستی ڕاستی دلێری نووساند بە خۆیەوە. هێندە تووند ئەوی گرتبوو... وەک ئەوەی بۆ هەتا هەتایە دەست لەناو دەست بن.

ئەم هەستە پیرۆزەیش دڵنەواییەکی زۆر بوو بۆ دلێر بۆکانی، هەستی دەکرد تەنها خۆشەویستی مرۆڤ لە نەخۆشییە دەروونییەکان دەرباز دەکات، چوونکە مرۆڤی دەروون نەخۆش بەهۆی تووش بوونی زەبری بێسۆزی و ئەشکەنجەی بێهەستانەی کەسانی نزیک لەخۆی دووچاری سەرلێشێوان و هێستێریا و هەراسانی دەبێت.

بۆیە تا دەمەو بەیانی دلێر سەرگەرمی تەماشاکانی ڕوخساری ئەو بوو. بە جۆرێک دڵنەوایی و خۆشیی دەگەیی بە گیانی کە کۆی ئەشکەنجەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی لەیاد چوو و تەنها ئومێدی شیفا لە دەروونیدا گۆش دەبوو، شفا بۆ خاتوو دانیالا.

هەستی دەکرد کە پێویستە لەسەری تەنها دالدەی لەمەودوای تەرخان بکات بۆ تەندروستیی دانیالاخان، ئینجا ئامانج و تەنها پەیامی؛ کە وەک فەرمووم گەیاندنی پەیامێک بوو بۆ مەلیکەی ئینگلتەرا.

چوونکه دڵوو گیان و خۆزگەی وەکوو مۆمێک بەدیار تەماشاوە داگیرسابوو. ئەوەش پیرۆزترین جۆری دەرمانە و یەکەم چەشنە چارەیە بۆ خزمەتی مرۆڤێکی تووش بوو بە شیزۆفرێنی و هێستێریا. چوونکە ئەم جۆرە لە پزیشکی نێو دەوڵەتیدا قەدەغە کراوە، بۆیە تووش بووەکان زۆر موزمین و بێچارە، نەخۆشییەکانیان درێژخایەن و دەروون وەڕزکەرە.

دلێر بۆکانی چیتر لە مرۆڤ نەدەچوو، پرشنگی ئەو دەبوو بە هەناسەیەکی گیانی و دەپرژا بەسەر ڕووخساری نووستووی دانیالادا... دانیالا دەستی ڕاسی ئەوی توند نووساندبوو بە سەر دڵی خۆیەوە و لە خەوێکی خۆشدا ڕۆچوو بوو، دلێر تا دەمەو بەیان سەدان خەونی خۆشی سپیی و ڕەنگینی بینی. لە خەونیدا دەبوو بە ڕۆستەم، بە زۆراب، بە حافیز و سەعدی، دەبوو بە پێغەمبەری ڕزگارکەر، دەبوو بە خواوەندو زیندەخەوی بە پێغەمبەرەکانەوە دەبینی. ئەو باوەڕە ئایینییەی لەدەستی دابوو، دەوری ئەویان تەنیبوو! وەک ئەوەی یەکەمجاری بێت هەست بکات، کە ئایین مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکی خێر مەندە، ئەو مرۆڤەی باوەڕی یەقینی بە ئایینێک هەبێت، مرۆڤی ڕەسەنە و لەژیاندا ڕۆژێک ئایین دێتە هانای و مرۆڤ لە نەهامەتی دەرباز دەکات. چوونکە هیچ شتێک لەم دوونیایەدا نییە کە زادەی باوەڕێک نەبێت، کە بیرێکی لەپاشەوە یان لەپێشەوە نەبێت، چوونکە بیرەکان بژێون،، واتاکان و پاڕانەوەکان دەژین لە ئاسمانی سەری مرۆڤی ڕەسەنداو خواکان ئەو دەبینن گەر کۆ بن یاخوود تاک.

دلێر بیری لەوە دەکردەوە کە بارگەیەکی گەشبیین و تین بەخش و ووزەبەخش دەورەی ئەویان داوە. هەستی دەکرد هێزی گیانی ئافرەتێک لە ناوجەرگەی گیانی دانیالاخانەوە بەرەو گیانی ئەو تەووژم دەکەن و لەمسی هەستەکان و نەستەکانی دەکەن و تەماشای یەکە یەکە لە بیرەکانی دەکەن. دلێر هەستی دەکرد دەستی ناوەتە دەستی فریشتەیەکەوە، دڵنیا دەبوو لەوەی کە هێشتا لەسەر زەمین دەژی و نەمردووەو ڕووداوەکان ڕاستەقینەن. چوونکە باوەڕی نەدەکرد ڕاستیەکی بەو شێوەیە زەق لە ژیاندا هەبێت. باوەڕی نەدەکرد کە دانیالاخانم فریشتە نەبێت، بەڵام چۆن فریشتەیەک؟ فریشتەیەکی بێ باڵ و باڵ هەڵکەنراوو دزراوو هەڵخەڵەتاو! باوەڕی زیاتر بەوە دەکرد کە ڕاستە لەناو مرۆڤەکاندا هەن دێون، هیچ جۆرە ڕەحم و سۆزێکی مرۆڤانەیان لە دڵدا نییە. چوونکە دێوەکان دڵیان نییە کاتێک کە جوانێکی وەها زەجر دەکەن و دەیتۆقێنن. ئەمە نیشانەی ڕاستییە کە هەن لەناوماندا لەسەر لاشەی ئەوانی تر دەژین، هەن لەناوماندا سەرو زمان و لووت و جەرگ و دڵی مرۆڤ هەڵدەکەنن و دەیخۆن. ئەوانە کەی مرۆڤن؟ کێ دەڵێت ئەوانە مرۆڤن؟ نا... مرۆڤایەتی بە هەڵەدا چوون. ئەوانە دێون لەناوماندا و لە نەژادی ئێمە نیین. چوونکە ئەوان چاویان کوێرەو ترس داگیری کردوون، ئەوان لە ترسا تا دێن قەبە تر و زۆرخۆرتر و تەمبەڵتر و شەڕانی تر دەبن، بەجۆرێک کە ناچار دەبن گۆشتی منداڵ و

ئافرەت و پیاو حەڵاڵ بکەن لەبازاڕەکانداو کەرامەتیان تیادا لەبار براوە. هەن لەناوماندا جگە لە سەربڕین و قەتڵ و خوێنخۆری و زووحاک پەرستی هیچی تر نافامن. ئەوانە بە زمانی هەموو ئایینەکان بێگانەن و لە تووخمی شەڕن. بۆیە ناشێت مرۆڤ و دێو تێکەڵ بە یەکتری ببن. ئەوسا ئەگەر ئەوە ڕوو بدات، قیامەت هەڵدەستێت، ئەوسا ئاسمانەکان پڕ دەبن لە کینە و ڕقی شەیتانەکانی دەروونمان... ئەوسا شەڕوو خێر قاتی واتە تێکەڵاو دەبن، ئەوسا نەخۆشییەکانی مەرگ چرا تاریکەکانی خۆیان هەڵدەکەن و دێنە ناو دەروونەکانەوە. ئەوکاتە نەخۆشی بەر لە مەرگ مرۆڤ هەراسان دەکات.

باوەڕ بکەن، گەر وەها بڕوات، جۆرە نەخۆشییەکی وەها دێت کە مرۆڤایەتی قڕ دەکات، چوونکە ئەو نەخۆشییە کە دێت، لەناو دڵی باکاندا دەژی... باکان کە سیو سێ ، یان بە ئەژماردەیان هێندەی سوورەتەکانی ناو قورئان زۆرن. نەکەن شەڕو خێر تێکەڵ بە یەکتری بکەن، دەنا خواوەند وەک ئیسرائیلتان لێ دەکات، چوونکە ئەوان بە قسەی مووسایان نەکرد.

ئەم زانستە مرۆڤناسییە لەگیانی دانیالاوە تەووژم و هرووژمی دەکردە ناو گیانی دلێربۆکانییەوە. دلێر بۆکانی باوەڕی بە خۆی مەتینتر دەبوو، هەستێک لەناخەوە دەروونی ئەوی پڕ دەکرد لە بەهرەو توانا و ووزەی باوەڕ، هەستی دەکرد کە دەتوانێت گەر هەموو جیهانیش لەبەر دەمیدا سەر ببڕن، ئەو نەترسێت و بەرگری بکات، چوونکە تێگەیشت کە بەهەشت و دۆزەخ لەسەر زەوییە و جێگەیەکی تر لەم بەهەشتە بەرینە جوانە بوونی نییە کە شایانی ژینگەی مرۆڤ بێت. چوونکە سرووشت و مرۆڤ و جیهان یەکەمین ماڵی مرۆڤی پیرۆزن و ئادەم و حەوای پیرۆز خۆیان ژیانیان ڕۆشنکردەوە لەسەری ؛ کاتێک کە دابەزین. واتە دوای سەفەری دابەزین.

ئەمە ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کە وەک ووردە مێروولەی تیشک شێوە لەسەرگیانی دلێر و دانیالا نەخش دەبوو، هەردووکیان پڕ دەبوون لە ژیان، دەژیانەوە، چوونکە ئەویش وەکوو دانیالای لێهاتبوو لە ژیانی گەڕۆکیدا و سکی بە پشتیدا نووسابوو. بەڵام ئەو هێزە یان ئەو تەوژمی یەکگرتنە دڵنیایە سیمای هەردووکیانی وەها سەیر گۆڕی کە باوەڕ ناکەیت؛ گەر بڵێم هێندە جوان بوون نەبێتەوە!... چوونکە هەرچی کەموو کوڕییەکانیانە لەوێدا وەک خەو بە چاوانی خۆیان بینییان. چوونکە ئەو شەوە تێپەڕی، شەوێکی تریش، ئینجا شەوێکی تر... جا مەپرسە چەند شەو، چوونکە دەشێت باوەڕ نەکەیت. بەڵام ئەوان چەندین شەو پێکەوە هاوڕێ و خۆشەویست و هاوخەم و هاوسۆزی یەکتری بوون.

بەڵام باوەڕ بکە کە هەندێک هەن لەناوماندا کە دەتوانن هەزار شەو بنوون، بگرە دەتوانن چەند سەدەیەک بنوون وەک ئەسحاب ولکەهف... هەن هەمیشە زیندوون لەناوماندا دێن و دەچن و جار ناجار لەشیان بەرمان دەکەون. گەرچی ئەوان بێ لەش و نادیارن، بەڵام

توانای لەمسکردنی ئێمەیان هەیە، جا مەپرسن بۆچی هەڵەیە گوومانکردن لە باوەڕی خواوەند و خواکان. چوونکە خواوەند لەناوماندا زۆرە، هێندەی ئەژماردی ئەو باڵندانە و ئەو گیاندارانە و ئەو مرۆڤانەی کە لە ژیاندا بۆ ئازادی دەژین.

با بڵێین هەردووکیان بۆ چەند شەوێک نووستن، پێکەوە هەر هەمان دەمەو بەیان کاتێک پرشنگی نووری وەنەوشەیی مەیلەو بەنەفسەجیی ڕوون بەر چاوی دلێر کەوت، گیانی جووت بوو لەگەڵ گیانی دانیالادا و یەکیانگرت لە عیشق و ئازادیدا. جا بەبێ خەم، بەبێگەردی و دڵنیا، دلێر دەستی لەناو دەستی ئەودا ئارەقەی دەکرد.

دانیالاخاتوونی شاعیری مەزنی ئێرانی یەکەمجاری بوو دەستی بخاتە ناو دەستی یەکەمین خۆشەویستی گیانییەوە. ئەو خۆشەویستەی بە شیعر دەربڕینی دەربارەی دەفەرموو، چوونکە ئەو شاعیری عیشق و ئازادی بوو، کاتێک کە ئیلهامی بۆ دەهات، دەبوو بە ڕەنگکێکی گیانی و هەڵدەپژا بە ئاسمانداو دەبوو بە پەلکە زێرینە لە ئاسماندا، هێندە جوان دەچووە ناو ناخی هونەرمەندان و مۆسیقاژەنانەوە، نەبێتەوە.

دانیالاخانم کە بیری دەکردەوە دەبوو بە ئاواز و دەچووە خەونی مامۆستایانی مۆسیقاوەو سرۆشی ئەوانی دەژەند. کە خەندەی دەپرواندە سەر لێو،، گوڵەکانی ناو باخچەکانی ژیان بۆنیان دەگرت، ڕەنگیان دەگرتەخۆ... دانیالاخانم گیان و سرۆشی زەمینی لە عیشقدا هەرسکردبوو. ئەو بە تەماشایەک دەیتوانی ئالتن جۆن بکات بە مەیموون و بە ویستی خۆی ناچاری بکات وەها بژەنێت کە ئەم دەیەوێت. دەیتوانی بتهۆڤن و مۆزارت و ڤیڤاڵدی بخاتە یادی هونەر و ئەدیباتیانەوە و ناچاریان بکات ئەم چۆنی بووێت ئەوان وەها بژەنن... باسی جوانیی بیر و هەست و جوانیی ئەندامی و دەرونی و ئاکاریی ئەو هێندە زۆرە لە تەواوبوون نایەت. چوونکە باوکی دانیالا هەموو شتێکی ؛ هەموو ژیانی تەرخان کردبوو تەنها لە پێناوی ئەوەدا کە ئەو لەبواری ئەدەب و فەلسەفە و تیۆلۆجی و سۆسیۆلۆژیدا سەرکەوتوو بێت.

جا با باسی گەندەڵی و بێ مێشکیی ئەو نەکەین و چیرۆکەکەمان پڕ نەکەین لەباسی پۆخڵەوات و چۆنێتیی بوونی مرۆڤ بە دێو! چوونکە هەن مرۆڤێکی سادەو جوانن، بەڵام مەرجایەتییە دڕندەکان کاریان تێ دەکەن و دەیانکەن بە دڕندەو دوژمن. چوونکە ئەویش تەفرە درابوو، ئەویش ناچارکرابوو، دێوەکان ئەویان داگیر کردبوو. بۆیە دالیاخان باوکی خۆی وەک تاجیرێکی بۆنفرۆش دەناسی! جا با لە هەستی دانیالاخانەوە باسێکی کورتی باوکیتان بۆ بکەم، چاترە پیاو جوان لە دزێوییەکان بڕوانێت، پێویستە مرۆڤ فێر بێت، هەوڵبدات هەمیشە لایەنە جوانەکانی مرۆڤ بەسەر بکاتەوە. چوونکە منی چیرۆکخوان بەوە گەورەتر دەبووم گەر وەک دانیالا لە سەرەتادا باسی باوکیتان بۆ بکەم، ئەوسا تاوانبارت نەدەکردم بەوەی کە من قینم لە ئێرانی و عەرەب و توورکە. نا، ئەوان خۆیان

ڕقەکانیان هێندە مەتینە کە مرۆڤ ناوێرێت تووخنی قین بکەوێت، چوونکە بە ڕق و کینە مرۆڤ دەروون و بیرەکانی نەخۆش دەکەوێت. بیرەکانی پیس دەبن، ژەنگ هەڵدەهێنن و ڕوخساریان ناهەرس و دزێوو ئاکاریان بۆگەن دەبێت.

❖ بەشی یانزە

باوکی دانیالا ناوی شاهپوری پەهلەوی بوو لە راستییدا، چەند ناوێکی تریشی هەبوو، وەک ناز ناوو ناوی سیاسی و ئەنتەرناسیۆنال. بەڵام دانیالا لە یەکێ لە خەونەکانیدا فەرمووی: من ناوم دانیالا شاهپوری پەهلەوی یە. باوکم مرۆڤێکە زۆر جوان کە دەمبینێت دەچێتە سجوود، دادەنەوێت و لە گەورەیی خۆی خۆش دەبێت و دەمکاتە باوەش و ماچێکی ناوچەوانم دەکات و دەڵێت: کچم من باوکی تۆم، هەست دەکەیت چەندەم خۆش دەوێیت، بەڵام وانەزانی کە مرۆڤ تەنها بە پڕ بوونەوەی داخوازە مادییەکان دەکات بە بەختیاری، نا. مرۆڤ تەنها بە دەربازبوون لە قورگی هەژدیهای ترس و گەیشتن بە عیشق و ئازادی دەتوانێت بگات بە ئامانج، بە بەختەوەری، بە تەندروستیی دەروونی، بە ڕەزامەندێتی و یەقیین. چوونکە ماناکان زۆر پتەو تر و پایەدارترن لە ماددەکان. چوونکە پایەکانی ئاکار و باوەڕ و خێر زۆر مەتینتر و مەحکەمترن لە پایە مادییەکان.

باوکم هەموو جارێک کە بۆنێکی تایبەتی دادەهێنا دەستی منی ماچ دەکرد، دەیگووت: بمبوورە کیژۆڵە جوانەکەم کە دەبوو ناوێکی تر بدەم بە بۆنەکە، حەزم دەکرد هەموو شووشەی بۆنەکان ناوی تۆیان لەسەر بێت.

بۆیە باوکم لە ژێرەوەی یان لەبنی شووشەی بۆنەکان ئیمزایەکی منی چاپدەکرد، چوونکە باوکم باوەڕی وەها بوو کە ئیلهامی ئەو بۆنانە لە ماچەکانی منەوە وەردەگرێت! دانیالا ئەمەی بەشەرمەوە بۆ گێرامەوە لە یەکێک لە خەونەکاندا. دایکی دانیالا پەیکەر تاش بوو. ئەویش سرۆشێکی زۆری لە دانیالاوە وەردەگرت کە باس ناکرێت. بەڵام دانیالا بۆ سێ ساڵ دەچوو نە باوک، نە دایک، نە دۆست، نە دوژمن کەسێکی نەدیبوو. بۆیە هێشتا باوەڕی نەدەهێنا کە باوکی دووچاری کێشەیەکی باوەڕی و ئاکاری و سیاسی بووبوو، کە دووچاری خوودکوژییان کردبوو، چوونکە کاتێک کە چەکفرۆشەکان دانیالایان بە بارمتە گلدایەوە، پاش ئەوەی کە ئەو درەنگانێک توانیی نیوە ناچڵ چەکەکان بفرۆشێت بە بازاڕی

ڕەش و تەنانەت ماڵ و سامان و کارگەکانیشی لەسەردانا، ناچاریانکرد خۆی بکوژێت، چوونکە شەوێکیان بازرگانەکان دانیالاخانیان زەجرکرد و لەهەمان کاتدا کە گوێی لە زریکەی منداڵەکەی خۆی دەبێت، ئەو شەوە شێت دەبێت، ڕۆژی دوای ئەوە ؛ کاتێک کە دەبینێت فلیمێکی کچەکەیان بۆ ناردووە، ئیتر خۆی دەکوژێت. چوونکە بەرگەی ئەو ژانەی نەگرت، چوونکە تیگەیی کە هەرچی ئەوانی تر بدات بەکوشت یان تاوان و ناهەقی بەرامبەر بەوانی تر بکات، قووربانییەک دەدات، جا قوربانی دان جۆرەکانی زۆرن. ئەو ئەگەر بیزانیایە قووربانی کچەکەی بەو دەردە دەبات، زووتر خۆی دەکوشت.

ژیان زۆر خەفەت لەو مرۆڤانە دەخوات کە بە دەستی خۆیان خۆیان دەکوژن. ئەمە ڕاسییەکی بەژانە و بیزانن، ئەوەی لەداخی ئەوانی تر ناچارە خودکوژی بکات، دەبێ ئەوانی تر هەست بە گووناح، بکەن چوونکە بە شتێکی مەزن تاوانبارن. جا ئەگەر خزم وکەس و براو دۆستن. چوونکە مرۆڤ نابێت تا ڕادەی خوودکوژی سزا بدرێت. لە هەر ژینگەیەکدا کە مرۆڤ خودکوژیی کرد، مانای وایە یەو ژینگەیە پیس بووە و تاوان بەرامبەر بە خەڵکی دەکرێت. چوونکە مرۆڤ گیانێکی یان ویستێکی نێرگزیی زۆر مەزن ژیانی بەڕێوە دەبات. لەوێدا کە مرۆڤ لەمپەر دەخاتە سەر ڕێگەی خۆی، مانای وایە ژینگە هەڵەی پەروەردەیی تیایە.

ئەمە کورتەی ژیانی باوکی دانیالاخان بوو، گەرچی لە ڕاستیدا دانیالا تەواو بەم کەین و بەینەی نەدەزانی، نەیدەزانی لە ئەنجامی کردەوەکانی باوکیدا بووە بە بارمتە لای دێوەکان و بۆیەشە بێشەرمانە هەڵدەکووتنە سەر کەرامەتی و هەمیشەش بە قامچی و دارکاری سزای دەدەن! بەڵام ئەو کاتانەی کە دەستی لەناو دەستی دلێربۆکانیدا بوو، ئەو هەموو ڕاستییانەیانەیان پێکەوە بە خەون بینی. بگرە زیاتریش، زۆر لەوە زیاتر. بەڵام خەڵکیینە با بەسەرهاتی چارەنووسی دلێربۆکانی و دانیالاخانمتان بۆ تەواو بکەم، چوونکە ئەوان وەک ئەو شازادە و کوڕە پادشایە نەبوون کە سەدساڵ پێکەوە نووستن، نا بەسەرهاتی ئەوان ئەوان وەها نەبوو... ئەوان لە ڕاستییەکی دژواردا ڕووبەڕووی کۆسپەکانیان دەبوونەوە، چوونکە پاش چەند ڕۆژێک ئەوان هەردووکیان پێکەوە بێدار بوونەوە. پێکەوە چاویان کردەوە، پێکەوە بیریان لە نەجات دەکردەوە. نەجات بوون لەدەستی مافیا چەکفرۆشەکان، ڕزگار بوون لە دەستی جەلادەت بەگ و ئاغا وحەزرەت. چوونکە ئەو دەیان ناوی هەبوو، دەیان پاسپۆرتی هەبوو، دەیان ڕوخساری هەبوو! چوونکە ئەو جەللاد بوو، بۆ دانیالای باس کردبوو چۆن لە زیندانەکاندا سزای مرۆڤی کورد دەدات و بە قەپاڵ خەڵک دەخوات لە زیندانەکانی تورکیادا. جەلادەت بەگ ووتبووی: من زیندانییەکان دەگرم، پێیان دەڵێم چۆن تۆیەکی خاوەن کەرامەتی توورک و ئەتاتوورک پەرست زاتی ئەوەت کرد لە ڕەچەڵەکی خۆت هەڵبگەرێیتەوە و بڵێیت من کوردم، هەی زۆڵی بێ ناممووس و ئەدەبسز... ئەوسا بە قەپاڵ پەنجەکانی یەکە یەکە دەکرۆژم تا فێر نەبێت

پەنجەکان بۆ شایەتمان بەکار بەرێت، ئەوسا پەنجەکرۆژراوەکانیان تف دەکەمەوە بە ڕوخسارياندا و تەعدایان لێ دەکەم تا پاشگەز دەبنەوە. ئەوسا سەریان دەبڕم وەک چۆلەکە ملیان هەڵدەکێشم. چوونکە من ئەتاتوورکم.

دانیالای فریشتە ڕوخساری بچووک دەبووەوە کاتێک باسی جەلادەت بەگی دێوی دەکرد. بۆیە کاتێک کە بێدار بوونەوە، خۆیان لەبەر دەم ناجۆرترین و وەحشی ترین مەترسیدا بینییەوە، ناچار بوون پیلانێک بۆ دەرباز بوون دابنێن. چوونکە لە نێوانە کاتەدا کە ئەوان پێکەوە نووستن، گیان و بیر و هەستیان ئاوێتەی یەکتری بوو، ئیتر چارەنووس ئەوانی دا لەیەک و ژیانیان بە بەندێکی گیانی پێکەوە گرێ درا. بەجۆرێک کە لەیەکترییان نەدەپرسی چی بکەین چاکە و چۆن بیر بکەینەوە! هەروەها دلێر بۆکانی ئەو خەوەشی بۆ گێڕابووەوە کە چۆن فریشتەیەک هاتۆتە خەونی و چەپکێک گوول و ئەنگووستیلەیەکی مرواری شێوەی نقێم مێروولەی سپیی بەو دابوو تا بە دیاری بیدات بە خاوەنماڵ.
دانیالاخانم هەمان چەپکە گوڵ و ئەنگوستیلەی خەونەکەی وەک مارەیی و جیازی لە دلێر بۆکانی وەرگرتبوو! چوونکە باوەڕی بەو هینابوو لەو نێوانە کاتییەدا، لەو یەک، دوو، سێ شەوەدا.

❖ بەشی دوانزە

ئەو ڕۆژەی کە ئەوان بێدار بوونەوە، سەری ساڵی دووهەزار تێپەڕیبوو، چەندڕۆژێکیش لە مانگ و چەند مانگێکیش لە ساڵ تێپەڕیبوو... لەو ماوەیەدا سروشتی دلێرو دانیالاخانم تەواو سروشتی بووبووەوە و دانیالا هیچ جۆرە شوێنەوارێکی ترس و نەخۆشی هیستێریا لە جەستەیدا نەمابوو. وەک ئەو ڕۆژە شادو تەر دەماغ بوو کە باوکی ئەوی ئامادە دەکرد بۆ سەفەر بۆ بینینی یان سەفەرکردنی بۆ لای ئالتن جۆن. بەڵام چیی دی بیر لە ئاڵتن جۆن ناکاتەوە، چوونکە تێگەیی کە ئەویش(واتە ئاڵتن جۆن) یەکێکە لەوانەی کە حاشا لە ڕەسەنایەتیی خۆی دەکات. کە سروودەکانی عیشق و پەیامەکانی دانیالا ناکات بە گۆرانی چیی دی، و سرۆشی پێ دەگاو لایان لێ ناکاتەوە. چوونکە ئێستا دانیالا - ئالتن جۆنێکی نوێی دۆزیوەتەوە، کە دەستی لەدەستیدایە و باسی پەیامی باوەڕ بۆ یەکتری دەکەن، و

دانیالا باسی پەیامی خواکانی بۆ دلێر بۆکانی کردبوو، کە دیوانی شیعرەکانی خۆی بوون. دلێریش خۆی بەو ناساندبوو، پێکەوە هێندە تێگەیشتبوون کە ئەگەر بێت و تەسلیمی ئازارەکانی یەکتری ببن، ئەوا بەرگە ناگرن و دەمرن. بۆیە ئەو بەیانییەی کە تیایدا بێدار بوونەوە، دوو مرۆڤی تر بوون، مەتیین و بەتواناو هێمن و پڕ میهر، خۆشبیین و خاوەن باوەڕ بە ژیان، بە جوانی، بە هونەر، بە شیعر بە داهێنان بە گۆرانی و سەماو خەندە و فێربوون و گەڕان بە دەروونی تەماشاکاندا. هەردووکیان سەراو سەر پڕ بووبوون لە یەکتری.

کازیوەی بەیان دوو کۆتری سپی لە دەرەوەی کوختەکەدا، لەسەر چڵی دارئەرخەوانێک دەرشانەوە بەدەمی یەکتریدا و یەکتریان نەوازش دەکرد لەسەر چڵی یەکێک لەدار سنەوبەرەکان. سێبەرێکی تاریک و تەپە تەپی ملۆزمێک ئەوانی ترساند و دایان لە شەقەی باڵ و بەسەر کوختەکەدا فڕین و دانیالا خانم تەماشایەکی دلێری کرد. ئاسمان پڕ بوو لە قاغەی قەلەڕەشکەکان و هەردووکیان تێگەیین کە کاتی هاتنی جەلادەت بەگی جەلادە.

بەڵێ، تەپەی پێی جەلادەت بەگی جەللاد، کۆترەکانی دارستانەکەی هەڵدەفڕاندو قەلەڕەشکەکان هەواڵی هاتنی ئەویان بابگ دەدا... جاران ، بەر لەوەی دلێر بێت، فەزاحەتی ترس و پەرکەمگرتن و خرۆشی گریانی دانیالاخانم باس نەدەکرا، بەڵام ئێستا هەردووکیان لەناو بازنەیەکدا دانیشتوون، ئەوو دلێر لە ناو نەخشی ئەستێرەی داوود دا دانیشتوون و دەستیان لەناو دەستی یەکتر ناوە و دۆعا و نوێژ دەکەن... مۆمێک لە نێوانیاندا شایەتە و دەروونیان گەرم دەکاتەوە، کۆمەڵێک ناوی تایبەتیان بانگ کردبوو بۆ یاریدە دان، گیانی گەلێک لە مەلائیکەتەکان میوانیان بوو، چوونکە ئەوان دەیانتوانی گیانەکان بانگ بکەن و دێوەکانی پێ بتۆقێنن. دەفرێکی کەمۆڵە شێوەی ڕەشیان لەولا خۆیانەوە لە دەرەوەی بازنەکەدا دانابوو. چاوەڕوانی هاتنی جەلادەت بەگی جەلادیان دەکرد! کە دانیالا لە مانگەکانی پێشوودا وای دەزانی مێردێتی و بەشوو دراوە یان فرۆشراوە، چوونکە جەللادەکانی ڕۆژهەڵات بازرگانی بە ئافرەت و منداڵی خۆیانەوە دەکەن، هەزاران منداڵ و ئافرەت دەفرۆشن بە هەرزان... ساڵانێک لەمەوپێش شانزە ئافرەتی کوردیان فرۆشت بە وڵاتی میسر، هیچ گەوادێک و ڕۆژنامەنوسێکی عەرەبی و جیهانی باسیان نەکرد. ئێستاش لە هیندو تایواندو ئەفغان و پاکستان هێشتا مرۆڤ بەهەرزان فرۆشتن باوە! بگرە باندی ڕوسی و ئەنتەرناسیۆنال هێشتا ئافرەتفرۆشی دەکەن و کەرامەتی ئافرەت پیس دەکەن.

کاتێک کە کۆترەکان دایان لەشەقەی باڵ و قەلەڕەشکەکان قیژاندیان، هەواڵێکی سەیر خۆش یان ناشاز و ناخۆش دەگات بە هەناوی مرۆڤ. دارستان ترسا، کۆترەکان هەمان شێوە، قەلەڕەشکەکانیش بە قاژەقاژ دوور کەوتنەوە، بۆنێکی ناخۆش و ناشاز لووتی دلێر

و دانیالایان دەسووتانەوە. بەڵام ئەوان دەربەست نەدەهاتن، بیریان لە باوەڕی یەقینی خۆیان دەکردەوە، چوونکە ئەوان بە کەژێکی ئایینی نوێژەکانیان پێکەوە دەکرد، ڕووتوو قووت دانیشتبوون، دەست لەناو دەست و ئاگر لە نێوانیاندا بوو، بەڵام شەڕ تەنها بە ئاگر دەسپێردرێت، شەڕ تەنها ڕەوانەی ئاگر دەکرێت... ئەمە لەکاتێکدا کە گیان مرۆڤ هەراسان دەکات و دەکەوێتە نەبەرد لەگەڵ گیانی زیندووەکاندا، بەڵام ئەگەر بێت و دێوەکان کە لە هەیئەتی مرۆڤدا دەژین، بە کەشی ئایینی ناچار بکرێن و لەناو ببرێن، دەبێت ببەسترێن، دیل بکرێن، بخرێنە ناو تەرمێکی ڕەشەوە و بیدەن بە تاریکی، تا کەس شوێنەواریان نەبینێتەوە. بۆیە ئەوان ئەو کەمۆڵە ڕەشەیان بۆ تێپەستانی ئەو لەولاوە؛ واتە لە دەرەوەی بازنەکەدا دانابوو. چوونکە دەیانوویست ئەو بێت و تەلیسمی نوێژەکان و کەشی باوەڕی ئەوان ببینێت، ئەوسا ئەگەر دێو بێت، ئەوا دەکەوێتە ناو کەمۆڵە ڕەشەکەوە، بەڵام ئەگەر جنۆکە و مەخلووقاتی گیانی بن ئەوا دەکەونە ناو ڕووناکیی ئاگرەوەو دەگەڕێنەوە ناو سروشتی خواستراویان. بۆیە ئەوان لەوپەڕی هێمنی و دڵنیایی باوەڕو دەروونیاندا چاوەڕوانی هاتنی جەلادەت بەگی جەللادیان دەکرد، کە زۆر لە ناوی خواکان و فریشتەکان و پێغەمبەرەکان دەسڵەمییەوە. چوونکە ڕاستە ئەوجەللاد بوو، بەڵام کەرامەتی نەبوو، کەسێکیش کە کەرامەتی نەبوو، دێوە، دێویش لە ترس و مەرگا دەژی و جگە لە سزادان و خۆخواردن وگەندەخۆری شتێکی تر فامناکات. بۆیە وا نەزانن کە دەڵێم جەللاد باسی مرۆڤ دەکەم، نا، جەللاد دێوە و مرۆڤ نییە، چوونکە مرۆڤ بە ئازاردانی ئەوانی تر گۆش نابێت، بەڵکوو مافەکانی مرۆڤی لەو دەستێندرێت.

جەلادەت بەگی جەللادی زۆڵە توورک، زۆڵە فارس و زۆڵە عەرەب، قەبارەی هێندەی لەتە فیلێک دەبوو؛ خوا پێم نەگرێت وابزانم کوردیش بوو، چوونکە گەلێک زمانی دەزانی!... هەناسە بڕکێی بوو وەک دێو دەڕۆی و جنێوی دەدا بەدەم خۆیەوە، جنێوی بە گەلانی هەموو جیهان دەداو تفی بە چواردەوری خۆیدا هەڵدەدا... دەستێک بەرگی شینی تێری خاکستەری لەبەر کردبوو تا لە شەوا وونبوو یان نادیار دەربکەوێت، یاخوود بینینی ئاسان نەبێت. چوونکە یەکدوو کیلۆمەتر دەبوو بە پێ بڕوات تا کەس نەزانێت کە ئەو بەرەو کوێ دەچێت، چوونکە پۆلیسی ئەنتەرناسیۆناڵ بەدوایدا دەگەڕان... وێنەی ئەو لە لیستی موخابەراتی هەموو جیهاندا بوو، کەس ئەویان نەدەبینی، چوونکە ئەو بە دەرزی و دەرمان خۆی فوو تێکردبوو، هێندەی نیوە فیلێک دەبوو قەبارەی. بۆیە لەو وێنەیە نەدەچوو کە لەلای پۆلیس هەبوو! بگرە پۆلیس هەرگیز لەویان نەدەپرسی، چوونکە ئەو لە وڵاتی ئینگلتەرە مافی خانە نشینی هەبوو، بە هەشت کەسێتی و بە هەشت پاسپۆرت پارەی وەر دەگرت و لەم قاڵبەیدا بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە خانەنشین بوو لە وڵاتی لەندەن، ناوی جەلادەتی کەمال بەگی ئەسفەهانی بوو. کەس باوەڕی نەدەکرد کە ئەمە کۆنە جەللادەو ئێستاش بە گۆشت و خوێن و زمان و کەلەی سەری مرۆڤ دەژی. لەو کاتەوەی لە لەندەن

دەژیا و سەرو کەلەی مرۆڤی کوردی چنگ نەدەکەوت تا بیخوات، سەرو کەلەی مرۆڤ و منداڵی شاری لەندەنی دەخوارد.

بۆیە بەدەم ڕێگەوە ، بەهەناسە بڕکێوە بەخۆی دەگووت: ئەمجارەیان ئەگەر خواردن لەناو سەلاجەکەدا نەبێت شەرتبێت خوودی ئەو قاحبەیە بخۆم... تۆ بڵێی خواردن لەناو بەفردانەکەدا مابێت!؟ تۆ بڵێی لە بەدبەختیی من ئەو قاحبەیە فێری مرۆڤخواردن بووبێت و هەموو جەرگ و دڵ و کەلەسەرەکانی نەخواردبێت؟ گەر بەو کارە هەستابێت، ئەوا مەجبوور دەبم ئەو بخۆم، چوونکە باوکە گەوادەکەی خۆی کووشتووە. گەرچی هاوسەرەکەشیم بە بارمتە ڕاگرتووە، بەڵام ئێستا ئەوم چنگ ناکەوێت، ئەم بخۆم چاترە، وەک دەڵێن ماڵی مفت زوو بخوورێت چاکە.

برسیی بوو جەلادەت ئاغا، یان جەلادەت بەگ... بۆیە هەردوو چاوەکانی سوورو زەق لە تاریکیدا وەک چاوی گورگ دەبریسکایەوە... هێندە گۆشتی مرۆڤ و خوێنی خواردبوو... پێدەچوو بەرگی لەبەردا نەبێت، چوونکە پێستی بەری هێندەی پێستی پیرەفیلێک ئەستوورو پڕ تووکی بۆرو ڕەش و قاوەیی دەردابوو... چوونکە ئەمەندە خوێنی نەژادی ئاری و کوردی خواردبووەوە کە لەشی بە تووکی ئەستوور داپۆشرابوو تا دەمووچاویشی تووکن و تیسکن بوو، کت و مت لە دێو دەچوو. جا خەڵکیش وادەزانن دێوەکان لەناو مرۆڤایەتیدا نەماون. بەڵام ئەو بە هیچ شتێک سیفاتی مرۆڤیی تیا نەمابوو. بوو بوو بە دێو، زۆر دەمێک بوو، بوو بوو بە دێو. هەناسەیشی لە مڕەمڕی دێو دەچوو. بە کینەوە جنێوی دەداو سوێندی دەخوارد بە قووزی دایکی خۆی کە توورک بوو، دەینەڕاند و دەیگووت: ئەمجارەیان لە چنگم دەرناچێت، دەبێت بیکەم بە دوو قەپاڵ.

دارستان تاریک داهات، گەرچی دەمەو بەیانی بوو، بەڵام نە جووکەی مەل بیسترا نە ڕۆشنایی توانای مانەوەی ما لەوێدا! نە کۆترەکان... چوونکە دارستانەکە بە قاغەی قەلەڕەشکە پڕ بوو... قەلەڕەشکەکان دەوری ئەویان دابوو و دەیانقیژاند بڕوخێ تاریکی، بمرێ دێوی چەپەڵ... ئەویش بە جنێو قەلەڕەشکەکانی لەخۆی دوور دەخستەوە. هێندەی نەمابوو بگاتە کوختەکە. چەند هەنگاوێکی مابوو، بەڵام لەولاوە، کازیوە بوو، سرووەی بەیان ئاسۆی بە ڕەنگی شەفەق دەنەخشاند... لە دەستی ڕاستی ئاسمانەوە، یەک تۆپەڵ هەور بە درێژایی کەشتییەکەی نوح لە ڕەنگی وەنەوشەیی پرتەقاڵیدا دەدرەوشایەوە...

دلێر بۆکانی و خانم دانیالای شاعیر و سۆفیستی فیرارکردوو لە یەکتایی خوایی... دانیشتبوون و دەستیان لەناو دەستی یەکتریدا بوو بۆ ڕاونانی شەڕ، بۆ نەبەرد لەگەڵ شەڕدا... مۆمێک لە نێوانیاندا بوو، لەولایانەوە کەمۆڵەیەکی ڕەش بۆ دیلکردنی گیانی شەڕ، واتە جەلادەت بەگی جەلاد، بەسەرکراوەیی دانرابوو.

سوورەتی ئامیین، ناوی پێغەمبەرەکانیان کردبوو بە ئاگر و لەوێدا لە نێوانیاندا ئاگر دەیفەرموو: هیچ هێزێک هێندەی ووشەی ئامیین مەتیین و پڕ کەرامەت نییە، بە ناوی حەزرەتی ماریای پیرۆزەوە، بەناوی هەموو مرۆڤێکی پیرۆزەوە، شەڕ لەم کەمۆڵەیەدا دیل دەکەم بۆتان، نەترسن.

گوێیان لە چپەی دەنگی ئاگری مۆمەکە بوو... چوونکە ئاگر لە تەپەی پێی جەلادەت بەگ دهگەشایەوە و تووڕە دەبوو... بەڵام دانیالا و دلێر یەکیانگرتبوو، بووبوون بەیەک و تەنها جەستەیەکیان لە ماڵەکدا مابوو، گیانیان لە ئاسۆدا لەناو ڕەنگی وەنەوشەدا ئاوێتە بوو، چاوەڕوان بوون تا جەلادەت دیل دەبێت! چۆن نازانیین!...

❖ بەشی سیانزە

جەلادەت گەیشتە بەر دەرگای کوختەکە، کلیلەکانی بۆ نەدەدۆزرایەوە، ئارەقەیەکی زۆری کردبووەوە، دەترسا و پەلی لە لەشی خۆی دەکوتاو بۆ کلیلەکان دەگەڕا، بەڵام ناچار زنجیرو قفڵی پێکەوە هووردووخاشکرد و بە لەقە دەرگاکەی خستە سەر پشت... چوونکە هەموو جارێک کە بە پیکابە سوورەکە دەهات، دوراو دوور چەندکیلۆمەترێک بە پێ دەڕۆت، لەترسی ئەوەی کەس زەفەری پێ نەبات. زوربەی کات نیوە شەوان دەگەیی، بەڵان ئەمجارەیان ناوەخت بوو، کەس هۆکاری دواکەوتنی نەدەزانی! کە گەیشت، ئەمجارەیان نەیوێرا سویچی کارەبای کوختەکە پێبکات، چوونکە سویچی تەنها گڵۆپی ناو هۆڵی کوختەکە ، لە دەرەوە هەڵدەکرا. چوونکە زۆر برسیی بوو، ڕاستەوخۆ هەڵمەتی بردە بەر یەخچاڵەکە و کەوتە داکرماندنی کەلەسەرێکی سەربڕدراو... زۆری پێنەچوو کەوتە قووتدانی دڵ و دووگورچیلەشی هەڵلووشی... بە دەم جنێوەوە دەیبۆڵاند، ئەو قاحبەیە بیری چووە دەرگای بەفردانەکە دابخاتەوە.

پاشان هەستی بە شتێک کرد. هەستیکرد ماڵەکە ڕۆشنە، بەلایەوە سەیر بوو، بەڵام بە نهێنگری ، هەناسەی لەخۆیبڕی و بە ئەسپایی بەرەو هۆڵی کوختەکە چوو... ئەو

چڕنووک و لەپی دێوو چاوی گورگ و لەشی ئەستووربوو بەپێستی دێو کە چەقۆو فیشەک کاریان تێ نەدەکرد... بۆیە پێویستی بە چەک نەبوو، بەتایبەتی کاتێک کە دەهاتە جێژوان بۆلای دانیالاخانم... بەڵام قامچی لە ماڵەکەیدا هەبوو، قامچی و قەمە و کەلووپەلی جەلادی و تەورو زنجیر و کەلەپچە. ئەمانەی بە شێوەیەکی سامناک لەدەوری ئاگردان و وەجاخە دێو شێوە پۆلایینەکە وەک دیکۆر دانابوو... ناو کوختەکە لە ڕەشماڵ دەچوو، بگرە شێوەی دەرەوەی کوختەکەش وەک ڕەشماڵ دروستکرابوو! ڕەشماڵێک کە لە کەنیسەیەکی بچکۆلە و لە مزگەوتیش دەچوو، دەتوانم بڵێم دیکۆرێکی هەمەجیی هەبوو وەک فەسالی دەرەوە، بەڵام لە ناوەوە هەر لە چادر دەچوو، چوونکە ماڵەکە لە تەختە بوو، دیوی ناوەوەی بە چادر دیکۆر کرابوو. بۆیە سامناک بوو لەلای ڕۆشنایی لە کوختەکەدا هەبێت.

لەڕاستیدا ئەو کوختە خەڵک دەیتوانی، نا، دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بۆ مانگ و دوومانگ بە کرێ وەری بگرن، لەهەر جێگەیەکیش کەسەکە بیەوێت دەتوانێت بیگوێزێتەوە، بۆیە کەس بەو جێگەیەی نەدەزانی، تەنها کرێ گرتە نەبێت. بۆیە کاتێک کە جەلادەت بەگ هەستیکرد ڕووناکی لە ماڵەکەیدایە ترسا.

کاتێک کە بە چپە خۆی گەیاندە هۆڵی کوختەکە، بینیی وێنەی ئەستێرەیەکی داوود لەناوەڕاستی ژوورەکەدا لەناو بازنەیەکدا کێشراوە، مۆمێکیش داگیرساوە، کەمۆڵەیەکی شووشەییشی بینی لە دەرەوەی ئەستێرەکەدا، لە دەستی چەپەوە دانراوە. بینیی هەستی کرد، کۆمەڵەکە بە دەنگی دەڵە دێوێک بانگی دەکات: وەرە کوڕم، دەبێت بگەڕێیتەوە... مەترسە ئازارت نادەم، وەرە، بگەڕێرەوە، دەنگەکە تا دەهات زیاتر زاڵ و گڕ تر و تۆقێنەرتر دەنیەڕاند.  بەڵام ئەو دەیگووت نا، تا نەزانم کێ ئەم مۆمەی پێکردووە. دەبێت ئەو قاحبەیە بخۆم دەنا ناتوانم بگەڕێمەوە.

دەنگی قاقای دەڵەدێو جەلادەتی ڕاچەناند... قەبارەی کەمێک بچووک بووەوە لە ترساندا... ئینجا تەماشای مۆمەکەی کرد... هەموو توانای خۆی خستەکار بۆ بینیین، چوونکە بۆنی دەکرد، بۆنی مرۆڤی دەکرد لە ماڵەکەدا، بۆنی ڕیحانە و نێرگز و سمڵ... پاش توانا بە خەرجدانی زۆر، بینیی دوو پەیکەری ئاڵتوونی دەستیان ناوەتە دەستی یەک و تیکەڵاوی یەکتری بوون!... دوو مرۆڤ، کەمێک لە ترساندا پاشگەز بووەوە، پاشان ئارەقەی کردەوە و هێندەی تر قەبارەی بچووک بووەوە... پاشان قینی هەستاو لە پێستی دێو دەرپەڕی و خۆی وەک مرۆڤێکی قارەمان گۆڕی و کەوتە نەبەرد لەگەڵ لەشی دلێر و دانیالادا... بەڵام هەرچەند هەوڵی دەدا نەیدەتوانی ئەوان لە بازنەکە دەر بهێنێت،، تەنانەت نەیدەتوانی مۆمەکە بکوژێنێتەوە... پاشان تووڕە بوو، هێندە تووڕە تا ئارەقێکی تری کردەوە، ئەوسا توانیی ئەوان لە بازنەکە دەرکێشێت، توانیی ئەوان بێدار بکاتەوە.

بەڵام لەو کاتەدا کە دانیالاخانم و دلێر هەستانە سەر پێ و لە ژوورەکەدا وەک ئاڵتوون دەبریسکانەوە... ئیتر دێو جەلادەت بەگ توانای بینینی نەما... هەردووکیان دەستیان خستەوە ناو دەستی یەکتر و بە دەنگی دوو فریشتە ئاوازێکی سەلمایان خوێند...
فەرموویان: ئامیین، بەناوی هەموو پەرستگاکانی جیهانەوە، بەناوی پێغەمبەرەکان و فریشتەکان و خواوەند و خواکانەوە، بە ناوی مرۆڤ و خێرەوە... ئەم دێوە دەستووپێ بەند بکەن و بیگەڕێننەوە بۆ ناو تاریکییەکان، بۆ تارتارۆس. یەک لە ئێمە و دوو لەوان، بە ناوی عیش و ئازادی و جوانییەوە... تکا لە گیانی پیرۆزی هەموو جیهان دەکەین تا ئەم دێوە دەستووپێ بەند بکەن... ئامیین، ئامیین.

کاتێک وەهایان فەرموو، دێوەکە هێندەی تر تووڕە بوو، بەڵام زۆری نەبرد تاریکی لەناو کەمۆڵە ڕەشەکەوە وەک هەژدیهایەکی تاریک سەری دەرهێناو کەوتە دووکەڵ بڵاوکردنەوە، دووکەڵێکی ڕەش و بۆگەن، کە ئەوان نەیانتوانی بەرگەی بگرن... دووکەڵێک کە ئاسمانی دەرەوەی ماڵکوختەکەی داپۆشی، کە خەڵکی لەسەر شەقام و ناوماڵ و ماڵ و کەنیسەو شوێنە گشتییەکاندا، دوراو دور کۆکەکۆکیان بوو و خەڵکی گشتیان نەخۆش دەکەوتن و نەیاندەزانی هۆکاری ئەم دەردە کتوو پڕە و ئەو تاریکییە چییە کە ئاسمانی شارەکەیان داگیر دەکات... خەڵکی بە ڕێگاکاندا سست و تەمبەڵ و تەوەزەل دەبوون، زوو نەخۆش دەکەوتن، هەندێک لەخۆوە دەمردن. لەو سەعاتەدا زۆر زوو دەسەڵاتی شەڕ بەناو شەقام و گەڕەک و بازاڕەکانی پایتەختدا بڵاو دەبووەوە، بەڵام ئەوان تەنها دووکەڵێکی ڕەشیان دەبینی، کە کاری لەوان نەدەکرد، چوونکە ئەوان دڵ و دەروونیان پاکژبوو، مرۆڤی پاکژیش هەندێک زەهر هەن کە کاریان تیناکات. ئەوان کەسانێک بوون لەو جۆرە!

کەمۆڵەکە دلێر بۆکانی و دانیالاخانمی نەدەترساند، چوونکە هێشتا نەیانزانیبوو کە ئەو کەمۆڵەیە ژەهرێکی نوێی تیایەو خاڵی نییە ؛ بەڵکوو کەمۆڵەیەکی سیحری ڕەشە، کاتێک کە سەرەکەیان کردەوە... بەڵام کار لەکار ترازابوو، دەبوو هەڵ بدەن جەلادەتی جەلاد دەست بەست بکەن و لەناو ئەو کەمۆڵەیەی بنێن تا تووڕی بدەنەوە تارتارۆس و جیهان لە شەڕ دەرباز بکەن. بۆیە هەندێکجار مرۆڤ بەئاگا نییە لەوەی کە هەڵە دەکات. بەڵام ئەوان بێخەتا بوون. ئەمە ڕاستییە گەر باوەڕ ناکەیت. بەڵام بزانە مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەموو شەڕەکان قڕ بکات... ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە تێبگەن، شەڕ هێندە مەتیین نییە بتوانێت، دانیالاخانم و دلێربۆکانی لەناو بەرێت. چۆن؟... جا با من بۆتانی باس بکەم.

## ❖ بەشی چواردە

دلێربۆکانی و دانیالاخانم دەمیان خستە ناو دەمی یەکەوە، بەڵام نەک بە نیازی ماچکردن و ڕامووسان، چوونکە کاتی ئەوە نەبوو، چوونکە پێویستیان بەوە نەبوو، بەڵام پێکەوە بە چپە هەناسەیان تێکەڵی یەکتری دەکرد، بەهەناسەیان فەرموودەیان لەگەڵ یەکتریدا دەگۆڕییەوە و داوای کەمترین دەسەڵات گیانی یەکترییان دەکرد... دلێر بەوی دەفەرموو: مێروولەکان. دانیالاخانمیش لە وەڵامدا دەیفەرموو: لەشکرەکانتان. یەک لەئێمەو دوو لەوان، بەناوی شای ووردە زیندەوەران، دابەزێنن لەشکری مێروولەکان.

کاتێک وەهایان فەرموو، لەو ئاسمانەوە کە ڕەنگی بە تیشکی شەفەق ڕۆشنبوو، لە سەرەوەی پەڵە هەورەکانەوە کە شەفەق وەک کەشتییەکەی نووح ڕۆشنبوو، کۆمەڵێک مێروولەی تیشک شێوەی سپی و باڵدار دایانە فڕکەو بەرەو کوختەکە لە ئاسمانەوە لە شێوەی هەژدیهایەکی سپیدا پەخشدەبوون و دەفڕین بەرەو ئەوێ.

مرۆڤەکان، ئەوانەی لەو کازێوەیەدا بێدار بوون و تەماشای ئاسمانیان دەکرد. ئەوانەش کە نوێژەکانیان دەکرد، ئەوانەش کە چاوەڕوانی هاتن و دابەزینی مووعجیزەبوون دابەزێت بۆ سەر زەوی؛ بینییان، بینییان هەژیهایەکی مەزن بە ئاسماندا هەڵدەپژێت، لوول دەخوات و بە هەناسەکانی سپی سپی، شفا بە ئاسماندا پەخش دەبێت و تێکەڵ بە هەوا دەبێت و بە ناو شاری لەندەندا بڵاو دەبووەوە ،، چارەی ئەو مرۆڤانەی دەکرد کە تەنگەنەفەسی و کۆکە ڕەشە و وەناقیان تووش بووبوو. کە دووچاری تەمبەڵی بووبوون و خویانگرتبوو بە مادده هۆشبەرەکانەوە. مرۆڤەکان هەندێکیان ئەوەیان بە چاوانی خۆیان دەبینی و بە هەموو لایەکدا تەلەفوونیان دەکرد، یان دەکەوتنە سەما، یان لەخۆشیدا باڵیان لێ دەڕوا...
هەندێکیش لە قین و داخدا دەبوون بە بەرازی ڕەش و بە مەیموون. زۆر سەیر ناو شاری لەندەن دۆخ و شوێنەواری گۆڕا...

هەژدیها سپییەکە کە لەشکری مێروولەکان بوون، بەتەوژم بەرەو کوختەکە چوون. لەوێ قین و نەڕەی دێوەکان یەکی گرتبوو و پەیکەری ئاڵتوونیی دلێرو دانیالاخانمیان دەکێشا بە

دیوارەکانداو شەڕ بەرپا بوو و دەستی دابووە ئێخەی ئەوان... بەڵام ئەوان هێشتا لە نەبەرددا بوون و دەیانویست لەشیان بەیەکتری بگاتەوە و دەست بنێنەوە ناو دەستی یەکتر. چوونکە جەلادەت بەگ توانیبووی بە یاریدەی دەڵە دێوەکە ئەوان لە یەکتری جیا بکاتەوە... بووبوو بەو مەخلوقە پیسەی کە لە نێوان هەردوو قەبرەکەی مەم و زین ـدا نێژرابوو... ئەوانی لەیەکتری دابڕیبوو. ئەوانیش شەکەت و زاماداربوون، بەڵام کۆڵیان نەدەدا، هەر هەڵدەستانەوەو هەوڵیان دەدا، دێوەکەش بە شەق لە ناو ژوورەکەدا گەمەی بە لەشی ئەوان دەکردوو دەینەڕاند: وا نەزانن خێری ئێوە دەتوانێت شەڕ لەناو بەرێت، نا، من دەسەڵاتدارو من بەڕێوەبەری بوونەوەرم، من دەتوانم ئازادی لەناوبەرم.

کاتێک کە هەژدیها سپییەکە لە لەشکری مێروولەکان گەیشتن... ڕووناکی گەیشت، ڕاستەوخۆ ئەڵقەیان بەست لە دەوری دانیالاخانم و دلێربۆکانی، چوونکە ئەوان خۆیان گەیاندبووە کەنارەکانی بازنەکەو نەخشی ئەستێرەی داوود. لەوێدا هەژدیها سپییەکە دەووری هەردووکیانی دا، هەردووکیانی پێکەوە جووت کردەوە... هەردووکیان بوون بە دوو مرۆڤی یەکگرتوو، بەڵام بێهۆش لەناو بازنەکەدا ڕاکشان. هەژیهاکە ئیلهامی لە پەیامی ئاگر وەرگرت و ئەڵقەی لەدەوری ئەوان و مۆمەکە بەست.

لەولاشەوە دێوەکە بەر شەوارە کەوتبوو، هیچی نەدەبینی چوونکە ڕۆژ هەڵهاتبوو، ئەستێرەی داوود داگیرسابوو، هێزێک، تەوژمێک، زەبرێک، دەنگێکی وەهای لەناو کوختەکەدا دروستکردبوو کە دێوەکە برسکی لەبەر بڕابوو و نەیدەزانی چیبکات و تا دەهات زیاتر و زیاتر بچووک دەبووەوەو کەمۆڵەکەی لێ دەبوو بە کۆشکێکی مەزنی تاریکی بێ دەرگاو پەنجەرە... ناچار بازی دەدا و خۆی وەک مەیموون هەڵدەداو دەقروسکایەوە و دەیویست خۆی هەڵزنێت بەسەر کەمۆڵەکەداو بگەڕێتەوە ناو دەروونی تاریکی. بەڵام ئەم کارە زۆر سەخت بوو بۆی، بۆیە هەژدیها سپییەکە تەوژمی باکانی هاندا تا یاریدەی بدەن بچێتە سەر لێواری کەمۆڵە تاریکەکە، پاشان باکان بە دەستێکی نادیار ئەو کارەیان ئەنجامدا و هەر بە هەمان دەستی نادیاری باکان سەری کەمۆڵەکە کە تەبەدۆربوو توووند داخرا... ئیتر تەنها ڕۆشنایی بارتەقا بوو، کاتێک کە دلێرو دانیالا چاویان کردەوە. بینییان هیچ تاریکاییەک لەوێدا لە کایەدا نییەو ئاسمان ڕۆشنە و شوێن ناو کوختەکە نییە و دێوو درنج لە دەوریان مەحف بوونەتەوە.

بەڵێ، کاتێک کە بێدار بوونەوە، هیچیان نەبینی، شوێنەواری ئەو ماڵەشیان نەبینی کە تیایدا خانم دانیاک سێ دانە ساڵ دەستبەسەر بوو، کە تیایدا ئاشنا بوو بە گیانی دلێر بۆکانی لە خەونەکانییدا و دلێریش هەر لە هەمان جێگەدا ئاشنای ئەو بوو. کات بەیانی بوو، شوێن کەمێک لەدوورەوەی دەریا و دەشتێکی تا چاوبڕبکات بەرین بوو، تەنها ڕێگەیەکی جوانی پڕشنگداریان دەبینی، پێکەوە هەستیان دەکرد لە بەهەشتدان... هەستیاندەکرد لە نەبەردا

گیانیان سپاردووه و ژیانیان خستۆته پاش خۆیان. بەڵام ئەوان لەمن و تۆ زیندوو تر و خۆشحاڵترو تەندروست تر بوون. کاتێک بێدار بوونەوە، بینییان دوو سۆنە، کۆمەڵێک کۆتر لە دەورووو لە ژوور سەریان هەڵنیشتوون و هەزاران باڵندەی دەنگخۆش ئاواز دەخوێنن، شوێن و ڕێگاکان لە ناو تەمێکی ڕۆشندا نادیار بوون، کە بە توولەڕێگەیەکی لە تەم دروستبووی ڕۆشندا دەڕۆیشتن. دەنگێکی پیرۆز بە دەبگی ئافرەت ئەوانی هان دەدا باوەڕ بکەن کە هێشتا لە ژیاندا ماون، چوونکە ژیان لە ڕاستیدا زۆر خۆشتروو شادابترە لە ژیان لە خوودی بەهەشتەکاندا. بینییان کەمۆڵەیەکی ڕەشی سەرپەستراو بە تەبەتۆر لەولایانەوە دانراوە. بیریان دەکردەوە، دەیانوویست پێکەوە هاوڕابن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ دەرباز بوون و قووتار بوون لەو کەمۆڵەیە. چوونکە شەڕ هێشتا دەنگی دەهات و جمەی دەهات و جنێوی دەدا و دەنگی بە کپی لە کەمۆڵەکەدا دەبیسترا.

❖ بەشی پانزە

خەڵکینە، دەزانم باوەڕتان مۆلەقە و دەشێت جێگەی فەرموودەکانی منیان تیادا نەبێتەوە! دەشێت باوەڕت بە سەرەتا و ناوەڕۆک و کۆتایی ئەم داستانە نەبێت، بەڵام من دەربەست نایەم، هەوڵ دەدەم باوەڕتان بهێنمە لەرزەو لە خەوێکی مێژوویی کۆن بێدارتان بکەمەوە، چوونکە دێوەکان باوەڕیان بەم ڕاستییە هەیە، ئەوان وا دەزانن بە شەڕ دەتوانن هەموو گێتی و ئاسمانەکانیش داگیر بکەن، وا دەزانن هەرچی مرۆڤایەتییە دەبێت نووچدابدەن بۆ مەبەست و خۆزگە و هەوەسی نەخۆشانەی ئەوان. بۆیە من دەمەوێت بەم داستانە بۆ هەتا هەتایی شەڕ و بەڵاو نەخۆشی و دەرد قڕ بکەم، بەم باسە بەپێزانە من بە چاوی هەستی دەروون دوای بەسەرهاتی داستانی دانیالا و دلێر بۆکانی دەکەوم، چوونکە ئەوان لە بەهەشتدا نیین و نەمردوون، ئەوان دەژین، غەمتان نەبێت، هێشتا نەگەیشتوومەتە ناو دەقی کۆتایی داستانەکەم، منیش وەک ئەوان ئەوەی دەیبینم نا شایانی باوەڕە و سەرم

دەسوورڕمێنێت، بەجۆرێک سەرم دەسوورڕمێنێت کە خەریکم باوەڕم لەدەست دەدەم، بەڵام من ئەو کارە ناکەم. گەر بێت و منی چیرۆکخوان ئەو کارە بکەم، ئەوا شیرازەی جوانی و ئەدەبی دەربڕین لەسەر زەمین تێکدەچێت، ئەوسا مرۆڤایەتی سەریان لێدەشێوێت، ئەوسا شەڕ دڵی دەشکێت و کەمۆڵەکە لەدەستی ئەوان دەکەوێتە سەر زەمین و هووردو خاش دەبێت و ئەمجارەیان زەمین هاوسەنگیی تێکدەچێت، ئەوسا مانگ و ڕۆژو ئەستێرەکان بەر دەبنە گیان و لەشی یەکتری، ئەوسا سەرماکان گەرمایان دەبێت و بەستەڵەکەکان دادەتەپن و گڕیان تێبەردەبێت، ئەوسا درەخت و شاخ و بەردەکان دەبن بە پووش و پەڵاش و باکان لوولیان دەدەن بۆ ناو گەرووی جەهەننەم و خاپوور دەبێت هەموو شتێک. ئەوسا کەستان ناپەرژێن نوێژێک بکەن، ئەوسا نوێژەکانتان بێ مانا دەبن. بۆیە من کاری وەها ناکەم، دلێر بۆکانی و خانم دانیالای پیرۆز دەبینم، دەیانبینم هەردووکیان تێکەڵی یەکتری بوون و سپی سپی بریسکەیان دێت، بە توولە ڕێگایەکی ڕۆشن لە تیشکی مێرووله سپییەکاندا دەڕۆن، بەرەو کوێ؟ نازانم، بەڵام بەرەو پایتەخت ناڕۆن، چوونکە لەوێ هەژدیای هەشت سەری لێیە و ئەوان زۆر چاک دەزانن، چوونکە لە شاری لەندەندا، بەڵکوو لەشارەکان و پایتەختەکانی هەموو وڵاتانی ئەوروپادا دێوێکی مەتیین، مەزنتر لەوەی کە بەر لە تاوێک دیلکراو خرایە ناو زیندانی کەمۆڵەکەوە؛ دەژی و بەدەسەڵاتە و فرمانڕەوایە.

بۆیە دلێر بۆکانی و دانیالاخانم دووراو دوور سێبەرێکی تاریکیان دەبینی کە لە شێوەی سێبەری مرۆڤ دەچوو؛ بەڵام کەمێک گەورەتر دیاربوو... تاریک تاریک دژ بوو بەو ڕووناکییەی ئەوان لەسەری دەڕۆیشتن...

ئەوانیش بە ڕێگا ڕۆشنەکاندا دەڕۆیشتن و شووشە ڕەشەکەمۆڵەکەشیان لەدەست بوو. دەڕۆیین... ئەویش چاوەڕوانی هاتنی ئەوانی دەکرد. کێ؟ سێبەرێکی تاریک وسامناک! کە دەسەڵاتی خوودی تاریکی بوو. کوونە پەپوویەک دەیخوێند، نا ببوورن دەوەڕی، لەو پەپووە شوومانە بوو کە دەوەڕی و نەحس و نەخۆشی لەحەپەیدا دەزان، سەگێکی ڕەشیشی لەگەڵ بوو... سێبەرەکە سێبەری خانمێکی جادووکەری تاریک بوو، پەیداغێکی ڕەشیشی هەڵکردبوو، ڕاوەستابوو، وەک ئەوەی بزانێت کە ئەوان لەوێوە ڕێگاکان تەی دەکەن. وەک ئەوەی هەواڵی زیندانی بوون و کۆتبوون و گۆتبوونی هێزی شەڕو دێوی جەلادەت بەگی جەللادی پێگەیشتبێت. بەڵێ، چوونکە ئەو خوودی گۆشکەرو دایکی جەلادەتی جەللاد بەگ بوو. پڕبوو لە کینەو لە بووغزو؛ مار وەک سەری مێدۆزا لەسەر سەرو لەچواردەوری ئەو سەمایان دەکرد، کۆمەڵێک قەمووری تیسکن و شێوە بەراز لرفە و زریکە و قیژەیان بوو لە دەوری. لایەکی زەمین ڕۆشن و لاکەی تری تاریکی داگیری کردبوو. هەشت پاسەوانی جەلاد پاسیان دەکرد. ڕۆژ گیرابوو، مانگ لە نێوان زەمین و ڕۆژدا گیری خواردبوو، نەیدەزانی بەلای کامیاندا ڕووی خۆی وەرچەرخێنێت، چوونکە

گەر بهاتایەو ڕۆژ ئەوی هەڵلووشیایە ئاخر زەمان دەهات و هەموو هەسارەکان دەچوونە قوڕگی ڕۆژەوە و هەموو شتەکان دەبوونەوە بە تەپوو تۆزو بووخارو ئێکسیرو گاز.
ئەگەریش وەها بمایەتەوە ئەوا شەڕ زاڵ دەبوو و مرۆڤایەتی لە نەخۆشی و دەردو وەناق و کوێری و کەڕی و گەڕیدا بەرباد دەبوون و یەک تاقە مەخلووق لەسەر گۆی زەمین بە ساغی نەدەماو مرۆڤەکان، ئەوانەش کە دەمانەوە، دەکەوتنە ناو قەپۆزی تاریکی و نەخۆشی و مەرگەوە و شەڕ بەتەواوی دەستی بەسەر ژیاندا دەگرت...

❖ بەشی شانزەیەم

دانیالاخان بەدەم ڕێکردنەوە، بە دلێری فەرموو:

- ڕێگاکان هەرچەندە تاریک و سامناک بن، من دەتوانم برەو بە ڕۆیشتن بدەم، بەڵام دلێرگیان نازانم بەرەو کوێ دەچیین! ئەو تاریکاییە بەرەو کوێمان دەبات؟
- بەرەو ماڵەوە.
- ماڵی ئێمە لەم سەر زەوییە نییە چییدی، ئەی نابینی تاریکی هاتۆتە سەر ڕێگەمان؟
- بەڵێ دەبینم، بەڵام ئێمە دەروون و دڵمان هێشتا ڕۆشنە، ئێمە بەو ڕێگایانەدا دەڕۆین کە ڕووناکن.
- بەرەو کوێ دەچین؟
- وەک فەرمووم: بەرەو ماڵ و زادەگای خۆمان. بەرەو کامەرانی، بەرەو ئەو جێگەیەی کە ژیان بانگمان دەکات، بەرەو هەمیشەیی.
- ئایا دەمرین؟ یاخوود مردووین؟
- نەخێر گیانی شیرینم، مرۆڤ هەرگیز نامرێت، جا خەیاڵاتی سست و ڕەگی نەخۆشی و دوودڵی لەگیانی خۆت ڕیشەکێش بکە، دەنا تاریکی پێمان دەوێرێت. چوونکە تۆی ئازیز ساڵانێکە لە دەروونی شەردا دیلیت، دەشێت توانای پاکژ بوونەوەت نەبێت، گەر وەها بدوێیت ناچار دەبم ڕووی خۆمت لێوەربگێڕم و پاشەکشێ بکەم، چوونکە هەست بەلاوازی دەکەم لەم ووتانەدا.

- ئاخر دلێری ئازیز من نازانم نیشتیمانی من لەکوێیە! من باوکم دووچاری ئەم هەموو ئازارانەی کردووم، من لەنیشتیمانی باوکم دەترسم.

- نیشتیمان موڵکی باوکی من و باوکی تۆ نییە. نیشتیمان ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ

تیایدا هەست بە ئارامی دەکات. جا لەهەر وڵاتێک وماڵێک و خاکێک و بستێک خاکی ئەم سەرزەمینەدا ترس و شەڕو نەخۆشی و مەرگ بژی، مرۆڤ ئاسوودەو خاوەن کەرامەت و نیشتیمان نییە. بەڵام دەبێت هاوشانم بیت گەر باوەڕت بە داهێنان هەیە، گەر باوەڕت بە شکۆی جوانی و مەزنیی باوەڕی مرۆڤ هەیە، گەر باوەڕت بە یەکسانی و بەجیهانی بوون و بە عیشق هەیە... دەبێت دەستەکانمان یەکتری گەرم بکەنەوەو دەبێت لەمەحاڵیشدا بێت، نائومێد نەبیین، دەبێت بەلای کەمەوە بتوانیین ژیان لەسەر خەندەکانمان نەتۆرێنیین، دەبێت هەوڵ بدەین بە خەندەکانمان جیهان ڕزگار بکەین. دەبێت کۆڵنەدەین و بەرگە بگرین، دەبێت بڕۆین.

- بۆ کوێ؟ ئایا تۆ ڕێگاکان دەناسیت؟ ئایا تۆ دەزانیت بەرەو کوێمان دەبات ئەم ڕێگایە؟ ئایا ئەو دەعبا ڕەشە، ئەو جانەوەرە تۆقێنەرە دەبینیت هاتۆتە سەر ڕێگەمان؟ ئایا خەون دەبینم یان لە ڕاستیداین؟ پێم بڵێ خۆشەویستی گیانییم، فیداتبم، پێم بڵێ لە کوێین؟! مردووین یاخوود هێشتا لەژیانداین؟ پێمبڵی گیانی من ئێمە لەکوێین؟ ئەی ئەو جەندەبازە تاریکە شەریرە نابینیت هاتۆتە سەر ڕێگەمان؟

دلێر لە جێگەی خۆی ڕاوەستا، کەمۆڵە شووشەڕەشەکەی بە پرتاو لە چنگی ئەو دەرهێنا، پاشان سێ هەنگاو دواکەوت، پاشان فەرمووی: بمبوورە خانمی پیرۆزو مەزن، من ناتوانم لەتەک تودا بە هەمان ڕێگەدا بڕۆم، چوونکە تۆ باسی دێوو، باسی شەڕوو نەخۆشی دەکەیت وئەجندەی شەڕ دەبینیت. تۆ هێشتا گومڕاو بێباوەڕیت... چوونکە هەڵگری ئەم کەمۆڵەیەیت، دەبێت بمبووریت، من ڕێگەت نادەم ئەم کەمۆڵەیە هەڵبگریت، دەنا شەڕ لەگەڵ هەنگاوەکانماندا هەنگاو هەڵدەهێنێت، بەڵام خانمە پیرۆزەکەم وا نەزانی کە شەر هێندە لاوازە کە مرۆڤ بتوانێت لەناوی بەرێت! چوونکە سروشتی شەڕ لە مرۆڤ نییە. شەڕ ڕووخسارێکی تری هەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت هەمیشە سێ چارەی لەبەر دەمدا بێت. ئەی خانمە شیرینەکەم، ئێستا تو لەبەر دەمی دادگای جیهانیدایت... تۆ لە مەملەکەتی خواکاندا و لەناوەڕاستی ستۆنج هەنج ـدا لەنێوان خواکاندا ڕاوەستاوی لەناو بازنەکانی ژیاندا. لەناو جەرگی خواکاندایت. ئێرە مقەڕو ئارامگاو خەڵوەتگای خواکانی سەر زەوییە... ئەمان پاش ئەوەی هەرەمەکانیان بە وویستی مووسا داهێنا، هاتن لێرە پشوو بدەن. ئیتر هەستیان بە دڵنیایی کرد و مانەوەو خەویان لێکەوت.

دانیالای پیرۆز، ئەی خۆشەویستەکەم، تۆ هێشتا زیندوویت و وەکوو من هەناسە دەدەیت... مەترسە، ئەو شەڕەی کە دەیبینیت ناتوانێت زەفەرت پێ بەرێت، ئەوە هەمان بەڵایە کە هاتە سەرڕێگەی هاوسەرەکەی حەزرەتی لوط... کاتێک بەوانی فەرموو: ئەی قەومەکەم دەبێ بڕۆین و ئاوڕ لە شەڕ و بەڵا و سزاکانمان نەدەینەوە، دەنا دەبین بە بەرد. لەم سەفەرەدا ئەوی ئاوڕ لەشەڕ بداتەوە، دەبێت بە بەرد، بە سەنەم، بە تیمسال، بە بەرد.

دەزانم دالیا گیان تۆ هێشتا شەڕ لە باوەڕتا دەژی، بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێیت و تێبگەیت کە زەمەن گەڕاوەتە دواوە، ئێستا من و تۆ لە سەردەمێکی تردایین... لە ستۆن هەنجس... نەکەی ڕووت بەرەو بەڵای شەڕ وەرگێڕیت، دەنا شەڕ تۆشم لێداگیر دەکات. ئاگاداربە دانیالای گیانم، ئەگەر بێت و تەماشای ئەو سێبەرە بکەیت، یان ئاوڕی لێ بدەیتەوە، یان خوانەخواستە ڕووت بەرەو چەپ وەربگێڕیت، ئەوا دەبیت بە بەرد و کۆیلەی شەڕ. ئەوسا ئەو گیانە شەریرە قووتت دەدات. لەیادت بێت کە تەماشاکان ڕاست و چەپ و پێشیان هەیە و هەیشە مرۆڤ دەتوانێت پێشی خۆی، ئەملاو لای خۆی ببینێت. تۆش سەرپشکیت. چوونکە ئەم کەمۆڵەیە زۆر قوورسە تۆ هەڵتگرتووە، بۆیە من لێتی دەسێنم، چوونکە من دەتوانم چاودێریی بکەم، من دەتوانم نەهێڵم شەڕ داگیرمان بکات، بەر لەتۆ من دەتوانم ڕووبەڕووی ببمەوە.

بەڵام دانیالاخان فەرمووی: نا... دەبێت پێکەوە ڕوو بەڕووی چارەنووس ببینەوە. دەنا ناڕۆم و لێرەدا هەر چاوەڕێت دەکەم. دلێر بۆکانی فەرمووی:

- نا گیانی من، سەرپێچی مەکە، ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانیت، تۆ ماندویت، تۆ دەروونت هێشتا شەکەتە، ترساویت و ترس بە نیگاکانتەوە دیارە.

- نا، وا نییە، من لەگەڵ تۆدا نەبێت ناتوانم بەرامبەر بەو مەخلووقە پیسە ڕاوەستم، ناترسم، بەڵام هەست دەکەم پێکەوە بوونمان ڕزگارمان دەکات.

- ئاخر گوولّی گیانی پیرۆز من هێشتا شوێنەواری ترس لە دەروونمدا هەست پێ دەکەم، دەزانم ئەوە دڵەڕاوکێو ترسی تۆیە ئەو سێبەرە دروست دەکات. چوونکە تۆ نابینی کە ئێمە لەسەر پشتی حەژیایەکی مەزنیین و لە ستۆن هەنج لەوەڕاستی دەروونی خواکاندا پارێزراوین و لێرەدا ئەم کەمۆڵەیە دەگەڕێنمەوە ناو دەمی ئەو حەژیایە. دەنا ئەو تارماییە نێرەمووکە تاریک و بۆگەنە دەتوانێت بتترسێنێت. چوونکە من نایبینم، هەست دەکەم تۆ لە خەوەکانتدا دەترسیت. بۆیە من ناتوانم هەنگاوەکانم بە هەنگاوەکانت جووت بکەم. من ناتوانم یەک هەنگاوی تر لەگەڵ تۆی خۆشەویستمدا هەنگاو بنێم، دەبێت بمبووریت، چوونکە شەر دەتوانێت لە منت دابڕێت و نیوەی لەشم بخوات.

- ئەی دلێر گیان، ئەوە تۆ دەڵێی چی گیانە! خۆ من و تۆ تەنها لاشەیەک و یەک گیانیین. چۆن دەتوانی لە لەشی خۆتم جیا بکەیتەوە؟

- دەتوانم خانم، چاک دەتوانم، چوونکە من دەتوانم مانگ و ئەستێرە و بوونەوەرەکان لە تەماشاکانمدا هەڵبگرم. من دەتوانم خۆم بکەم بە هەزار کەرتەوە. ئەگەر شەڕ داگیرم بکات، وەک دایکێکی تووڕە لە منداڵێکی چەتوون، نێخەی کراسەکەم دادەدڕم و شەڕ لە ئەستۆی خۆم دەکەمەوە... شەڕ لە بەری خۆم دادەدڕم، ئەگەر شەر هەڵمەتم بۆ بهێنێت، من تووڕە دەبم، جا شەر شێوەی هەرچی چەندێک جوان بێت، من نایبینم و لەگەڵیدا هەنگاو هەڵناهێنم. لەگەڵیدا ناڕۆم و هاوڕێ و خۆشەویست و دۆستی نیم.

- مەبەستت چییە دلێر لێت تێناگەم؟!

- مەبەستم ئەمەیە کەمن تا ئەوکاتەی هەست بە شوێنەواری ترس بکەم لە دەروونمدا لەگەڵ تۆدا، ناتوانم هەست بە هاوگیانی بکەم. چوونکە دڵنیات دەکەم، کە من و تۆ تەنها بە هاوگیانی، بە هاو ژیانی، بە هاوغەمی، بە هاوکامەرانی، بە هاوهەستی دەتوانیین بەلای ئەو تارماییەدا تێپەڕین... بەڵام ئەگەر هات و تارماییەکە توانیی هەڵمانلووشێت، مانای وایە ئێمە هاوگیان و هاوسۆزو هاو هەستی یەک نیین.

- چۆن بتوانم دڵنیات بکەم؟ چۆن؟ بەچی دەتوانم ئەو هێزە چنگبخەم؟

- بە تەماشا گیانەکەم، بە تەماشا نەکردن و نەبینینی دێوی ترس. بە تەماشاکردنی جوانی و باوەڕی پیرۆزی و هاوهەستی لەگەڵ خواوەندو خواوەندەکاندا. تەنها نەجات لەوێدایە کە بتوانیت هەست بە پاکژی بکەین، هەست بە یەکتری بکەین و دڵنیا ببین لەوەی کە دەتوانیین بەلای ئەو تەلیسمە تۆقێنەرەدا بڕۆین و دڵنیا بین لەوەی کە ئەو ناتوانێت زەفەرمان پێ بەرێت. دەبێت باوەڕێکی یەقینمان بە خۆشەویستی و ئازادی و ڕاستی هەبێت، تەنها ڕاستییەک کە دڵنەواییمان گۆش دەکات و خەندەکانمان دەخاتە ناو ناخەوە. تەنها چارە لە تەندروستی باوەڕەکانماندایە، تەنها بە کردنەوەی چاوی باوەڕە ڕۆشنەکان دەتوانیین حەق و ڕاستی ببینیین. دەنا دەکەوینە قوڕگی تاریکییەوە و تاریکی وشەڕ هەڵماندەلووشێت، دەنا زەمەن دەگەڕێتەوە و تۆش دەبیت بە هاوسەرەکەی سەردەمی لاویم، کە ناوی هاجەر بوو.

- دالیا خانم لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت، فەرمووی: ئەی هاودەمی گیانیم وەرە ناو ناخمەوە و هەوێنی جوانی هەڵڕێژە، وەرە ئا لەم جێگا پیرۆزەدا تێکەڵم بەرەوە تا بتوانم بچم بە گژ ئەو شەڕانەدا کە چەپەری ڕێگاکانیان لێم گرتووە... من لەگەڵ

تۆدا دەتوانم دەست بەرم بۆ ناخی ئاسمانە قووڵەکان. ئەگەر تۆ تێکەڵم نەبیت ئەوا عیشقم زامار دەبێت. ڕاستە من ماندووم، شەکەتم و هێشتا دیلم و هەستدەکەم لە زیندانەکانی جەلادەت بەگدام. بەڵام تەنها تۆ وەک ڕزگارکەر دەبینم، دەزانم و دڵنیام بە پیرۆزیی تۆ هەموو ڕێگا ڕۆشنەکان دەبینم.

دلێر بۆکانی تەماشای دەکرد... تەماشای شەکەت و دڵە ڕاوکێ و هەناسەبڕکێی خانم دانیالای شاعیر... چووە ناو هەستی تەماشاکانیەوەو فرمێسک لە چاوەکانییدا قەتیسمان... تەماشای دەکرد و دەیبینی، هەموو قووڵاییەکانی لە تەماشای ئەو چاوانەدا بینی کە بەر لە تاوێک لە ناویدا مووبتەلای عیشق بوو، عیشقی تابلۆی خانم دانیالا؛ کە بەهۆی ئەو تەماشایانەوە توانیی مەزنترین دڕندەو جەللاد دەستگیر بکات. دەیتوانی تەنها بە یاریدەی تەماشای چاوەکانی ئەو ڕۆشنایی بدات بە کوختەکە، دەیتوانی هەموو جیهان ببینێت، دەیتوانی ئەو حەژیایە ببینێت کە دەوری زەمینی داوە و ڕاپەڕێنێت. هەستی بە شەرمێکی منداڵانەکرد، هەستیکرد ئەمجارەیان نابێت لەو جیا بێتەوە، نابێت هەنگاوەکانی لە هەنگاوەکانی ئەو داببڕێت. چوونکە ئێستا سەردەمی جیاوازی و سەردەمی هەستکردن بەکەمی نییە. یادی هاتەوە کە تابلۆکەی لەیاد چوو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت. بۆیە فەرمووی:

- ئەی هەناسە شیرینەکانم، بمبوورە ئەی فریشتەی مەزنی جوانی،، داوای لێبووردنت لێدەکەم. بەڵام بەر لەوەی بەتەواوی تێکەڵت بم، دەبێت بگەڕێمەوە، دەبێت بچم تابلۆکەت بهێنم، بۆیە دەبێت بمبووریت. هەروەها ئەم کەمۆڵەیەش دەبێت لەهەمان جێگەدا بنێژم. بەڵام ئەگەر بێت و لێرەدا چاوەڕوانم بکەیت، گەر بتوانیت تا تابلۆکە دەهێنم و دەگەڕێمەوە ـ چاوەڕوانم بیت لێرەدا؛ ئەوسا بۆ هەمیشەیی بۆ یەک دەبین، ئەوسا من دەبم بە تۆو تۆش دەبیت بەمن، ئەوسا تێکەڵی یەکتری دەبین و دەبین بە مەملەکەتی یەکتری، دەبیین بە گیان و سۆزو ئامانج و خۆزگەکانی یەکتری.

دانیالاخانمی پەشمووردە هیچی نەفەرموو، تەنها لێوە لەرزە، بەدەم بەربوونەوەی فرمێسکێکی گەشەوە، تەماشای ئەوی دەکرد... تارماییەکەش لە دوایەوە بەرەو لای دەهات، دلێر دەیبینی، بەڵام پشتاوپشت گەڕایەوە، بەسەر پشتی هەژیهاکەوە بەرەو هەمان جێگە گەڕایەوە کە کوختەکەیان لێ بەجێهێشتبوو.

بەڵام زۆری پێ چوو، ڕۆژێک نا، دوان نا، سیان نا، زۆر، زۆری پێ چوو... دایالخانمی شاعیری مەزن تەنها و تەنها چاوەڕوانی گەڕانەوەی پاڵەوانە ڕزگارکەرەکەی بوو... جا نازانم برەو بە داستانەکەم بدەم! نازانم باسی ئەوەتان بۆ بکەم چی ڕویدا لەو نێوانە کاتییەدا یان نا!؟ ئایا بۆچی دلێر بۆکانی گەڕایەوە؟ مەبەستی لەو گەڕانەوەیە چی بوو؟چۆن

توانیی دانیالای ماشووقەی لەوێ تەنها بەجێ بهێڵێت؟ چۆن دڵی هێنای لەو دابڕێت، بۆ ئەوی لەگەڵ خۆیدا نەبرد؟ ئایا لەو نێوانە کاتییەدا کە کەس، هەر هیچکەس جگە لە هزری من نازانێت چەند شەوو چەند ڕۆژ بوو، دانیالاخانمی تەنها چیی بەسەرهات؟ مرد یاخوود ژیا؟ ئەی دلێر بۆکانی چیی بەسەر هات؟ ئەو کێیە؟ ڕابردووی چییە و چۆن توانیی کەمۆڵەکە بنێژێت تا شوێنەواری تاریکی و شەڕ لەسەر زەمین نەهێڵێت و مرۆڤایەتی بگەیەنێت نە نەجات و ئازادی و ڕووناکی!

لێرەوە من دەچمە ناو دەقی داستانەکەمەوە. ئەی خوێنەری بەڕێز، لێرەوە دەبێت گلۆڵەی ڕازەکانم بۆ تۆ بکەمەوەو گرێی چیرۆکەکەتان بۆ بکەمەوە. بەڵام دەبێت چاوەڕوان بن، هێندەی چاوەڕوانیی دانیالاخانم. چوونکە ئەوەی ڕاستی بێت لەو سەفەرەدا هەندێک شت ڕوویدا. لەو ماوەیەدا کە دلێر بۆکانی ویستی گەڕانەوەی کردە ئامانج، زۆر شت ڕوویدا، لەو کاتەدا کە تارماییە سێبەر شێوەکە، کە گیانی شەڕ و نەحس و نەخۆشی و مەرگ تا دەهات زیاترلە پشتەوە نزیک دەبووەوە و زەفەری بە دانیالا خان دەبرد. جا تاکاتی بیستنی ئەو بەسەرهاتانە ئێوەش مەحکووم دەکەم بە چاوەڕوانی، دەبێت گشتتان وەک دانیالاخانم هاوبەش و هاوخەمی ئەو بن، یان هاوبەش و هاوخەمی دلێر بۆکانی بن... تا ئەوکاتەی من بڕیار دەدەم چیرۆکی بەسەرهاتەکانی نێوانیان دەگێڕمەوە.

چاوەڕوانی کتێبی دووەم بن.